بەشی یەکەم:

لووتکەی سەمای لێواری خەندە

## باوکم، ئەستێرەی ژیانم ٣١-٣٩

چەند قورسە بە سۆزی جاران و بە عەقڵی ئێستا بیرەوەریی منداڵی بنووسیتەوە و ڕووداوەکان شەنوکەو بکەیت، چونکە ئاسان نییە ڕێگە لەوە بگریت سۆز و خەیاڵ بەسەر گێڕانەوەکەتدا زاڵ نەبن، بەتایبەتی بۆ من کە هێشتا تارمایی ئەو قۆناخە بەخۆشی و ناخۆشییەکانیەوە بەسەرمەوەیە و بڕواش ناکەم بەئاسانی لێم ببێتەوە.

هەندێ ڕووداو هەرچەندە گرنگ بن دەکرێ بیربچنەوە، یان لە پەراوێزی گێڕانەوە و یادەوەرییەکان جێگە بگرن، بەڵام لەلای من قۆناخی منداڵی و خانەقین بە تێپەڕبوونی زەمەن هەر ناچنە پەراوێز، بگرە زۆرجار دەبنە ئێستا. یەکێک لەو کارەکتەرانەی تێکەڵ بە ژیانی من باوکمە، ئەو کەسەی تەنیا (١٥) ساڵێک سێبەر و سایەمان بوو، دواتر لە سارایەکی بێ ڕەحمی ژیان جێیهێشتین و دایکمی بۆ ئێمە کردە چەتر و سێبەر و دایک و باوک و هەموو کەس، بۆیە هەمیشە دەڵێم دایکم کۆکەرەوەی هەموو سۆماکان بوو لەیەک سۆمادا!

کات: کۆتایی پەنجاکانە و سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووە.

شوێن: خانەقین و گەڕەکی جەلەوەیە.

باوک : (ئەحمەد سەیفوور ئەمین خوداداد زەهاوی) لە دایکبووی ساڵی (١٩١٠) لە گەڕەکی (حەمیدیە)ی شاری خانەقین، لە ئەسڵدا خەڵکی

زەهاوی ناوچەی ڕێژاو و سوننە مەزهەب بوو، تاوەکوو پۆلی چواری سەرەتایی خوێندبوو.

دایک: (گەوهەر عەلی ئەکبەر قاسم) لەدایکبووی ساڵی (١٩٣٧) لە گەڕەکی (جەلەوە)ی شاری خانەقین، لە ئەسڵدا کەڵهوڕی، شیعە مەزهەب و نەخوێندەوار بوو.

دایکم و باوکم لە ساڵی (١٩٥١) هاوسەرگیرییان کردووە. ئەحمەد سەیفووری باوکم پێشتر دوو ژنی دیکەی هێناوە بە ناوی (زەکیە حەیدەری)، کوڕێک و دوو کچی لێی هەبووە و (جەواهیر عەلی) کە تەنیا کچێکی هەبووە.

سەرەتا دایکم لە حەمیدیەی خانەقین قەفەزی بووکێنی لە ژوورێکی لاچەپ بۆ ئامادە دەکرێت لە ماڵێکی هاوبەش لەگەڵ جەواهیردا دەژین، بەڵام دایکم ماوەیەکی کەم لەوێ دەمێنێتەوە و لە دواییدا لەگەڵ باوکم بۆ هێلانەی جەلەوە دەفڕن و سەرەنجام بووە هێلانەی ئێمەمانانیش.

سەرەتا لەجەلەوە لەماڵی خاڵۆ فەتحوڵڵا کرێچی دەبن و هەوارێک پێکەوە دەنێن، هەر لەوێ من دوای نۆبەرەکەیان (سوعاد)ی خوشکم لە هەمان خانوو لە ساڵی (١٩٥٥) لەدایک بووم، مانگ و ڕۆژی لە دایکبوونم نادیارە، بەڵام دایکم دەیگێڕایەوە لەو ڕۆژەدا لافاو هەستابوو، خۆریش بۆ ناو هێلانەی خۆی فڕی بوو، ئەوکاتە مژدەی لەدایکبوون دەگاتە باوکم و ئەویش دیارییەکی باش بە مژدەڕەس دەدات.

ئەحمەد سەیفوور خوشکێکی گەورەتر لەخۆی بە ناوی (جەمیلە) و برایەکی بچووکتر بە ناوی (محەممەد) هەبووە، لە سەرەتادا هەردوو

برا خەریکی بەقـاڵی دەبن و لەگەڵ خـاڵۆ (حەمیـد) و خـاڵۆ (نەجیم عەرەب) و خاڵۆ (ســـەعدوڵڵا) شـــەریک دەبن، دوایی جیادەبنەوە و هەریەکە دووکـانی خۆی دەبێـت، ســـەرەڕای بەروبوومی خۆمـاڵی زســـتانان خورمای (جەلە) و ســـێو و پرتەقاڵ و مۆزیان لە بەغداوە دەهێنا، هاوینانیش شووتی و کاڵەکی موسڵیان دەهێنا، دووکانی باوکم لە تەنیشـــت دەرگای خـانی (فـایق ئەفەندی) و نزیکی چایخـانەکەی (بەخشی) بوو.

باوکم پیاوێکی سپی، باڵا مامناوەند و تۆکمە و تێکسمڕاو بوو، سەر و سمێڵ ماش و برنجی، ناوشان پان، چاو ڕەشی تا ڕادەیەک قووڵ، برۆ ئەستوور،، سمێڵ هێتلەری، قژزبر و پێشـی سـەر ڕووتاوە، دەسـت و پەنچە ئەســـتوور و خرپن بوو. ئەوکـات دانی کەم لە دەمدا مـابوو، هەمیشە کەواو چاکەت یان دشداشەی لەبەردەکرد، کڵاشی (هەرسینی) ئێرانی لەپێ دەکرد، جامانەی دەبەسـت و قایشـی پان و ئەسـتووری لە ناوقەدی خۆی قایم دەکرد.

مەلەوانێکی بـاش و نـاودار بوو، کە خەڵـک لە ئەڵوەن بەتـایبەتی لە (باوەگەزی) دەخنکان ئەو هەوڵی دەرهێنانی دەدان، توانای ڕاکردن و پشــووی هەناســـە لە بن ئاوی زۆر بوو، دەیتوانی تاوەکوو ماوەیەکی زۆر لە ژێر ئاودا بمێنێتەوە، جاروبار دەهۆڵ و زوڕنای ئامادە دەبوو بۆ (چەمەری) لێدان.

بـاوکم هەر لە منـداڵییەوە فێری مەلەوانیی کردم، لە هـاوینـان منی دەخستە سەر شان و لە قەراخی ڕووباری ئەڵوەن مەلەوانی پێدەکردم، تاوەکوو ئێستاش هەست بە نەرمی و بۆنی تووکی سەر شانی دەکەم،

ئەو بۆنە لە مێشکم ئۆغر ناکات. لەساڵی ١٩٦٢ ئەوکات تەنیا تەمەنم ٧ ســــاڵان بوو، چووین بۆ کەربەلا و نەجەف، لە پردی ئەعزەمییە کە ئەودیوی پردەکە کازمییە بوو، لەناو ئاوی دیجلە مەلەم کرد، دایکم و خوشــــکەکانی دەترســــان، بەڵام باوکم ڕێگەی دام و وتی مەترســــن ناخنکێت.

باوکم پیاوێکی ســەخی تەبیعەت و دڵ و دەروون فراوان و دەســتبڵاو بوو، تاوەکوو حەدی ئیسراف، درێخی لە ماڵ و منداڵی نەدەکرد و چی دەستکەوت و نسیب بووایە سەرفی دەکرد بەبێ ئەوەی بیر لە داهاتوو بکـاتەوە، فەلســــەفەی ژیـانی ئەوەبوو: (ئەمڕۆ بژی، خوا کەریمە بۆ ســــبەینێ) جگەرەکێش بوو، ڕۆژانە دوو پـاکەت جگەرەی لۆکســــی دەکێشا.

باوکم پیاوێکی کراوە و دڵپاک بوو، جاروبار هەمووومانی بە دایک و باوەژن و خوشــــک و براوە دەبرد بۆ ســــینەما، حەزی لە خواردن و دەعوەت و سـەیران بوو، تەنانەت کەسوکار و دراوسـێکانیشـی بێبەش نەدەکرد، بۆیە ئەحمەد سەیفوور بە قسەخۆش و ڕەفیق دۆست و جێی متمانەی خزمان دەناسرایەوە.

ساڵی (١٩٦١) خوشکە گەورەکەمان (مەکییە) خۆی سووتاند، وابزانم یەکەم ڕووداوی خۆکوشــــتن بوو لە خانەقین، کارەســــاتەکە بەهۆی دەمەقاڵی بوو لەگەڵ دایکی لەبارەی منداڵەکانی (دوو کوڕ و کچێک)ی هەبوو، ئیتر دوای ئەو کارەسـاتە باوکم لە شـادی و خۆشـی بێبەش و هەمیشە چاوبەفرمێسک بوو، وای لێهات بە بینینی کچێکی هاوتەمەن و هاوشـێوەی کچە لە ژیان یاخیبووەکەی فرمێسـک سـەر ڕوومەتەکانی

تەڕدەکرد، دوای جوانەمەرگبوونی کچەکەی، مەولوودێکی گەورەی بە قورئانخوێندن و زیکری دەروێشان لە گەڕەکی (تێلخانە) سازکرد.

ڕووداوێکی سـەیر لە ژیانی مندالّیی مندا هەیە، کە ئێسـتاش بیرمە، جاران هەندێ (بەربەر) بە جانتای دەسـتییەوە لە کۆلان و گەڕەکەکاندا دەگەڕان بۆ سەر و ڕیش تاشین و سوننەتکردنی مندالآن.

لە هاوینی سـالّی (١٩٦٠) بەبێ ئاگاداریی باوکم، محەممەد دەلاک، زڕباوکی محەممەد دلگ (دوون کیشۆت)ی خانەقینم بانگکرد بۆ مالّەوە بە زۆری زۆرداری خۆم، دایکم ناچارکرد ڕازی بێت بە سوونەتکردنم، بەبێ ئەوەی بگریم یـان هـاوار بکەم، (محەممەد دەلاک) کـارەکەی ئەنجام دا، ئەمەش بووە داسـتان و وێردی سـەر زمانی مندالآنی گەڕەک، کە چەند ئازا و نەترس و گیان قایم بووم!

دوایی کە باوکم زانیبووی کیسـەیەک چوکلێتی هێنا و هەڵیڕشـت بە سـەرمدا و دایکیشـم هەلهەلەی لێدەدا، منیش وەکوو پالّەوانی تازە لە شـەڕێکی سـەرکەوتوو گەڕاوەتەوە و لەسـەر دۆشـەکی پاشـایی پالّکەوتبووم.

بە منـدالّی بەهۆی هـاروهـاجیم و عەجوولیم سـەرئێشـەی زۆرم درووسـتدەکرد بۆ دایکم و باوکم و نەنکم (هاجەر) قیبلەنومای مالّ و (تاتشـەری) گەڕەک بوو، هەرچەندە ئەو هاروهاجییەم ببووە مایەی سـەرئێشـە بۆ ئەوانی دیکە، بەلاّم جاروبار خۆشـم باجەکەیم دەدا. جارێکیان لەسـەر پردی ئاسنی نێوان هەردوو بەری ڕووباری ئەلّوەن لەگەلّ کوڕێکی ئەوبەری ئەلّوەن بەناوی (سـەفا) بەشـەڕ هاتم، دوای زۆرانبـازییەکی زۆر ئەو دەرەقەتی من هـات و لەسـەر پردەکەوە

هەڵیدامە خوارەوە و کەوتمە کەناری ئاوەکە، سـەر و گوێلاکم شـکا و جەستەشـم زۆر ئەزیەتی پێگەیشـت، چەند ڕۆژێک لەسـەر جێ کەوتم، بەڵام دواتر باوکم لێیان خۆشبوو.

هەر لە درێژەی سـەرکێشـییەکانی منداڵیم لە نزیک ماڵی نەنکم، خاڵۆ (عەبـدە)ی تەنوورچی کە تەنووری گڵی درووسـتـدەکرد، چەنـد هەفتەیەکی دەخایاند تاوەکوو تەنوورێکی تەواودەکرد، منیش کەی لە ماڵەوە داواکارییەکم بۆ جێبەجێنەکرایە، ڕامدەکرد و تەنوورێکی خاڵۆ عەبدەم دەشکاند، ئەو قوڕبەسـەرەش هاواری دەکرد و دەیوت: هاجەر وەرە ئەم بەڵایەم لە کۆڵ بکەرەوە ماڵی وێرانکردم، ئێوارەکەشـی کە باوکم دەهاتەوە و خەبەری بەفیڕۆدانی ڕەنجی خاڵۆ عەبدەی دەبیست بە قایشە ئەستوورەکەی قایشبارانێکی نەرمی دەکردم.

ئەو ماوەیەی کە باسـی دەکەم لە چوار خانووی جیاواز (نزڵ) کرێچی بووین، دوایین خانووی کرێچیمان خانووی (مووسا دێو) بوو کە خاڵی دایکم بوو، لە ژوورێکی درێژی بێ پەنجەرە و بەر هەیوانێکی بچووکدا بووین، لەوسـەری ژورەکەش دۆڵابێکی دوڵـدوڵی هەبوو و چەنـد پێخەفێکی لەسـەر دانرابوو، ڕاخەرێـک و چوارپـایەکی ئـاسـن کە چواردەوری بە پەردەکوولله گیرابوو، وێنەیەکی ئیمـامی عەلی و ئیبراهیمی برا گەورەکەمان بە دیواری ژوورەکەدا هەڵواسـرابوو، بۆ ڕووناکیش فانۆسـێک و چرایەکی لاڵەمان هەبوو، چونکە وەک باسـم کرد بـاوکم هیچ بـایەخی بە نـاومـاڵ نەدەدا، هەموو خەمی خواردن و سەیران و دەعوەت بوو.

یەکەم قۆناخی خوێندنم لە قوتابخانەی (النهضـــــە) بوو، تەنانەت بێ (دەفتەرنفووس) پێناس وەرگیرام، لێرەش هەر هاروهاج، بەڵام زیرەک بووم، بەهۆی زیرەکیمەوە زۆرجـار دەبوومە چـاودێری پۆلەکەش. خوێندن و تەمەنی منداڵیی ئەوکاتم لەسـایەی ئەو ژیانە سـادەیەی ئەو سـەردەمە بە ئاسـایی دەڕۆیشـت تاوەکوو لە ئێوارەی ڕۆژێکی پاییزی سـاڵی (١٩٦٦) تووشــی نەگبەتییەکی گەورە هاتم، بیرمە هەموومان لە حەوشـــەی بەردەم هەیوانەکە لەســـەر حەســـیر و (مەنـدەر) کە دۆشـــەکەڵەیەک بوو، بە قوماشـــی کۆن لە ماڵان درووســـتدەکرا دانیشـــتبووین، باوکم خەریکی ڕیشـــتاشـــین بوو و دایکیشـــم بەدیار پەرەمێزێکی زەردباوی دووکەڵاوی خەریکی لێنانی قوبڵی بوو، لەگەڵ تەواوبوونی ڕیشتاشینەکەی، باوکم بەدەم کۆکەیەکی قووڵ و بەرزەوە بەلاداکەوت و دایکیشم قیژاندی و هاواری کرد، دراوسێکان هاتن و بە شڵەژاوییەوە خەریکی باوکی لە پەلوپۆکەوتووم بوون.

دوای نزیکەی (٥٤) ســـاڵ قەت ئەو دیمەنانەم لەبیر ناچن، چۆن باوکم بەم شـپرزەییە دەیڕوانییە هەمووان و کە گەیشـتە سـەر من چاوەکانی قەتیس مان، لەو چرکەیەدا گۆمێکی قووڵی بێ ئەمان ســـۆمای چاوی باوکمی قوتدایەوە، تێ نەگەیشتم باوکم داوای نەجاتدان و فریادڕەسی لێ دەکردم یان ئەمانەتی بەخێوکردنی دایکمی خستە ئەستۆم!

منیش وەکوو شـــێت هـاوارم دەکرد، دوایی ڕامکرد بۆ لای مـامم لە گەڕەکی حەمیدیە بۆ ئاگادارکردنەوەی، لە گەڕانەوەمدا خواخوام بوو لە دەوری ماڵمان قەرەباڵخی درووســـــت نەبووبێت، بەڵام دیاربوو کارلەکار ترازابوو، لە دوورەوە قەرەباڵخ و شـین و شـەپۆڕەکەم بینی

و بە هاوار و گریانەوە خۆم کرد بە حەوشـەدا و بەدەنگی هەیواشـێرە و بـاوکەڕۆ و لاوانەوەی دایکم وەکوو دێوانەیەک نوقمی دونیـای بێهۆشی بووم!

هەر ئەو شـەوە دوای شـۆردن و کفن کردنی، بەدوای تەرمی باوکی ئـازیزی لەدەسـتچووم و داهـاتووی نـادیـارەوە بەرەو گۆڕسـتـان بەڕێکەوتم، دەسـتێکم بە دەسـتی مامۆسـتا موحسـینی خاڵمەوە بوو بە دەسـتەکەی دیکەش لە سـەری خۆم دەدا و باوکەڕۆم دەکرد، لە گۆڕسـتانی ئیمام عەباس، بە دەنگی " كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ " و " مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَىٰ " هەریەکە مشتێک خۆڵی بەسەر ئەلحەدی قەبرەکەی دەکرد، لەگەڵ هەر مشتێکی ئەوان، مشتێکی ئاگر بەسەر سینەی منیشدا دەڕژا.

بەمەش لە ژیانی منداڵیمدا وێڵ و سـەرگەردان و بێناز کەوتم، چونکە ئەوانەی وەکوو من بە تەمەنێکی نـاسـکی مێردمنـداڵیەوە بێ بـاوک دەکەون، ئەوان لەئێش و ئازاری ئەو کارەسـاتە تێدەگەن، ئیتر ئەو بیرەوەرییانە بوونەتە تارمایی و لێم نابنەوە، بەڵام سەرەڕای نەهامەتی و دەردەسـەری ئەوکاتانە، ڕەنگە فێری ئەوەیان کردبم کە قایمتر و بەهێزتر و خۆڕاگرتر لەبەردەم ڕەشەبای ژیان و ئازارەکانی بووەستم و لە هەویری نەهـامەتی نـانی خۆڕاگری و کـامەرانی و مـانەوە درووستبکەین.

## کوێرەوەرییەکانی ناو تەمەنێکی بێگەرد لا ٤٠-٤٥

لە(٨)شوباتی ساڵی (١٩٦٣) لەگەڵ باوکمدا لە دوکان بووین، لەپڕ بازار شڵەقا و دەنگ و باسی کودەتا بە سەر عەبدولکەریم قاسم بڵاوبوەوە. ئەم هەواڵە وەکوو ئاگر بەر خەرمانێک بکەوێ ئاوا بە خێرایی کەوتە ناو خەڵکەوە و هەمووانی تووشی شۆک کرد و بینیمان بازاڕ بەجارێ شڵەژا.

باوکم دەستی گرتم و وتی: کوڕم زوو بگەڕێوە ماڵەوە، ئێستا (مەنع تەجەول) قەدەغەکردنی هاتوچۆ دەستپێدەکات، منیش دوکانەکەم دادەخەم و دەگەڕێمەوە. بەخێرایی ڕێگای ماڵەوەم گرتەبەر، لە نزیک پردی گەورە کە پێیان دەوت (کوپری گەورە) خاڵۆ مەمانەم بینی دشداشەیەکی قاوەیی خەت خەت و چاکەتێکی شین و شڕی لەبەربوو، بەپێوە ڕاوەستابوو، بە تەنشت مەنجەڵێکی گەورەی شێلمی کوڵاو لە سەر ئاگر و پەیتاپەیتا بە کەوچکی قوڵ، شێلماوە گەرمەکەی دەکردە سەر شێلمەکان و هالاّ و بۆنی لێ بەرز دەبۆوە، لەڕاستیدا من چاوەکانم لەسەر شێلمەکە قەتیس ببوو تامەزروی لەتی شێلم بووم بەڵام پارەم پێ نەبوو بیکڕم، لەو ساتەدا ئەو بەدەنگێکی بەرز هاواری لێ کردم و وتی: ڕاکە زوو بگەڕێوە ماڵەوە لە بەغدا قەوماوە. منیش بەرەو ماڵەوەمان لە گەرەکی جەلەوە دەستم کرد بە غاردان.

بە ماوەیەکی کەم کوپری گەورەم تێپەراند، ئیتر هەستم بە ئاسودەیی کرد و گەیشتمە سەر ڕێگا باریکەکەی گەرەکی خۆمان کە کەوتبووە نێوان باخەکان و ماڵە کۆن و قوڕەکان کە پڕ بوون لە بۆن و بەرامەی

باخەکان و سێبەر ئاوریشمی دارەخورماکان. زۆری نەبرد، گەیشتمەوە ماڵەوە، لای دایکم و دوو خۆشـــک و براکەم کە لە خانوویەکی قوڕی خاڵۆ موســـا دەژیاین، دوای ماوەیەکی کورتیش، باوکم خۆی گەیاندە ماڵەوە.

بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک (مەنع تەجەول) بوو، پیاوان و گەنجان لە شوێنێکدا کە پێیدەوترا (بان جەلەوە) کۆدەبوونەوە و گوێبیستی هەواڵ و جار و باریش گفتوگۆی بێ بنەما و بێ زانیاریان دەکرد لە بارەی کودەتاکەوە. لە گەڕەکەکەمان کەس تەلەفزیۆنی نەبوو، ڕادیوش یەک دوو کەس هەیبوو، ڕۆژنامەش هەر لە خەونیشـــدا نەیانبینیبوو. لە بەرئەوەی پشـتیوانی هەژاران و نانی ئیعاشـەی لە سـەرتاسـەری عیراق هێنابووە کایەوە، خەڵکی گەرەکەکەمان زەعیم عەبدولکەریم قاسمیان خۆش دەویست و بە هیوای سەرنەکەوتنی کودەتاکە بوون.

لە گەڕەگەماندا بەدەر لە ماڵی خاڵۆ (داود) کە باشچاویشی بەردەرگای قائیماقامی خانەقی بوو هەمیشـــە لایەنگری میری و دەســـەڵات بوو، بەڵام لەو ڕوداوەدا لایەنگری عەبدولکەریم نەبوون ئەمەش بووە مایەی توڕەبوونی زۆربەی خەڵکی گەرەکەکەمان بەرانبەریان، بەڵام کاتێک زانرا کودەتاکە سـەری گرتووە و عەبدولکەریم کوللەبارانکراوە و باڵی قەومییە عەرەبەکان زاڵبووە لە عیراقدا، ئیدی ئەوان بوون بە لایەنگری دەســـەڵات و بێ منەت بوون لە هەڵوێســـتی خەڵکی جەلەوە. لەو سـەروبەندەدا حەرەس قەومییەکان باڵادەست بوون، خەڵکێکی زۆر لە ســـەرکردایەتی و کادر و ئەندام و لایەنگرانی حزبی شـیوعی گیران و بەشیکیشیان (ئیعدام) لە سیدارە دران.

من له بەر ئەوەی تۆمــاری لەدایکبوونم نەبوو، ڕۆژی له دایکبوونم ببووه چیرۆکی عەنتەر له ناو بنەماڵەکەماندا، هەر یەکه ساڵ و ڕۆژێکی لەخۆیەوه دەسـنیشــان دەکرد و دەوترا: ســاڵێک دوای فلان کەس یان شـــەش مانگ پێش فلان خزم له دایکبووم، بەڵام دایکم هەر ئەوەندەی دەزانی و بەردەوام دەیوت: عیمـاد له دوانیوەڕۆی ڕۆژێکی بـارانـاوی لەدایکبویت و له ئەڵوەنیش لافاو هەڵسابوو، له فەرمانگەی ڕەگەزنامەی خـانەقی به حوکمی قەرەقوش ڕۆژی لەدایکبوونمیـان کرده (١ / ٧ / ١٩٥٥) و هەتا ئێســـتاش ئەمه بۆته تابۆی ڕەش بەســـەرمدا، دوای دەرکردنی تەسکەره له هاوێنی سـاڵی (١٩٦٣) له قوتابخانەی (نهضــة)، له پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا وەرگیرام.

یەکەم ڕۆژی دەوام به خۆشــییەوه لەگەڵ موحســینی خاڵم چووم بۆ قوتابخانه، ئەو له پۆلی (٦) بوو. لەقوتابخانه له پۆلی یەکەمی سەرەتایی تا پۆلی شـــەشـــی ئامادەیی به بەردەوام به نمره و ئەنجامی باش دەردەچووم، لەگەڵ کاک سەلاح مەهدی و کاک مەحموود مراد هەموو ساڵێک له یەکەمەکان بووین.

هەر لەم قوتابخانەیەدا بووم به برادەر و ئاشـنا و هاوڕێی تەمەن کاک حکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیــار) که ئەو له پۆلی (٤) بوو. له بەر ئەوەی مـاڵمـان له قەراخی ڕوبـاری ئەڵوەن بوو، بـاوکم زوو ئێمەی فێری مەلەوانی کرد و بووم به مەلەوانێکی باش.

پایزی ســاڵی (١٩٦٦) باوکم دونیای جێهێشــت و بەرەو دوامەنزڵگای هەتاهەتایی خۆی سەفەری کرد، ئەوکات من له پۆلی چواری سەرەتایی

بووم، ئەو ســــاڵە بە یەکەمی پۆلەکەم دەرچووم. دوای مردنی باوکمان مامم محەمەد ســـــەیفور بەتایبەتی و دوو کوڕی پورزام لە باوکمەوە ئیســـــماعیل عاکف و ســـــلێمان عاکف یارمەتیان دەداین و ئازاری بێ باوکی و هەژاریمانیان کەم دەکردەوە. هەر لەو ڕۆژگارە نالەبارانەدا دوو خوشــکی ســاوای نازدارم بە ماوەیەکی کەم ژیانی کولەمەرگیان جێهێشت و بوون بە پەپولەی بەهەشت .

بە مردنی باوکم ژیانمان ســــەرتاپا گۆڕا، من لە منداڵێکی بەناز و هاروهاجەوە بووم بە منداڵکی هێمن و گوێڕایەڵ و کاســبکاری خێزان بەیانیان زوو پێش ڕۆشـــتن بۆ قوتابخانە ســـەمونم دەفرۆشـــــت، عەســــرانیش نۆکاو یان پاقلەم لە بەردەم ماڵمان دەفرۆشـــــت، بە هاوینانیش چلورە.

لە پۆلی (٥) ســەرەتایی توشــی نەخۆشــیکی هەناو بووم. کێشــم زۆر دابەزی لەگەڵ ئازارێکی زۆری جەستەم، بۆیە ناچار لە پشووی سەری ســــاڵدا من بە تەنها و بە ســـــواری ســــەیارە نێرنەکەی خاڵۆ کەریم کەشـــــخەدا چووم بۆ بەغدا بۆ ماڵی زڕدایکم لە (ڕاغیبة خاتون) بۆ دکتۆر و چارەســـــەر. بە هیمەت و تەقەلای کاک غازی زڕبرام لە نەخۆشـــخانەی جمهوری لە کەرخ نەشـــتەرگەریان بۆ کردم و چاکبومەوە، نزیکەی (٢٠) ڕۆژ بە تەنها لەوێ مامەوە، لە کاتی نەشـــتەرگەریەکدا دوو شــــەو کاک نەوزاد مەحموود دەربەنفەقرە لام مایەوە، لە دوایدا دایکم هات و بەیەکەوە گەڕاینەوە خانەقی.

ئای کە ئەم ســـەفەرەم بە نەخۆشـــی و بەتەنها و لەو تەمەنەدا چەند قورس بوو بەڵام لە دایکمم دەشــاردەوە بۆ ئەوەی خەفەت نەخوات و

پشـــتی قایم بێت بە تواناکانم. هەرچۆنێک بوو شـــەشـــی ســـەرەتایم تەواکرد، لە هاوینی ئەو ســـــاڵەدا بە هاوکاری هەندێک خزم لە لای وەســـتایەکی بیناســـازی وەک کرێکار دەســـتم کرد بە کارکردن دوایی لەگەڵ وەســـتا عەبدو دەســـتم بە کرێکاری کرد، ئەو پیاوەی بەڕاســـتی ســـەرراســـــت و زەحمەتکێش و میهرەبان و بەوەفا بوو. لەبەرئەوەی منداڵ بووم و بەرگەی کاری قورســـم نەدەگرت، دەبوایە لەســـەر کار خۆم زۆر هیلاک بکەم، بۆ ئەوەی بمبەن بۆ کرێکـاری، ئەو ڕۆژانە گێڕانەوەیان ئاســـان نییە جاروبار لە شـــوێنێکی چەپ و نادیار لە ناو بیناکەدا بە بێدەنگی دەســـــتم دەکرد بەگریان، یان شـــەوان خەوم بە کرێکارییەوە دەبینی، ناچار دایکم بەخەبەر دەکردەوە چاوم پردەبوو لە فرمێســـک و دەموت دایە گیان بێجگە لە ڕۆژ، لەخەوی شـــەویشـــدا هەر کرێکـاری دەکەم، ئەویش دڵی پڕ دەبوو و بـاوش پێمـادەکرد و دەیوت: خوا کەریمە کوڕم، کە گەورە بوون لەم میحنەت و دەردەسەریە ڕزگارمان دەبێت.

دوای چەند ســاڵێک بووم بە(بەننا) یانی وەســتای بیناســازی. بێجگە لە هـاوین لە ڕۆژانی هەینی و پشـــــودانیش کـارم دەکرد، تـا ڕۆژی دەرچوونم لە پەیمـانگـای تەکنۆلوجی. لە ژیـانمـدا زۆر قۆنـاغی جۆراوجۆر و ســەختم بینیوە بە شــیرینی و تاڵیتەکانی و بە خۆشــی و ناخۆشــییەکانیان، بەڵام هیچکامیان بەقەد ئەو ســەردەمە ڕەنگدانەوە و کاریگەری لە ســەر ژیانم نەبووە و بەردەوام بۆتە جێگای شــانازی و خوێندنگای فکر و هۆش و بنیاتنانی کەسایەتیم.

## کورتەباسێک بە تەنیشت ئەڵوەنەوە لا ٤٦-٥١

بەیانی ئازاری ســـاڵی (١٩٧٠) وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی گەلی کوردســـتـان، یەکەمجـار بوو لە کوردستانی باشووردا، کورد بە پێی یاسا ببێت بە خاوەنی بەشێک لە مافەکانی خۆی لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا.

هەرچەنـدە ئەو ڕێکەوتنە بەهۆی تـاکتیـک و مەرامی خراپی ڕژێمی بەعس جێبەجێنەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــــدا بزاڤی کوردایەتی توانی هەنگاوێکی باش بچێتە پێشـــەوە لە ئاســـتی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیشدا ڕۆڵی کاریگەرتر دەربکەوێت .

لەو ســـەردەمەدا خەڵکی عیراق نیمچە شـــنەبای ئارامی هەڵمژی و کوردستانیش بۆ ماوەیەک لە جەنگی کاولکاری ڕژێم و شەڕی ناوخۆ ڕزگاری بوو. ئێمە لەو ســـەروبەندەدا لە جەلەوە بۆ چەند مانگێک لە خانووەکەی خاڵۆ ســـەی جاســـم بووین، خانووەکە (٥) ژووری بە تەنیشت یەکەوە تێدا بوو، بەرهەیوانێکی سەرتاسەری هەبوو، بە چەند مەترێک دوور لە هەیوانەکە باخچەیەکی خنجیلانەی هەبوو. بێجگە لە ئێمە ماڵی کاک قادر لەگەڵ دایکی و باوکی لە ژوورێک لە تەنیشـــت ئێمەوە بوون، ئەمـان لە ئەســـڵا خەڵکی مەندەلی بوون، کـاک قـادر کوڕێکی بێوەی و دڵســـاف بوو، لە گەڕەک پێی دەوترا قادر (ریف) لە بەرئەوەی لە ئاخاوتندا هەندێ وشەی عەرەبی بەکاردەهێنا.

لە دوای دەرچوونی لە پۆلی (٦)ی ئامادەیی، قادر ڕیف هەوڵی زۆری دەدا هەتا لە کۆلیجی سەربازی عیراق وەربگیرێت.

ڕۆژێک کاک قادر بە قات و بۆیینباخ و پێڵاوی بۆیاخکراو و بۆنی قۆلۆنیا، خۆی ئامادەکردبوو بچێت بۆ بەغدا بۆ وەرگرتنی لە کۆلیجی هێزی ئاسمانی عیراق، کاک خالید کە برادەری بوو، دەیخاتە سەر ملی و هەڵی دەگرێت بۆ ئەوەی بیپەڕێنێتەوە ئەوبەری ئاوی ئەڵوەن، لە ناوەڕاستی ئەڵوەندا قادر ڕیف هاوار دەکات و دەڵێت: خالید دامبەزێنە سەرم دەخولێتەوە و خەریکە دەرشێمەوە، خالیدیش دەڵێت: تۆ دەتەوێ ببی بە فڕۆکەوانی سەربازی، کەچی لەسەر ملی من سەرت دەخولێتەوە و دڵت تێک هەڵدێت؟ بۆیە یەک و دووی لێ ناکات و ڕێک فڕیی دەداتە ناو ئاوەکەوە، دوای ئەوە ئینجا بەیەکەوە و بە پێکەنین دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە و قادریش خەیاڵی فڕۆکەوانی لەسەری دەردەچێت.

سەی جاسمی خاوەن خانوو، پیاوێکی لە خواترس و دڵپاک و سەخی تەبیعەت بوو، کەوا و چاکەتی لەبەر دەکرد و کڵاشی هەرسینی لەپێ دەکرد و تەسبیحی یوسری بە قیمەتی هەڵدەگرت. ئەم پیاوە شەیدای هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنا بوو، سەرچۆپییەکی جوان و نایابی دەکێشا، بە جۆرێک حەزی لەو بەزمە بوو هەر کە گوێی لە دەهۆڵ و زوڕنا بوایە، لای خۆیەوە دەستی دەکرد بە هەڵپەڕکێ.

دایکی سەی جاسم ناوی فاتمە بوو، ژنێکی دیار و بەویقاری گەڕەکەکە بوو، زۆر بەسۆز و میهرەبان و ئیماندار بوو، بەردەوام تەسبیحێکی سەد و یەک دەنکیی بە دەستەوە بوو وێردی پێ دەخوێند، جگەرەی (قامیش)ی دەکێشا، جاروبار منی ڕادەسپارد بچم بۆ بازاڕ بۆ دوکانی

خالۆ عەباسی توتنفرۆش جگەرەی بۆ بێنم، هەندێکجار ماچی ئەملاوئەولای دەکردم و (١٠) فلسییەکیشی بەزۆر دەخستە گیرفانمەوە.

شەوی ڕاگەیاندنی بەیانی ١١ی ئازار ئێمە لە ژوورەوە بووین، دایکم دەرگای ژوورەکەی قایم داخستبوو، گوێمان لە دەنگی هەورە تریشقە و نمەنمی باران بوو، لە پڕدا دەنگی تەقەیەکی یەکجار زۆر بە چەکی جۆراوجۆر تێکەڵ بە دەنگ و هاواری خەڵک، ئاسمانی دەرەوەی تەنییەوە، دایکم زۆر دەترسا و نەیهێشت دەرگای ژوورەکە بکەینەوە و بزانین چی قەوماوە، بەزۆر ئێمەی خستە ژێر لێفەوە. بەیانی کە ڕۆژ بۆوە و دەرگای ژوور کرایەوە و چووینە دەرەوە، ئینجا زانیمان بەیانی ئازار دراوە و زۆربەی خەڵک لە دەرەوە بووە و بەشداریی ئاهەنگی خۆشی بوون و پشتیوانیی خۆڕسکانەیان بۆ بەیاننامەکە دەربڕیووە.

چەند ڕۆژێک پشووی ڕەسمی بوو، بۆ ماوەیەک دەوامی قوتابخانەکەمان تێکچوو، هەموو ڕۆژێک خوێندکاران دەهاتنە دەرەوە و دەچوونە سەر جادە و هاواریان دەکرد (بژی کورد و کوردستان. .. مەلا مستەفای بارزان....کوردستان یان نەمان)، من ئەوکات لە پۆلی (٣)ی ناوەندی بووم. ئەو ساڵە خوێندکارە تەمبەڵەکان بە تەمای (زحف) بوون، واتا دەرچوون و سەرکەوتنی گشتی بەبێ تاقیکردنەوەی کۆتایی بۆ هەموو پلەکانی خوێندن، بەڵام ئەم خەیاڵەیان سەوز نەبوو، چونکە پێشتر لە کاتی سەرکەوتنی کودەتای عەبدولکەریم قاسمدا ساڵی (١٩٥٨) بڕیاری (زحف) دەرچووبوو، ئەمەش بووە مایەی

تێکچوونی سیستمی خوێندن بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەرانسەری عیراقدا.

دوای بەیاننامەی ئازار، پێشمەرگە دابەزی بۆ ناو شار و پارتی یەکەم بارەگای لە گەڕەکی مەزرەعە بە ناوی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان کردەوە، یەکەم لێپرسراوی ناوچەش دکتۆر غوڵام بوو، ئینجا جەلیل فەیلی و دواجار حەیدەر عەبد عەلی کە لە دواییدا ئاشکرا بوو، سیخوڕیی بۆ ڕژێم کردووە و بوو بە بەڕێوبەری گشتیی کاروباری کۆمەڵایەتی لە بەغدا.

ئەو ساڵە ئاهەنگی نەورۆز لە خانەقی زۆر جیاواز بوو لە ساڵەکانی تر، بە ئاگر و سروودی نیشتمانی و پیاهەڵدان بە پارتی و بارزانی و پێشمەرگە، شایی و ڕەشبەڵەک لە زۆربەی گەڕەکەکانی شار بەڕێوەچوو. لەو ڕۆژگارە خۆشەدا، منیش کەوتمە ناو دەریای عەشق و دڵدارییەوە، وەکوو قەقنەسێک فڕیم بەرەو ئاسمانی (الحب العذري). ئای چەند کاغەزی سپیم ڕەشکردەوە، حاڵەتێکی تایبەت و دەگمەن ڕووی تێکردم و یەکەمجاریش بوو لە ژیانمدا هەرچەندە ئەو عەشقە عەشقێکی یەکلایەنە و بێ ئاگاداری مەعشوق بوو.

بێجگە لە پارتی وەکوو حزب، سێ ڕێکخراوی فراوان و بەهێز لە شارەکەدا دەرکەوتن، لقی یەکێتیی ئافرەتان، لقی یەکێتیی قوتابیان و لقی یەکێتیی لاوانی کوردستان، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، ئەندامانی کۆمەڵە لە ژێر چەتری لقی لاواندا بە نهێنی کار و چالاکیی هونەری و ڕۆشنبیریی و ڕێکخراوەیی خۆیان دەکرد. لە هاوینی هەمان ساڵدا دکتۆر مەحموود عوسمان بە نوێنەراتی بارزانی سەردانی خانەقی کرد

و له بەردەم بارەگای ناوچەی پارتی وتارێکی خوێندەوە، جەماوەرێکی یەکجار زۆر ئامادەبوون، لەو ماوەیەدا ڕژێم بە بیانووی ترس لە ئێران، بە جەیش و مەعەسکەر و ڕەبایە چواردەوری خانەقی تەنیبوو، ئەمەش بوو بە مایەی بێزاری، بەتایبەتی خەڵکی دێهاتەکانی دەوروبەری خانەقی.

هەر لەو سەروبەندەدا هەڤپەیڤینێکی کراوە بە زمانی عەرەبی لە بەرانبەر ماڵی قایمقام بۆ خەڵکی خانەقی سازکرا (نەعیم حداد) نوێنەری حزبی بەعس و (تەها شکرچی) نوێنەری جەیش و مامۆستا (ئیبراهیم خەیات) نوێنەری پارتی بوو، لەو هەڤپەیڤینەدا وتار و سیاسەت و ئاراستەی سیاسی بەعس و پارتی جیاواز بوون، خەڵک بەڕوونی هەستیان پێدەکرد و هەموویان بە چەپڵە و پیاهەڵدان پشتیوانیان لە قسەکانی نوێنەری پارتی، مامۆستا ئیبراهیم خەیات دەکرد .

دوای نسکۆی ساڵی (١٩٧٥)، سیاسەتی (تەرغیب) و (تەرهیب) و (تەرحیل) و (تەعریب) بە خەستی دەرحەق بە کوردی خانەقی جێبەجێکرا و بەعس هەوڵیدا شوناسی کوردستانیبوونی خانەقی بسڕێتەوە، ئەمەش بووە مایەی لە دایکبوونی دوانەیەکی تەواو جیاواز و لە یەکنەچوو، دوانەی زوڵم و داپڵۆسین، لە بەرانبەریشدا خەبات و بەرەنگاری، لە خانەقی لە سایەی زەبروزەنگی بەعس لەبری ترس و تەسلیم بوون، بوێری و گیانی بەرگریی و کوردایەتی جۆشی دەسەند، بۆیە لە خەباتی قۆناغی داهاتوودا، خانەقی بۆ کوردایەتی بووە کوانویەکی گڕگرتووی شۆڕش و پێشمەرگایەتی.

## ڕۆژژمێری تاڵ و ڕۆژگاری سەختی خەبات لا ٥٢-٥٨

بەیانی ئازاری ســــاڵی (١٩٧٠) ئومێدێک بوو بۆ کومەڵانی خەڵکی کوردســـتان کە چاوڕان بوون بەهۆیەوە بە ئاشـــتی و دادپەروەری و خۆشـــگوزەرانی بگەن، بەڵام بەداخەوە لە مـاوەی دیـاریکراو بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکە، دەسەڵاتدارانی بەعس پەشیمانبوونەوە و کەوتنە پیلانگێڕی و داپڵۆسـین و تیرۆرکردن، تا گەیشـتە ئەو ئاسـتەی هەوڵی تیرۆکردنی سەرۆکی پارتی و ڕێبەری شۆڕشەکە مەلا مستەفا بدەن .لەم سۆنگەیەوە نێوانی سەرکردایەتی پارتی و شۆڕشی ئەیلول لەلایەک و دەســەڵاتدارانی بەعس لەلایەکی دیکەوە ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبوو.

ســــەرەتای ســـاڵی(١٩٧٤) گفتوگۆی نێوان بەعس و پارتی گەیشـــتە بنبەســت و ڕۆژنامەی (التآ خي) زمانحاڵی پارتی و ڕۆژنامەی (الثورة) زمانحاڵی بەعس ســروشــتی ململانێکان و ناکۆکییەکانیان بە ئاشــکرا خســتەڕوو و هەردوولا هێرشــیان کردە ســەریەکتری. پارتی نائومێد بوو لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی ئازار، بۆیە ناچاربوو جارێکیتر ڕێگەی شـۆڕش و خەباتی چەکداری بۆ بەدەسـتهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان بگرێتەبەر.

کۆمەڵە لەو سەردەمەدا پشتیوانی لە شۆڕش دەکرد و بە شۆڕشێکی ڕەوای دەزانی بۆ هێنانەدیی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، خۆشی بە بەدیلی پارتی نەدەزانی بۆ ســـەرکردایەتیکردنی شـــۆڕش، چونکە سـەرکردایەتی کۆمەڵە بڕوای وابوو کە بنچینەی شـۆڕشـی کوردسـتان

شۆڕشێکی نەتەوەیی و دیموکراتییە و قۆناغێکە لە قۆناغەکانی خەباتی بۆرژوازی، بۆیە پێویستە ئەرکی خۆی تەواو بکات. سەرئەنجام ئەمەش هۆکارێک بێت بۆئەوەی کۆمەڵەش خۆی ئامادە بکات بۆ قۆناغێکی دیکە کە شۆڕشی سۆشیالیستییە، بەدەر لە ڕاستی و ناڕاستیی ئەو دید و بۆچوونە، ئێمە دەرویێشی ئەو ڕێبازە بووین!

لە سەروبەندی (١١/ئازار/١٩٧٤) پارتی و لایەنگرەکانی و ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە کۆمەڵانی خەڵک شارەکانیان بەجێهێشت و پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد.

ئێمەش وەکوو ئەندامانی کۆمەڵە لە خانەقی لەگەڵ خەڵکەکە چووینە دەرەوە لە دێهاتەکانی نزیک سنوور دابەشبووین، دوای ماوەیەکی کورت لە ترسی هێرشی دوژمن بە بڕیاری شۆڕش لە ڕێگەی سەرتەک و سەرشاتەوە لەگەڵ خەڵکەکە چووین بۆ هەڵەبجە و دابەشکراین بەسەر ماڵاندا.

ڕۆژێک دوای بۆردومانکردنی قەڵادزێ، فڕۆکەکانی ژڕێم لە ئاسمانی هەڵەبجە دەسووڕانەوە بۆ (استطلاع) ئەمەش زەنگێگی مەترسیدار بوو بۆ بۆردومانکردنی شارەکە، شەوەکەی زۆربەی خەڵک شاریان چۆڵکرد و بەرەو دێهاتەکان ڕۆیشتن، ئێمەش وەکوو خەڵکی خانەقی لە دەوروبەری دێی (عەنەب) ماینەوە. بۆ ڕۆژی دوایی فڕۆکەکانی بەعس هاتن و بە خەستی هەڵەبجەیان بۆردومانکرد. کە شەهید و بریندارێکی زۆری لێکەوتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی تاڕادەیەک شارەکە چۆڵکرابوو، زیانەکانی کەمتر بوو لەچاو زیانەکانی قەڵادزێدا.

لەم ســـــەروبەندەدا زۆربەی ناوچەکانی کوردســــتان بوونە ئامانجی بۆردومانکردنی ڕژێم، بۆیە ناچاربووین جارێکیتر بە هەمان ڕێگەدا کە پێیدا ڕۆیشتبووین بگەڕێینەوە بۆ دێهاتەکانی خۆمان لە خانەقی. لەگەڵ گەڕانەوەمـان، بـارەگـای لقی لاوانمـان لە گونـدی (مەحموود قەجەر) کردەوە، لەڕاسـتیدا گوندی مەحموود قەجەر لەو ڕۆژانەدا لە گەرمیان، وەکوو پایتەختی ناوچەکە وابوو، بێجگە لە لقی یەکێتی لاوان، دادگای خـانەقی و قـایمقـامیەتی خـانەقی و کەلار و کفری و فرۆشـــگـای شـۆڕشـیشـی تێدابوو، لقی پێنجی پارتی و هێزێکی پێشـمەرگە و ئێزگە لە (باوەهای) بوو.

ئەندامانی لقی لاوان پێکهاتبوون لە کاک محەمەد سـایخان لێپرسـراوی لق و مەلا بەختیار جێگری لێپرســـراو، ئەندامانی لقیش مامۆســـتا جەعفەر و کاک عەلی شامار و کاک ئیبراهیم حەسەن باجەلان و بەندە بوون.دوای ماوەیەک کاک سـەلام عەبدولڕەزاق بە برنەوێکی وەسـەت و جلێکی خاکییەوە خۆی گەیاندە لامان.

هەر لەو سـەردەمەدا ئێمە لە چوارچێوەی هەرێمی (باوەڕ)ی کومەڵەدا چالاکیمان دەکرد، ئەندامانی هەرێمەکەش پێکهاتبوون لە مەلا بەختیار و مامۆستا جەعفەر و کاک سەلام عەبدولڕەزاق و کاک عەلی شامار و بەندە.

جـارێک لەگەڵ مەلابەختیـار لە گونـدی مەحموود قەجەرەوە بە پیـادە دابەزینە ناو شــاری خانەقی بۆ کاری ڕێکخســتن، لە ماڵی کاک فازیل عەباس غەزال لە (جەلەوە) ماینەوە.

ئێمە لە گونـدی مەحموود قەجەر لە ڕێگەی لقی لاوانی خـانەقییەوە خەریکی خولی نەهێشــتنی نەخوێندەواری بۆ خەڵکی گوندەکە و خولی ڕۆشبیریئ بووین بۆ لایەنگرانی کۆمەڵە و پەیوەندییەکی زۆر باشمان لەگەڵ جووتیارانی ناوچەکەدا هەبوو، بە تایبەتی ئەو ماوەیە کە کاک نەریمـان مەحموود لامـان بوو، جەولەی زۆر بـاشـــــی لە گوندەکانی ناوچەکە دەکرد.

بارەگای لاوانمان وەکوو کاروانسەرای لێهاتبوو، لەو ڕۆژانەدا مامۆستا محەمەد سەعید و مامۆستا ئیبراهیم حسێن جواد لەگەڵماندا دەژیان .

بۆ ژیانی ڕۆژانە سـسـتمێکمان لە ناوخۆماندا پەیرەو دەکرد، مووچەی هەموومـان کۆدەکرایەوە، دابەش دەکرا بەســـــەر خەرجیی ڕۆژانە و یارمەتیی هەندێک خەڵکی هەژار، کاروباری ناو بارەگاش دابەشکرابوو بەســـەر هەمووماندا، بێجگە لە کاک محەمەد ســـایەخان کە تەمەنی لە ئێمەمانان گەورەتر بوو. کەسـمان حیمایەمان نەبوو، تەنانەت بارەگاش پێشمەرگەی نەبوو.

عەبدەڵ شـــــێتێکی بێوەیی گوندەکە بوو. بەڵام بەردەوام لەبەرخۆیەوە هـاواری دەکرد، ڕۆژانە دەهـات بۆلامـان و بە دەنگێکی بەرز هـاواری دەکرد بژی پێشمەرگە.

کە هـاوین هـات، چووینە دەرەوەی گونـدەکە، لە (قەڵوەزە) مەنزڵگەی خۆمان دانا، لە ئەشـــکەوتێکی بەردەڵانیدا کە ئاوێکی ســـوێری وەکوو تاڤگە لە ســــەرییەوە شـــۆڕ دەبۆوە بۆ خوارەوە. لەو ڕۆژانەدا چەند جارێک کاک سیروان تاڵەبانی سەردانی کردین .

ئاوارەکانی خانەقی زۆربەیان بران بۆ ئۆردوگای (ئەنزڵ) لە تەنیشـــت (کەل داهوو)، مەزارگەی کاکەییەکان کە نزیکی ســــەرپێڵی زەهاو بوو، لە هاوینیش گواسـترانەوە بۆ ئوردوگای (سـەرمیل) کە دەکەوێتە نێوان سەرپێڵی زەهاو و کرندا.

تاقیکردنەوەی سەری ساڵی (بەکەلۆریا )لە سەرمیل بوو، بە ڕێکوپێکی بەڕێوەچوو، منیش یەکەم جار شەشی ئامادەییم لەوێ تەواوکرد.

ڕووداوێکی دڵتەزێن، دڵتەنگ و غەمباری کردین، کاتێک کاک کامیل فەتاح دەڵۆیی برادەرمان لە زماوەندەکەی خۆیدا بە تەقەی خۆشــــی شــەهید بوو! بەمەش شــین و شــایی تێکەڵ بەیەک بوون، ئەو ڕوداوە دڵتەزێنە بۆ ئەبەد ئەو دو دڵەی لەیەکتری جیـاکردەوە و زاوا لەبری چونە ناو کەژاوەی ژیانێکی نوێ لاشــەی ســاردی بەرەو گۆڕســتانی مەحموود قەجەر بەرێکراو لەوێ بەخـاکســـپێردرا و بووکیش بەدڵی شــکاو و بەختی ڕەشـــەوە و بە نامرادی بەرەو ماڵی باوکی لە هەمان دێ گەڕێندرایەوە.

لەو ڕۆژگارانەدا لە هەمووی ســــەختتر و دژوارتر و کارەســـاتبارتر ڕۆژی بـڵاوبـوونەوەی ڕێـکەوتـنـنـامە شـــــومەکەی جەزائـیـر و هەرەسپێهێنانی شۆڕشی کوردستان بوو لە سـەرەتای مانگی ئازاری ساڵی(١٩٧٥) دا.

ئاخر بەڕاستی ئەو ڕۆژانە ئێجگار سەخت و دژواربوون کە دەمانبینی: شۆڕشێک لەخاچ دەدرێت !

ئومێدی نەتەوەیەک بەر ڕەشەبای هات و نەهات دەکەوێت!

پێشمەرگە، بازووی میللەتێک بە زیندوویی دەمرێت!

بڕوام وایە هەرەسی مرۆڤەکان لە هەرەسی شاخەکان ترسناکتر بێت! مرۆف هەرگیز ناتوانێت تراژیدیای ئەو ڕۆژگارە شـــــوومە لەبیربکات، کە چۆن خەڵکی چەوسـاوەی کوردسـتان وەکوو ئاسـکەکانی گەرمیان کەوتنە بەردەم گەلەگورک و ئـاواتی میـللەت کەوتە بەر چەقۆی جەللادەکان!

ئیمە لەو ســــەروبەندەدا وەکوو هەرێمی باوەڕ لەگەڵ کاک ســــیروان تاڵەبانی بە تەمابووین بەردەوامی بە شـۆڕشـەکە بدەین لە ناوچەکەی خۆمان. بۆ ئەو مەبەســــتەش هەندێ ئامادەســــازیمان کرد وەکوو کۆکردنەوەی چەک و تەقەمەنی و بە تەمابووین دەســتبگرین بەســەر ئەو ئیزگەیەی کە لە باوەهای بوو، بۆ ئەو مەبەســتە پەیوەندیمان کرد بە خەڵکانی وەکوو ملازم جوامێر و کاک عەبدولڕەحمان زەلگە و شێخ مەحەمەد شاکەلی و ملازم عەلی و سەید قادر جەباری. ..هتد. هەر لەو ســەروبەندەدا مەلابەختیار ســەردانی پێنجوێنی کرد و لەوێ چاوی بە ســــەرکردایەتیی کۆمەڵە کەوتبوو، ســــەرکردایەتی کۆمەڵە لە جیاتی مـانەوە و بەردەوامی بە شـــۆڕش، بڕیـاری گەڕانەوە بۆ شـــــار و ئامادەسازی بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێیان دابوو لەسەر بنجینەی تیۆری زانستی و شێوە خەباتی جیاواز. ئەوەبوو هەموومان گەڕاینەوە. بۆ ئەو مەبەستە کەوتینە خۆ ئامادەکردن و ڕێکخستن و کاری سیاسی لە بەغدا و خانەقی و گەرمیان و ســـلێمانی لە چوارچێوەی هەرێمی (پێشڕەو)دا.

ڕێکەوتی (١٩٧٥/٦/١) بە دەســـــپێشـــــخەری و هیممەتی مـام جەلال، یەکێتیی نیشـــتمانیی کوردســـــتان لە دەرەوەی وڵات دامەزرا، ئەمەش بووە بارانی ئومێد و هیوای تێکۆشـــان بۆ خەڵکی کوردســـتان و دوای ساڵێکیش چەخماخەی شـۆڕشـی نوێ ئاسـمانی کوردسـتانی لەدوای شەوەزەنگی شکست ڕووناک کردەوە.

## خانەقین و نافەرمانیی مەدەنیی ساڵی ١٩٧٢ لا ٥٩-٦٤

## خانەقی و (عصیانی) مەدەنی ساڵی(١٩٧٢)

سـەرەتای سـاڵانی حەفتای سـەدەی ڕابردوو، بەهۆی سیاسـەتەکانی بەعس لە تۆقاندن و داپڵۆسـینی خەڵک و جێبەجێکردنی سـیاسـەتی (تبعیث)و (ترهیب)و(ترغیب) دۆخی خانەقی ڕۆژ دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبوو، ململانێی نێوان بەعس و کۆمەڵانی خەڵکی شـارەکە قوڵ و فراوان دەبوو .

هاوینی سـاڵی (١٩٧٢) لەئەنجامی بەردەوامی سـیاسـەتی دڕندانەی بەعس بە ڕۆژی نیوەڕۆ و بە بەرچاوی خەڵکەوە ژمارەیەک ئەمن کاک ( سـەعدەدین ئیبراهیم سـەڕاف) لە نزیک گەراجی (سـەعدی) شـەهید دەکەن و کاک (فەیزوڵڵا) کە سـایەق تەکسـی بوو دەیەوێت بیبات بۆ خەسـتەخانە، هەر لەوێ ئەویش شـەهید دەکەن، هەروەها کاک عەلی گەنجێکی قۆز و بێ تاوان بوو، فیشـەکێک بەر شـانی دەکەوێت، بە خەسـتی برینـدار دەبێـت و لە خەسـتەخـانەش بەو هۆیەوە قۆڵی دەبڕنەوە، بەم ڕوداوانە شـاری خانەقی ورووژا و خەڵکەکەش تووڕە بوون و هەڵچوون دەسـەڵاتیش هێزی خۆی زیاتر و قایمترکرد لە ناو شاردا .

ئەمە بووە مایەی بێزاری زیاتری خەڵکی خانەقی و سەرەنجام ناوچەی پارتیش بانگەشـەی نافەرمانی مەدەنی کرد و زۆربەی پیاو و گەنجی خانەقی چوونە دەرەو و بەسەر دیهاتەکانی خانەقیدا دابەش بوون.

ئێمە وەکوو دانیشـــتوانی گەرەکی (جەلەوە) ئێوارەی هەمــان ڕۆژ بەپیادە لە شـــار دەرچووین و بۆ دێی پەروێزخان بەڕێکەوتین، لەوێی مـاینەوە و دابەش کراین بە ســـەر مـاڵەکـانـدا، لەگەڵ مـامۆســـتـا (موحســـین)ی خالْم و کاک (مەحموود ســـایەخان) بەیەکەوە کەوتینە ماڵێکەوە، سـێ ژەمە خواردنمان لای ئەوان بوو شـەوانیش هەموومان لە نزیـک مزگەوتەکە کۆدەبوینەوە بە گۆرانی و قســـەی خۆش شـەوەکەمان بە سـەر دەبرد بە هۆی گەرما و مێشـولەشـەوە بەهەزار حاڵ خەومان لێدەکەوت.

ڕۆژ لە ژێر سـێبەری درەختەکانی باخی شـێخ حوسـین و نزیک جۆگە ئاوی دێیەکە کە ببووە ســنووری دەســتکردی ئێران و عیراق، کاتمان بەسەردەبرد.

لەو ســـەردەمەدا کاک (جەلیل فەیلی) لێپرســـرای ناوچەی پارتی بوو، عەسرانێک هات بۆ دێکە و هەموومانی کۆکردەوە لە نزیک مزگەوتەکە، دەربارەی بارودۆخەکە و هاتنی سـەیدا (سـالْح یوسـفی) بۆ خانەقی بۆ چارەســەرکردنی کێشــەکە، قســەی بۆ کردین، هەر لەوێ لەگەڵ کاک (سـەلام عەبددلڕەزاق) کە لەگەل براکانی هاتبوونە دەرەوە ئاشـنایەتیم پەیدا کرد، کاک سـەلام گەنجێکی ئازا و ڕەوشـت بەرز و لەسـەرخۆ و زیرەک بوو و ئەنـدامی نـاوچەی یەکێتی لاوانی خـانەقی بوو، زوو ســـەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشـــا و بووین بە هـاورێی و پەیوەندیەکـانمـان بەردەوام بوو تـا ڕۆژی لە ســـێدارەدانی لە (ئەبو غریب) لەگەڵ هاورێیانی هەڵۆی سـوور لە بەغدا ئەو ئەندامی کۆمەڵەی

مارکسی لینینی بوو لە ژێر چەتری لقی یەکێتی لاوانی کوردستان لە خانەقی چالاکی دەکرد.

خەڵکەکە زیاتر لە دوو هەفتە بەردەوام بوون لە (عصیانی مدنی) بەڵام هیچ ناوچەیەکی تری کوردستان پشتیوانیەکی ئەوتۆ لە (عصیانی) مەدەنیەکەی خانەقی نەکرد، لەبەرئەوەی ئەم شێوە نارەزایەتیە شارەکانی دیکەی نەگرتەوە، دەسەڵاتیش بە پیر داخوازیەکانی خەڵکی خانەقی نەهاتن و هیچ ئامادەبوونێکیان نیشان نەدا بۆ لێپرسینەوە لە تاوانباران و چارەسەرکردنی هۆکاری ڕوداوەکە، بۆیەناچار دوای (١٦)ڕۆژ بە بێ ئومێدی و بێ هیچ دەسکەوتێک بە فەرمانی ناوچەی پارتی گەڕاینەوە بۆ شار. ئەمە یەکەم شکستی کەمەرشکێن بوو بۆ خەڵکی خانەقی بەرانبەر بە ڕژێم ئیتر بەعس زاڵ و هار و سوورتر بوو لە جێبەجێکردنی سیاسەتی شۆڤێنی خۆیان دەرحەق بە خەڵکی بێ تاوانی شارەکە.

لەو سەروبەندە لەرێگای مامۆستا (نازم سەید جاسم)ەوە بووم بە ئەندامی یەکێتی لاوانی کوردستان لەو ماوەیەدا بەشداریم کرد لە خولی ڕۆشنبیری کە کاک (نەریمان مەحموود) سەرپەرشتی دەکرد و لەلایەکی تریشەوە لە ئەڵقەی ڕۆشنبیری کۆمەڵە لای کاک سەلام عبدولرەزاق ڕێکخرابوم، لە بەر چالاکی و وریایی و ئاستی ڕۆشنبیری بوم بە ئەندامی لقی یەکێتی لاوانی خانەقی.جێی خۆیەتی لێرە ڕۆڵی کاک نەریمان مەحموود بەرز بنرخێنین لە پەروەردەکردنی ڕۆشنبیری و بیری چەپ بە تایبەتی بیروباوەر و ئەندێشەی (ماو)لە خانەقی کە بوو بە بنچینەی گەشەکردنی کۆمەڵە لەو دەڤەرەدا.

تا ئێستاش قسەیەکی بە نرخی ئە پیاوەم لە بیرە دەیوت:( ئێمە هەوڵ دەدەین فەقیر ببێ بە دەوڵەمەند نەک دەوڵەمەند بکەین بە فەقیر....!)

سەرەتای پایزی ساڵی ١٩٧٣، لە ڕێگای کاک حیکمەت محەمەد کریم (مەلا بەختیار) دوای مشتومڕێکی زۆر بە دەم پیاسەی ئێوارانی سەر جادە دڵفرینەکانی خانەقی، قەناعەتم هێنا و بوم بە ئەندامی کۆمەڵە بە ناوی نهێنی (هەژار)، ئەو ئەندامانەی کۆمەڵە کە ڕۆڵی باشیان هەبوو لە ناو لقی یەکێتی لاوانی خانەقی بریتی بوون لە ( نەریمان مەحموود و حیکمەت محەمەد کەریم و فازل کەریم و موحسین عەلی ئەکەبر و سەلام عبدالرزاق و عەلی شامار و سەلاح حسنی و بەندە) هەندێ جاریش کاک مەجید غاندی و کاک جەبار فەرمان سەردانی لقی لاوانیان دەکرد.

ماوەیەک کێبەرکێ کەوتە نێوان لقی لاوان و لقی قوتابیان لە خانەقی، کاک (جەمال وەفیق) ئەندامی کۆمەڵە بوو بە پێکەنینەوە دەیوت: با هەڤپەیڤینێک لەگەڵیان سازبکەین، کاک حیکمەت بکەین بە گژیاندا، بە بیلا بە پڕۆلیتاریا و میتافیزیق و دیالکتیک ئەیانبەزێنێت و چاویان کوێر دەکات!

کاک جمال سەرەڕای ئەوەی مەلەوانێکی باش بوو بەڵام بەداخەوە لە ئاوی ئەڵوەن خنکا.

لەو ماوەیەدا توانیم ژمارەیەکی باش لە گەنجانی خانەقی بۆ یەکێتی لاوان ڕێکبخەم لە دوایشدا بەشێکیان لە ئەڵقەی ڕۆشنبیری لای خۆم بوون و زۆربەیان بوون بە ئەندام و کادری پێشکەوتووی کۆمەڵە،

هاوڕێ (حەمید ئەکبەر)ش بوو بە ئەندامی هەڵوی سوور. حەمید ئەکبر گەنجێکی ئازا، چاونەترس بوو لەهەمانکاتدا بەرەوشـــــت و بەوەفاش بوو، ئێمە ڕوحێک بووین لە دوو جەســـتەدا زۆربەی کات لە خۆشـــی ناخۆشـــییەکاندا بە یەکەوە و پشـــت و پەنای یەک بووین و گیرفانمان یەک بوو، ئەوەندە نزیک بوین دەتوانم بڵێم دوای لە دەسدانی ئەو، هیچ کەسێک لە ژیانمدا جێی ئەوی پرنەکردۆتەوە.

لەو سـەروبەندەدا بێجگە لە خوێندن و کار وچالاکی سیاسـی خەریکی وەرزش بوم بە تایبەتی تۆپی پێ کە لە خانەقی پێمان دەوت تۆپتۆپان، ئەم یارییەلە خانەقیدا یارییەکی ســـــەرەکی بوو، ئێمەش وەکوو بنەماڵە ســــەرەتا خاڵم ســــەعدوڵا و ئینجا خاڵم موحســــین و لە دواییدا بەندە لەبەرئەوەی یـاریزانی بـاش بووین لە تیپەکەی جەلەوە وەکوو کـاپتن هەڵسوکەوتمان دەکرد، کاک ئیبراهیم میرعەلی برادەرمان بە توانجەوە دەیوت: ئەمانە بوونەتە(ئال بۆربۆن)ی جەلەوە.

وەرزی هاوینی ساڵی(١٩٧٣) بە (٦) زنجیرە کاک فازل کریم (مامۆستا جەعفەر) لێکۆڵینەوەیەکی نایابی بە ناونیشـــانی (خانقین خلال ڕبع قرن ١٩٠٠-١٩٢٥) بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی (التأخی) بڵاوکردەوە، لە سـەر ڕۆڵی خەڵکی خانەقی لە شـۆڕشـی سـاڵی (١٩٢٠). ئەم نووسـینە بوو بە یەکێک لە ســـەرچاوەکانی ئەو شـــۆڕشـــە و ئەو ڕاســـتیەشـــی سـەلماند کە خانەقی شـارێکی کوردسـتانیە کە بووە مایەی شـانازی و دڵخۆشی خەڵکی شارەکە.

من لێرەوە دو پاتی دەکەمەوە چەند قەرزاری دایک و باوکمم بەوەی منیان هێناوەتە دونیا و لە ژیاندا بە شــــەرەف و مەردایەتی بەخێویان

کردین، ئەوا دەتوانم بڵێم بە تەنیشـــــت پەروەردەی ئەوانەوە قەرزاری کۆمەڵە و یەکێتیم، ئەو ڕێکخراو و هێزەی منیــان بە بیری چەپ و کوردایەتی گۆش کرد و فێریان کردم کە چۆن بە ئیمان و ئیرادەوە لە کۆڕی خەباتێکی بێوچاندا بم لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان.

## دیمەنێک لە شەوەزەنگی شکست و ڕۆژگاری هەستانەوە لا ٦٥-٦٩

مانگی ئازاری ســـاڵی (١٩٧٥) شـــۆڕشـــی ئەیلول وەک گەورەترین شۆڕشی گەلی کوردستان توشی هەرەس هات. دوای ماوەیەکی کەم لە نوشـــســـتی شـــۆڕش کۆمەڵەش بە هۆی ئاشـــکرابوون و گرتن و زیـنـدانـیـکـردنـی زۆربەی هەرەزۆری ســـەرکـردایەتـی و کـادرە پێشـــکەوتوەکانی توشـــی شـــکســـتێکی کاتی بوە وە. لەگەرمەی ئەم شکست و نوشستەی کۆمەڵە بە کۆشش و دەسپێشخەری کاک ئارام و هاورێکانی لەوانە (شـــەهید ئازاد هەورامی، کاک ســـالار و مەلا بەختیار ) کۆمیتەی هەرێمەکان وەک ســـەرکردایەتیەکی مەیدانی نوێی درووستکرا.

وێڕای ئەوەی شیرازەی ڕێکخستنەکان بەهۆی ئەو زەبرە گورچکبڕانە هەتا ڕادەیەک لەیەک ترازابوون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بەشێکیان هەر بەتۆکمەیی مابوونەوە و دلێرانە ئامادەیی خەبات و تێکۆشـــان بوون. لەم نێوەندەدا لەپێناو ســـەرلەنوێ گێرانەوەی ڕوحی بەرگری و بوژانەوەی ڕایەڵەکانی ڕێکخستن و لە سەر بنچینەی نوێ ڕێکخستەکان دوبارە ڕێکخرانەوە و کۆمیتەی هەرێمەکان درووســـت کرا و زەمینەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ سازکرا.

هەرێمی پێشـرەو یەکێک لە چالاکترین هەرێمەکانی ئەو سـەردەمە بوو کە سـنوورەکەی بریتی بوو لە بەغدا و خانەقین و گەرمیان و تەنانەت

بە شـێک لە سـلێمانیش. ئەندامانی هەرێمەکە پێکهاتبوون لە (شـەهید سادق شەریف، مامۆستا موحسین، مامۆستا جەعفەر، دڵشاد مەولود و عیماد ئەحمەد).

دوای دروستکردنی کۆمیتەی هەرێمەکان لە ١ / ٦ / ١٩٧٥ لە دەرەوەی وڵاتیش بەسەرپەرشتی مام جەلال و هیمەتی هەڤاڵەکانی دەستەی دامەزرێنەر، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ڕابەرایەتیکردن و هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ ڕاگەیەندرا. دوای ساڵێکیش لەو مێژوە شۆڕشی نوێ هەڵگیرسا و ڕێکخراوی هەلۆی سوور هاتەکایەوە کە بنجینەکەی پێکهاتبوو لە ژمارەیەک هاورێی کۆمەڵە و ڕێکخراوی خوێنی شەهید کە لە ناو کوردە فەیلییەکانی بەغدا پێکهاتبو، لەمەشدا مەلا بەختیار دەورێکی باڵای هەبوو لە یەکخستن و پەیوەندیان بە هەرێمی پێشرەوە.

لەو سەروبەندەدا لەسێدارەدانی (خاڵە شیهاب و جەعفەر و ئەنوەر) بوو بە کۆستێکی گەورە بۆ کۆمەڵە، بەڵام دروشمەکەیان (کەم بژی و کەڵ بژی) بوو بە کڵپەیەکی بەتین بۆ یەکێتی و شۆڕشی نوێ، هەروەک چۆن گیانی بەرگری و بەگژداچونەوەی بەعسی جۆشدایەوە، ڕەوایەتی کێشەی کوردستانی زیاتر سەلماند، حەتمیەتی سەرکەوتن و ڕزگاری نیشتیمانی لای مرۆڤی کوردیشی کرد بەڕاستی .

لەم ماوەیەدا (مامۆستا موحسین و مامۆستا جەعفەر بەندە) ویستمان شەهید ئارام لە سلێمانی ببینین هەم بۆ دەنگوباسی تازە و چالاکی

نوێی و هەمیش بۆ هەندێ ڕەخنە و گلەیی لە بەشـێک لە کـاری ڕێکخراوەیی، هەرچەندە لە دواییدا ئەوە بە باش زانرا کە بەندە بەتەنها کاک ئارام ببینم. ئەوەبوو لە ڕێگەی شـەهید ئازادی مەلا، کاک ئارامم لە ماڵی کاک ئاوات قارەمانی لەگەڕەکی سەرشەقام بینی.

بەڕاسـتی من پێشـتر کـاک ئـارامم بینیبوو بەڵام لەو دیـدارە بۆم دەرکەوت کە ئەم سـەرکردەیە چەند ورد و لێهاتوە، چەند بە بەرنامە کـاروبـارەکـانـی کـۆمەڵە و یەکـێتـی بەڕێـوەدەبـات، چـۆن وەک سـەرکردەیەکی لێزان ئامادەکاری دەکات بۆ هەڵگیرسـاندی شـۆڕشـی نوێ، هەروەک بۆشـم دەرکەوت کاک ئارام زۆر پشـتی بە مام جەلال قایمە و باوەڕی بە ئەزمون و توانای مام جەلال هەیە. دەمەوێت لێرەدا دان بەوەدا بنێم لەو دیدارەوە من ئەوەندە سـەرسـامی کاک ئارام بوم هەتا ئەو ئەندازەیی ئەو بۆ من بوو بە شـێخ و منیش بۆ ئەو بوم بە دەروێش!

لەو سـەردەمەدا پۆلپۆل کادر و خەڵکی تێکۆشـەر پەیوەندیان بە شـۆڕشـەوە دەکرد و ڕۆژ بە ڕۆژ شـۆڕشـی نوێ لە ژێر چەتری یەکێتیی نیشـتیمانی کوردسـتان زیاتر گەشـەی دەکرد و ڕیزەکانی ڕێکخسـتن و پێشمەرگەش تۆکمەتر و بەرفراوانتر دەبوون، بە تایبەتی دوای هاتنی بزوتنەوەی سۆشیالست بۆ ناو یەکێتی و چونی سەرکردە دیار و ناسـراوەکانیان بۆ شـاخ وەکوو ( عەلی عەسـکەری، عومەر دەبابە، دکتور خالید، سـەعدی گچکە و ڕەسـول مامەند ). هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا بە گەڕانەوەی مام جەلال و کاک نەوشـیروان بۆ ناو وڵات ورەو هێزێکی گەورەی بە یەکێتی و شۆڕشی نوێ بەخشرا. لەم

نێوەندەشـــدا شـــەڕی نارەوای ئێران-عیراق ســـەری هەڵدا ئەگەرچی زیانی گەورەی بە هەردو وڵات گەیاند و ســـەدان هەزار کەســـی تیادا بوون بە قوربـانی بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــــدا دەرفەتێکی گەورەی خۆڕێکخسینەوە و گەشەکردنی خستە بەردەم یەکێتی و شۆڕش نوێ.

لە کۆتایی بەهاری ســاڵی(١٩٧٧) دوای کوشـــتنی (عوســـمان محەمەد فائق) لە بەغدا کارەســاتێکی دیکە بەرۆکی یەکێتی گرت ئەویش گیرانی زۆربەی کادرە چالاک و ســـەرەکیەکانی هەڵۆی ســـوور بوو کە بە بوێری و چاونەترســـی و چالاکی داســـتان ئاســـایان دڵی جەللادەکانی بەعســـیان لە بەغدایان شـــپرەزەکرد بوو، لەڕاســـتیدا ئەم قارەمانانەی هەڵۆی سوور لە زیندانی ئەمنی عامەی بەغداش نمونەی شۆڕشگێڕی هەرە خۆراگر و قارەمان بوون و وەک ڕەمزی بەگژداچونەوەی گەلی کوردســـــتان لەبەرانبەر جەلادەکانی بەغدا ناویان تۆماری مێژوی پڕ سەروەری کوردایەتی بوو.

لەم ســـەروبەندەدا و دوای ماوەیەکی کەم هاورێ ســـادق و مامۆســـتا جەعفەر چونە شـــــاخ ودوای بینینی کـاک ئـارام لە قەراخ لە گەڵ پێشـــمەرگەکانی گەرمیان یەکیان گرتەوە. ئەرکی هەرێمی پێشـــــرەو کەوتە ئەستۆی مامۆستا موحسین و دڵشاد مەولود و بەندە، بەداخەوە تەنها دوای بیست ڕۆژ لە پێشمەرگایەتی سادق بەکارەساتێکی ناخۆش و بەدەســـــتی هاوڕێیەکی خۆی شـــەهید بوو، مامۆســـــتا جەعفەر بە نامەیەکی پر ســـۆز و خەمناک لەو کۆســـــتە دڵتەزێنە ئێمەی ئاگادار کردەوە.

لەناو ئەو گەرمە برینەی شـەهیدبوونی سـادقدا ئەسـتێرەی سـووری کۆمەڵە و هیوای ئەو سـەردەمەی یەکێتی لە (٣١ / ١ / ١٩٧٨) کاک ئارام شـەهیدکرا، بەمەش کۆمەڵە و شـۆڕش و یەکێتی توشـی زیانێکی قورس هاتن. لەڕاستیدا کۆست و کۆچی ئارام گەورە بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا شـۆڕش و تێکۆشـان بەردەوام بوو، دواتریش قۆناغێکی دیکەی تازە هاتە ئاراوە.

## ڕۆژانی شکست و هەڵسانەوە لا ٧٠-٧٥

بۆ هەرەس پێ هێنانی شـــۆڕشـــی کوردســـتان و لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەی جەزائیردا، (ســـەددام حســـێن) نیوەی (شـــط العرب)و بەشێک لە خاکی عێراقی پێشکەش بە شای ئێران کرد، لە ئەنجامی ئەم پیلانگێڕیەشـدا گەلی کوردسـتان جارێکی دیکە توشـی دەردەسـەری و نەهامەتی هات و شـــۆڕشـــی ئەیلولیش توشـــی شـــکســـت هات. قەدەری کورد وایە، بەشێک لە یاد و یادەوەریە خۆش و ناخۆشییەکانی لە مانگی ئازاردا کۆدەبێتەوە (نەورۆز، بەیانی ئازار، هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، کیمیـابـارانی هەڵەبجە، ڕاپەرین، کۆڕەو. .. ) ئەم ڕوداوانە بەتێکڕا لە ئازاردان.

یەکێک لە ناخۆشـییەکانی ژیانی سـیاسـیم، ئازاری سـاڵی (١٩٧٥)بوو، عەقڵ و بیری ئەوســـام توانای پەیکردن بەم شـــکســـتەی نەبوو، ئاخ چەند جەرگبڕ بوو، کاتێک (عەبدڵە) شـــێتیش وازی لە هاوارکردنی بژی پێشمەرگەی هێنا.

دوای هــاتنەوەی مەلا بەختیــار لە پێنجوێن و وەرگرتنی بڕیــاری گەرانەوە و تەســـلیمبوەوە بە عێراق. کاک ســـەلام عەبدولرەزاق و مامۆسـتا جەعفەر ڕۆشـتن بۆ دێی (چوارکلاو )بۆ لای ئەو هەڤالانە کە بە تەمــا بوون لەگەڵ هەرێمی بــاوەڕدا بەرەنگــاری هەڵبژێرن و لەناوچەکەدا بەردەوامی بە شـــۆڕش بدەن بۆئەوەی ئەو بڕیارە دوا بخرێت بۆ کاتێکی گونجاوتر.

هەروەها کاک سیروان تاڵەبانی و مەلابەختیار و عەلی شامار و بەندە هەڵساین بە شاردنەوەی هەندێ چەک و تەقەمەنی لە قەڵوەزە لە دەرەوەی دێی مەحموود قەجەر بۆ کاتی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ.

لە کۆتایی مانگی ئازاردا، بارەگای لقی یەکێتی لاوانی خانەقینمان هەڵوەشاندەوە و کەرەستەی ناو بارەگاکەشمان بەسەر خەڵکی گوندەکەدا دابەشکرد.

بە خەمێکی قوڵەوە بارەگای لاوانمان جێهێشت و بەرەو ئۆردوگای ئەنزەڵ ڕۆشتین، چەند ڕۆژێک لە ئەنزەڵ ماینەوە و دواجار بڕیارەکەی کۆمەڵەمان جێبەجێکرد کە تەسلیمبوونەوە بوو. ئێمە بەبێ گوێدانە چارەنوسی نادیار و ترسناک، بە جیاواز لەیەکتری و لەگەڵ خەڵکەکە تەسلیم بوینەوە، سەرەتا عەلی شامار ئینجا مامۆستا جەعفەر و دوای ئەوانیش بەندە ئینجا مەلا بەختیار و کاک سەلام عەبدولرەزاق تەسلیم بوونەوە.

ئێرانیەکان ئێمەیان لە ئەنزەڵەوە بەرەو قەسری شیرین و خاڵی سەر سنوور برد، ئینجا بە پیادە سنوورمان تێپەڕاند و گەیشتینە خاڵی (مونزریە) دوای پڕکردنەوەی زانیاری بۆ لیژنەی پێشوازیکردن لە (عائدون) بە پاس بەڕێیان کردین بۆ (بەهرۆز) نزیک (بەعقوبە). بە تێپەڕبوونمان بەناو خانەقیندا، خەڵکێکی زۆر لەم بەر و ئەوبەری جادەکە ڕاوەستابوون بۆ پێشوازی لە لەشکرە شکاوەکەیان، ئەوان

خەمبار و ئێمەش لەئەوان خەمبارتر، لەو چرکە ساتەدا، ئاشنابوم بە گریانی بێ فرمێسک و هاواری بێ دەنگ!

لە بەهرۆز لەو دەشتەدا، دەسەڵات بە دار و حەسیر کەپریان درووستکردبوو، کارەبایان بۆ هێنابوو، چەند تەنکی گەورەی ئاویش دانرا بۆ خوادنەوە، شوێنەکە جمەی دەهات لە (عائدون).

شەو درەنگ گەیشتین، چاوم بە مامۆستا جەعفەر و کاک عەلی شامار کەوت، هەندێ قسەو باسمان پێکەوەکرد دوای وەرگردنی زانیاری لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە، لە بەر ئەوەی ئێمە خوێندکار بوین بەرەبەیانی ڕۆژی دوایی ئێمەیان هێنایەوە خانەقین، لە قایمەقامیەت نوسراویان بۆ کردین بۆ وەرگرتنمان لە قوتابخانە و ئیزنیان داین و هەر یەکە ڕۆشت بۆ ماڵی خۆی بەبێ سوکایەتی و ئەزیەت و نارەحەتی بەڵام ئێمە لە ناخەوە شکست خواردوو و غەمبار بووین.

بە تێپەربوونی تەنیا ساڵێک، دونیا و ژیانمان چەند گۆڕا، جاران بە ئۆمێدی سەرکەوتن و خەبات لە پێناوی مافی میللەت، ئێستاش گەڕانەوە و ڕازیبوون بەشکست و ئەمری واقع!

دوای ڕاهاتن و گونجان لەگەڵ بارودۆخی تازەی دوای هەرەس، کەوتینە چالاکی و کاری ڕێکخستن بۆ کۆمەڵە.

ڕۆژێک پێش نیوەڕۆ لە سەر کاری بیناسازی بوم لە (حی العمال)، مەلا بەختیار بە سواری پاسکیلێکەوە هات بۆ لام و وتی: هاوڕێیانی

سەرکردایەتی کۆمەڵە گیراون و مەترسی لەسەرم هەیە و ئەبێ خۆم بشارمەوە و بڕۆم بۆ سلێمانی، ئێوە ترستان لە سەر نیە، بە هێمنی کار و چالاکی خۆتان بکەن لە نزیکترین فرسەتدا پەیوەندیتان پێوە دەکەم، باوەشمان بە یەکدا کرد بە چاوی پڕ فرمێسکەوە خواحافیزیمان لە یەکتری کرد .

زۆری نەخایەند چونکە بە سەرکردایەتی کاک ئارام و بە هیمەتی هاوڕێیان (کاک ئازاد هەورامی و کاک سالار و مەلا بەختیار )کۆمیتەی هەرێمەکان درووست بوو. لەناو کۆمیتەی هەرێمەکاندا.

هەرێمی پێشڕەو یەکێک لە چالاکترین هەرێمەکانی ئەو سەردەمە بوو، ئەندامانی هەرێمەکەش پێکهاتبوو لە (صادق شەریف و مامۆستا موحسین و مامۆستا جەعفەر و دڵشاد مەولود و بەندە).

دوای لە کیس چونی دوو ساڵی خوێندن لە ساڵی (١٩٧٦) شەشی ئامادەییم تەواوکرد بە نمرەیەک کە بە دڵی خۆم نەبوو، بەو هۆیەوە بۆ ماوەیەک بێزار و بێتاقەت بوم، تائێستاش جاروبار خەوی ناخۆش بە تاقیکردنەوەی شەشی زانستی ئەبینم.

لە پەیمانگای تەکنەلۆجی بەغدا وەرگیرام، هەرچەندە دەرئەنجامەکەم بە دڵ نەبوو بەڵام بە ناچاری چوم بۆ بەغدا بۆ تەواوکردنی خوێندن.

له بەغدا شـان بەشـانی چالاکی سـیاسـی و ڕێکخسـتن بۆ کۆمەڵە و یەکـێـتـی لەخـوێـنـدنـیشــدا سـەرکەوتـوو بـوم.

لەوسـەردەمەدا بۆ کاروباری یەکێتی و کۆمەڵە چەند جارێک له بەغدا چاوم به مەلا بەختیار کەوت، لەو ماوەیەدا ڕێکخراوی هەڵۆی سـوور دامەزرا به هەمـاهەنگی لەگەڵ کـاک ئـارام، پەیوەنـدی نێوان هەرێمی پێشـڕەو و ڕێکخراوی هەڵۆی سـوور له ئەسـتۆی مندا بوو له ڕێگای مولازم جوامیر و کاک سـەلمان داودەوە، له دوایشـدا کاک سـادق شەریف بەم ئەرکه هەڵسا.

هەڵۆی سـوور ڕێکخراوێکی تایبەت بوو به چالاکی سـەربازی له ناو بەغدا، ئەندامەکانی پێکهاتبوو له چەند هاوڕێیەکی کۆمەڵە و ئەندامانی ڕێکخراوی خوێنی شـەهیدان که له نـاو برا فەیلیەکانمـان له بەغدا درووسـت ببوو، کـاک مولازم جوامێر به نـاوی نهێنی مولازم هیوا سەرپەرشتی دەکردن.

بەڕاسـتی ئەندامانی ڕێکخراوی هەڵۆی سـوور چاونەترس و ئازا و قارەمان بوون له جێبەجێکردنی ئەرک و چالاکیەکانیان له ناو بەغدا، دوای گرتنیشیان له زیندانی ئەمنی عامەی بەعس دوپاتیان کردەوە ئەم قـارەمـانـانه چەنـد به ورەو خۆڕاگربوون، چەنـد هەڵۆی به جەرگ و بەرزەفربوون!

من هەر لەوسەروبەندەدا هاوریێ وەسفیە بەنی وەیسم ناسی، نامەگۆڕینەوەی نێوان سەرکردایەتی کۆمیتەی هەرێمەکان و هەرێمی پێشرەو لە ڕێگەی ئەم شێرەژنەوە بوو.

وەسفیە بەنی وەیس، تەنیا وەکوو ژنێک کاری نەدەکرد، بگرە لەوە فراوانتر بیری دەکردەوە و ڕەفتاری دەکرد، بە زۆر ئەرک و کاری جیاوازیش ڕادەگەیشت، هەربۆیەش لە سەرجەم قۆناغە جیاوازەکانی خەباتدا ئەرکی جیاواز و هەستیاری پێسپێردرا، کەدیارتریانیان گەیاندنی نامەی مام جەلال بوو بە ئیمام خومەینی لەنەجەف، جگە لەگەیاندنی چەک بۆ ڕێکخراوی هەڵۆی سوور لەناوجەرگەی شاری بەغدا، کەئەوکات ئەنجامدانی کارێکی لەوجۆرە زۆر دژوار و پڕ مەترسی بوو، سەرەڕای ئەوەش وەسفیەخان یەکێک بوو لەوانەی هەمیشە لە زیندانی ئەبوغرێب سەردانی هاورێیانی دەکرد. ئێمە لەو ڕۆژگارە سەختانەدا بە عەشقەوە کار و چالاکی کۆمەڵە و یەکێتیمان ئەنجامدەدا زۆرجاریش سەرکێشیمان بە ژیان و گیانمانەوە دەکرد، بۆیە هەندێ جار مامۆستا موحسینی خاڵم ئەیوت: عیماد ئاگات لە خۆت بێت، بەرگەی لە دەستدانی تۆ ناگرم! دوای کۆچی دوایی ئەو ئینجا بۆم دەرکەوت خاڵم بەچ هەست و نەست و دڵێکەوە وای پێوتوم، دیارە قەدەر وابو من مەرگ و لەدەستدانی خاڵم بینی، کۆچی ناوادەشی بۆ هەمیشە کەسەرێکی نەبڕاوەی خستە دڵمەوە کاتێک لە گردی سەلیم بەگ لە ژێر نمەی باران و لێزمەی فرمێسکەکانی ناخمدا گڵپۆشی ئەلحەدە پیرۆزەکەیمان کرد!

## له قوتابخانەی زیندانەوە لا ٧٦-٨١

خوێندکاری قۆناغی دووەمی پەیمانگای تەکنەلۆجی بەغدا بووم لە کاتی تاقیکردنەوەی وانەی مەسحی ئەندازیاری لەپڕ دوو کەسی کەتەی ناوشان پان و سمێڵ قەیتان کە دەتوت دوو باڵی قەلەرەشکەیە شۆربۆتەوە سەردەم و لێویان خۆیان کردە ناو هۆڵی تاقیکردنەوەکە لە گەڵ مامۆستای وانەکە دەستیان کرد بە چرپەچرپ تیری چاوەکانیان بەرەو من ئاراستەدەکرد، یەکسەر هەستم بە مەترسییەک کرد بۆیە کلیلی لۆکەرەکەم لە بەشی ناوخۆیی لە فرسەتێکی زۆر خێرادا دایە خوێندکارێکی تەنیشتم (عەلی عومەر) ی برادەرم بۆ ئەوەی ئەو بڵاوکراوانەی یەکێتی و کۆمەڵە کە لەناو ژورەکەمدان دەریان بکات و بیانفەوتێنێت. دوای چەند چرکەیەک مامۆستاکەم کەناوی (زیاد) بوو هاتە نزیکمەوە وتی تۆیان ئەوێ و دەبێت لەگەڵیاندا بڕۆیت.

ئەوکاتەی لەناو هۆلی تاقیکردنەوەکە هاتمە دەرێ سەیرمکرد هەر ئەو دوانە نین بەڵکو خەڵکی تریشیان لەگەڵە و لە دەرەوە چاوەروانی هێنانی من بوون، سواری سەیارەیەکی فیاتی ڕەنگ قاوەییان کردم و منیان خستە نێوانی خویان و بەرەو فەرمانگەی ئەمن ڕۆشتن. وەختێک گەیشتین بەئەمنی عامە هەردو چاومیان بە پەڕۆیەکی ڕەش بەستەوە، دوای چەند خولەکێک بردیانم بۆ ژورێک دیاربو لە ژورەکەدا چەند کەسێک چاوەروانی من بوون بۆیە یەکسەر دەستیان کرد بە

پرســـــیارکردن دەربارەی کۆمەڵە و یەکێتی و هەڵۆی ســـــوور لەگەڵ ئەشـــــکەنجەدانێکی دڕنـــدانەی جەســـــتەیی و دەرونی بێســـــنوور. دوای نزیکەی سێ کاتژمێر لە لێکۆڵینەوەی توندوتیژ و ئەشکەنجەدان منیان بە چاوبەستراوی برد بۆ ژورێکی تاکەکەسی.

ســـــوپاس بۆ خوا دانم بەخۆداگرت و توانیم بەرگە بگرم و هیچیش نەدرکێنم بەمەش لەیەکەم تـاقیکردنەوەی زینـدان و ئەشـــــکەنجە و لێکۆڵینەوەدا ســـــەرکەوتوبوم کەدواتریش بوو بە هەوێنی خۆڕاگری و بە ئەزمونیش بۆم دەرکەوت کە دەتوانم بەرگەی دڕنـدەیی ئەمن و ئەشکەنجەدانی زاڵمانەی بێ سنووریان بگرم.

لەڕاســـتیدا لەدوایشـــدا زانیم کەهاوکات لەگەڵ گرتنی مندا ژمارەیەک کـادر و ئەنـدامی ڕێکخســـــتنی یەکێتی گیراون و ئەوانیش زۆربەیـان لەزێندان بە خۆڕاگریان بەعســـیەکانیان توشـــی ســـەرســـوڕمان کرد بەتـایبەت جەللادێکی وەکوو فـازڵ بەڕاک بەرێوبەری ئەمنی عـامە کە ســەدام حوســین ئەرکی لە ناوبردنی حزبی شــیوعی و حزبی دەعوە و قەومییەکانی عەرەب و بزوتنەوەی کوردی پێ سپاردبوو.

ئێمە لەو وەختـانە نەوەیەک بووین بەدەزوی کۆشـــــش و بەعەرەقی کۆڵنەدان و بە خوێن و شـــــەهیدبوون ســـــەردەمەکـانمـان بەیەکەوە دەبەســـــتەوە و بەرێیمـان دەکرد بەڕاســـــتی ئەو قۆنـاغـانە تـاڵ و سەختبوون.

ئێســـــتـا کە بیر لەو ڕۆژگـارانە دەکەمەوە، نـازانم لەچـاوی ئەو ڕۆژگارانەوە یان لەچاوی ئێســـتای کوردســـتانەوە ســـەیری بەهاکانی

ئازادی بکەم هەرچەندە لەوساش و لەئێستاش وێڕای تێبینیەکان بەڵام دڵم هەر ئاوێتەی خۆشەویستی خاک و گەردیلە ئاڵتونیە پیرۆزەکانی نیشتیمانە.

ئەوەی من سەرنجمدا لەو سەردەمەدا جەلادەکانی بەعس تەنانەت بۆ زیندانیش سیستەمێکی تایبەت بەخۆیان هەبوو، سەرەرای تەکنیکی ئەشکەنجەدانی بێوێنە و زاڵمانە کەچی خواردنێکی باشی سێ ژەمە و میوەشیان بە زندانیەکان دەدا.

تەنانەت هەفتانە دکتۆریشان دەنارد بۆ پشکنینی تەندرووستی زیندانیەکان، دەسەلات لەبەر مرۆڤدۆستی و مافی مرۆڤ و ڕەچاوکردنی یاسا ئەمەیان نەدەکرد، بەڵکو بۆئەوە بوو هەتا دڵنیابن لەوەی کەسی زندانیکراو بەرگەی ئەشکەنجە بگرێت و زۆرترین کات لایان بمێنیتەوە، ئەمەش لەپێناو بەدەستهێنان و وەرگرتنی ئەو زانیاریانەی کە خۆیان بەدویدا دەگەڕان.

شتێکی دیکەش کەمن وەک زیندانیەک تێبینم کرد بەعسیەکان لەپاڵ ئەشکەنجەدان کۆمەڵێک تاکتیکی جیاوازیشیان هەبوو کە مەبەستیان دەست گەیشتن بوو بەزانیاری زیاتر لەناو زینداندا، لەوانە خزاندن و ناردنی سیخورێکی خۆیان پێش زیندانیەکانی دیکە بۆ ژورەکان. ئەرکی ئەو سیخوڕانە جۆربەجۆر بوو، ئەوان ڕاهێنرابوون چۆن زیرەکانە پرسیار بکەن یان چۆن بتوانن ورەی زیندانیەکان بڕوخێنن و

ترس و تۆقـانـدن بخەنە دڵـیانەوە، بۆ نمونە پرســـیاریـان دەکرد بۆ گیراویت؟ یان لەسـەرچی هێنراویت بۆ ئێرە؟ یان ڕاسـپاردەت هەیە بۆ دەرەوە؟ دوای ئەو هەموو هیلاکی و ئەشـــکەنجەدانە دەیانوت جارێ ئەشکەنجەی ئوتوکردنی جەستە و داکوتانی بزمار لەسـەر ڕان و زۆر ئەشــــکەنــجەدانـــی دیـــکەی قـــورســـــتـــریـــش مـــاوە، باش بوو ئێمە زوو ئەو تاکتیک و فێڵەمان زانی نەکەوتینە داوی ئەو سیخوڕانە!

لە دوا ڕۆژەکانی زیندانم کورێکیان هێنایە ژورەکەم ناوی کەمال بوو، زۆر شـــەکەت و شـپرەزە فڕێیاندایە ژورەوە، کەمال خەڵکی پارێزگای ناســریە و ســەربازی ســوپای عیراق بوو لە ســەر حزبی شــیوعی گیرابوو،ئەســـــمەرێکی کەمێک لاواز و بـاڵا کورت بوو دیـارە لە ژێر ئەشکەنجەیەکی لە حەد بەدەر بەدبەختە بەرگەی نەگرتبو بۆیە ئیعترافی لەســـــەر خـۆی و (٥) هـــاوڕێـی ســــەربـازی دیـکەی کـردبـوو .

ئەو کوڕە شـــەوان بە دەنگێکی غەمگین و کز گۆرانییەکی (ســـتـار جەبار)ی دەوت ( أفز بالليل نص الليل هذا الليل شـــي صـــبح....) بە کوردیەکەی (شــەو و نیوەی شــەو داچەڵەکێمەوە، ئەم شــەوە کەی بە ڕۆژ دەشـــکێتەوە...) خۆی ئەیزانی چارەنوســـی ئیعدامکردنە. دواتر لەیەکتر جیـاکراینەوە، ئەو هەر لە زینـدانە بچوکەکە مـایەوە و منیش بەهۆی ئەوەی هیچ شتێکم نەدرکاند ئازادکرام.

تا ئێستاش کە ئەو گۆرانییە دەبیستم چاوم پڕ لە فرمێسک دەبێت و دڵم دەگوشرێت و یەکجار خەمبار دەبم.

لەگەڵ ئازادبوونم و گەیشتنم بە کەسوکار کەهاتبوون بەشوێنمدا،یەکسەر هەواڵێکی جەرگبڕیان پێدام کە هەواڵی شەهیدبوونی بێباکی شێخ عومەری هاوڕێم بوو بەمەش دڵخۆشی ئازادبوونم و هەوڵی مەرگی ئەو هاوڕێیەم لەو ساتەوەختەدا بوون بە تێکلاویەکی دەرونی لە خۆشی و ناخۆشیدا.

لە ڕاستیدا ئەزموونی زیندانیم بە ڕۆژژمێری ئاسایی، نزیکەی سێ مانگ و نیو بوو بەڵام بەڕۆژژمێری ئەشکەنجەو ئازاردان زۆر درێژ بوو، بەشی هەرە زۆری ئەو ڕۆژگار و سەردەمە دژوار و تاڵ بوون بەڵام ئێمە ئەو یەکێتیە بووین هەوڵمان دەدا بە تێکۆشان و هەنگوینی کوردایەتی ئاسان و شیرینیان بکەین، ئەوەی من بینیم و ئەوەی بەسەرمان هات لە زیندان و ئەشکەنجە و دەردەسەری بێگومان بەشێکی کورت بوو لەداستانی خەباتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە چاو تێکۆشەرانی دیکە هاوڕێبازمان بەتایبەت ئەوانەی کە گیانیان بە سەخاوەتەوە بەخشییە ڕێگای سەرکەوتنی یەکێتی و ڕزگاری کورد و کوردستان.

## بەشێک لە چیرۆکی زیندانی و ئازادبوونم لە ئەمنی عامەی بەغدا

## لا ٨١-٨٤

لە ڕێکەوتی ١٦ / ٧ / ١٩٧٨ واتە چل و پێنج ساڵ لەمەوبەر لەو ڕۆژەدا ئـازاد کرام، ئـازادبوونم دوای سـێ مـانـگ و نیو بوو لە زیـندانی تاکەکەسـی و ئەشـکەنجەدانی دڕندانەی بەعسـیانە، کە هاوتەریب بوو لەگەڵ ئێش و ئازارێکی بێ وێنە و نینۆک هە ڵکێشـان و نە درکاندنی هیچ زانیارییە ک و پاراسـتنی ڕێکخسـتنە کانی کۆمەڵە و یەکێتی، ئەنجامەکەشی سەربەرزی خۆم و سەلامەتی سەری هاوڕێکانم بوو.

سـەرچاوەی خۆراگریمان بەند بوو بە ڕاسـتی ڕێباز و ڕەوایی مەسـەلەی کوردایەتی وهەڵوێسـتی قارەمانیەتی بێوێنەی هاوڕێیانی هەڵۆی سوور کە پێش ئێمە لە هەمان زیندان بوون.

ئەو ژورە ی ئێمە تیـایـدا زیـندانی کرابوین زۆر بچوک بوو، تەنهـا مەترێک پان و دوو مەتر درێژی بوو و چوار مەتریش بەرزبوو، نیو مەتری بنەوە تیایدا تەرخانکرابوو بۆ ئاودەستێک و بەلوعەیەک، لە بن میچی ژورەکە دا پەنجەرەیەکی هەوایی بچووک هەبوو. یەک دەرگای ئاسنی قورس و پتەویشی هەبو کە تەنها یەک دەلاقەیەکی زۆر بچوکی تێدابو ئەویش بۆ ڕەوانەکردنی خواردن و چاودێریکردنی زیندانیەکان بەکاردەهات.

لەو ماوەیەی من لەم ژووره بچوک و تەســـــک و تۆقێنەرەدا زیندانی بووم، هەندێ کەسی دیکەیان کرده میوانی ناوەخت و پێکەوه ئاخنراینه ناو چوار دیواری تەنگەبەری ژوورەکەوه لەوانه: (ســەید ئەحمد شــبر) کەســـــایەتیەکی دیـاری حەوزەی علمی بوو، چەنـدین کتێبی فیقهی نوســـــیبوو، بەتۆمەتی ئەنــدامێتی له حزبی دەعوه گیرابوو، به ئەشـــــکەنجەی درِنــدانه شــــێتیـانکرد و لەدوایـدا ئیعـدامیـانکرد.

یەکێکی دیکەش ناوی (أمنعثر حســاوی شــریف) بوو خەڵکی خواروی عێراق و کـارگوزاری قوتـابخـانه بوو ئەمیـان بەتۆمەتی ئەنـدامێتی له حزبی شـیوعی عێراق گیرابوو، لەژێر ئەشـکەنجەدا هەر دوو دەسـتیان ئیفلیج کردبوو و دوایی بردیان بۆ شـــــوێنکی نادیار و ئیدی هەرگیز سۆراغیم نه زانیه وه.

زیندانیەکی دیکه که بەناچاری بەخت کردی به هاوەڵم له زیندان (فلاح حســـــن مصـــــطفی) ئەنـدازیـاریکی خەڵکی بەغـدا بوو، بەتۆمەتی ئاشـــــکراکردنی زانیازی ئابووری بۆ کۆمپانیایەکی تورکی گیرابوو، باوکی فەلاح ئەفســـــەریکی پایەبەرزی ســـــەردەمی مەلیک بوو، دەیان کتێب و چاپکراوی ســـەربازی هەبوو، دواتر زانیم ئازادکراوه و ئێسـتا راوێژکاری ئەندازیارییه له ئەبوزەبی دەژی.

ئەو ڕۆژەی ئازادبوم، جەســـتەم بریندار و لاواز، پەنجەکانی دەســـتی چەپم شـــکاو، نینۆکەکانم هەڵکێشـــراو، لەیەکەمین دیداری ئەودیوی دەرگـای زینـدانی ئەمنی عـامەی بەغـدا بە هەر چوار ئەســـتێرەی گەشاوەی خێزانەکەم شادبومەوە کە بریتی بوون لە دایکی خێرنەدیوم لە تەمەنی گەنجی خۆی و خۆشـــکە پڕ لە میهر و خۆشـــەویســـتەکەم سـوعاد و خاڵۆ و هاوڕێی تێکۆشـەرم ڕەوانشـاد مامۆسـتا موحسـین و خزمی بەهەڵوێستم مامۆستا خالید .

چ ساتەوەختێکی خۆش و ناوازەیە ڕۆژی ئازادی و بینینەوەی ئازیزان، پێکەوە بە پێنج قۆڵی لە ئەمنی عامەوە بە دەم قســـەو باســـی گەرم و شـــەکەتی جەســـتەی من و دڵخۆشـــی ئەوانەوە بەتایبەت دایکم بەرەو گەراجـــــی (نـــــــهضـــــــه) بەرێـــــکەوتـــــیـــــن. لە قرچەی گەرمای مانگی تەموز و بە سـواری کۆسـتەرێکی بیسـت و یەک نەفەری پـــێـــکەوە بەرەو خـــانەقـــیـــن بەڕێـــکەوتـــیـــن...... لەناو گەرمای کۆســـتەرەکە و هەناســـەی ســـوتاوی ســـەرنیشـــینەکان هەموو جەســـتەم یەکپارچە ببوو بە ئاوی ســـوێر، بەجۆرێک، ئارەقەی ســـــەر تەوێـڵ و هەر دوو برۆم تکتک وەک دو جۆگەلەی ســـــوێر شۆڕدەبوونەوە بۆ ناو هەر دوو چاوم، ئەسرینی چاوانیشم بەبێدەنگی وەک تێکەڵەیەک لە ئـازاری جەســـــتە و تـامی ئـازادی، دڵوپ دڵۆپ دەکەوتنە سەر ڕومەت و تێکەڵ بەڕوباری ئارەقە و ئازاری جە ستە و ئازادی ڕوحم دەبوون.

لەو سێ کاتژمێرەی ڕێگەی گەڕانەوەماندا کەپشت لە ساتەوەختەکانی زینـدان و ڕوو لە ئەڵوەن و کەلات و بەمۆ بوین، وەک بـاڵنـدەیەکی شەیدا لە یەککاتدا بە ئاسمانی خەیاڵ و واقعیدا بەناو گوزەری خۆشی و ناخۆشیدا ئەخولامەوە!

هەتا چرکەیەک لە دۆزەخی فاشـــــــتەکان دووردەکەوتمەوە و لە بەهەشـــتی شـــارە دڵگیرەکەم نزیک دەبوومەوە خورپەی خۆشـــی و هەســـتی ئـازادی و گیـانی بەرگری لە نیشـــتمـان و دۆزی ڕەوای کوردایەتی و خەبـاتی کۆمەڵە و یەکێتی و خۆشـــەویســـتی ئەزەلی خانەقینی زیاتر و زیاتر لەناخمدا ڕەگوڕیشەی دادەکوتا.

بەگەیشـتنمان بە خانەقین دڵم کرایەوە بە بۆن و بەرامەی شـارەکەم و بەهاژەی ســـرودی نەپســـاوەی کوردایەتی ئەڵوەند، شـــادبومەوە بە دیداری هاوڕێ و دۆسـت و کەسـوکار و ئازایزان و گەرەکە خنجیلانە و دڵگیرەکەم (جەلەوە) کە خۆی نیشتیمانێکی دیکەی ناو دڵم بو.

جیاوازی ڕۆژگاری ئەوســا و ئێســتا زۆر و زەوەندە.... ئاخر ڕۆژی ڕەشـی ئەوسـا، ڕۆژی بوێری و سـەرکێشـی گەنجایەتی و سـەردەمی خەونی پەمەیی بوو! ....

ڕۆژی ئازادی ئێســـتا ســـاتەوەختی قۆڵ هەڵماڵینە بۆ پاراســـتنی دەسـکەوتەکان و نەهێشـتنی کەموکوڕیەکانی دوای ڕۆژگاری ڕاپەڕین و ئازادی...

## له زیندانەوە بۆ گوڵدان، ژیان و پێشمەرگایەتی و خەبات لا ٨٥-٩٠

دوای ئازادبوونم دۆخەکە دژوارتر بوو چونکە بەعسییەکان بە وردی چاودێریان دەکردین، بۆیە بۆماوەیەک و لەپێناو پاراستنی ڕیزەکانی ڕێکخستن و گیانی هاوڕێیانی کۆمەڵە و یەکێتی و خۆشم، ناچار بووم پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەرێمی پێشرەو ڕابگرم، بەڵام پەیوەندیم بە مامۆستا موحسین و حەمید ئەکبەر و سەید تالب مایەوە.

بەهۆی زیندانەوە ساڵێکی خوێندنم لە کیس چوو، بەڵام بۆ ساڵی دواتر بە پلەیەکی باش، پەیمانگەی تەکنەلۆجیم تەواو کرد و بوم بە یەکێک لە دە یەکەمەکانی سەر ئاستی پەیمانگاکانی هەموو عیراق.

بەهۆی ئەوەی لە دە یەکەمەکان بوم ئەبوایە ببم بە موعید لەهەمان پەیمانگە یان برۆم بۆ زەمالە لە دەرەوە لە سەر حیسابی وەزارەتی خوێندنی باڵای عیراق، بۆ ئەو مەبەستە دەستم کرد بە ڕاییکردنی کارەکانی خوێندن لەدەرەوە، لەو سەروبەندەدا ڕۆژێک لە بەغدا (فلاح حسن مستەفا)م لە گۆرەپانی فردەوس بینیەوە، ئەو ئەندازیارەی کە لە زینداندا بەیەکەوە بووین، دوای باوەش بەیەکاکردن و ئەحواڵ پرسین و چی دەکەیت و چی ناکەی، باسی سەربوردە و پلانی خۆمم بۆ کرد، یەکسەر وتی :بۆ واز لەمانە ناهێنیت و نایەی لەگەڵ من کار بکەی لە بەڵێندەرایەتی بە موچەیەکی زۆر باش، منیش بێ سێ و دوو ڕازی

بوم و وازم لە موعــامەلاتەکــان هێنــا و بوم بە یــاریــدەری ئەو و ســـەرپەرشـــتیاری پڕۆژەکان لە ناو بەغدا و ئەبوغرێب و لەگیفیە، لە ماوەی دوو ســـاڵێکدا بەڵێندرایەتیەکەی هاوڕێکەم قازانجێکی باش کرد و منیشی لێ بێبەش نەبوم!

هەر لەو مـاوەیەدا توانیم هەنـدێ لە هـاورێکـانم لە بەغـدا و خـانەقی بخەمە کار و ســـودمەندبن لە پڕۆژەکانی بەڵێندەرایەتیەکە. ئۆفیســـی کۆمپانیەکە لە گۆرەپانی (نچال )بوو لە بەغدا، ئێواران من تیایدا دەوامم دەکرد، شوێنی مانەوە و نیشتەجێبوونیشم لە ئۆتیل سەرچنار لە سەر شـــەقامی جمهوریە بوو. لەوێ لە گەڵ ژمارەیەک گەنجی ســـلێمانی ئاشـنایەتیم پەیداکرد کە هە تائێســتاش پەیوەندی هاوڕێیانەم لەگەڵیان هەر بەردەوامە.

بەهۆی کـارەکەمەوە بـاری دارایم زۆر بـاش بوو و توانیم خزمەتێکی باش و شـایسـتە بە خانەوادەکەم بکەم لە(١٩٨٢/٢/١٢) هاوســەرگیریم لەگەڵ تارا کردو ئەویش بووە نوری چاو و هاورێ و پشـتیوانی ژیانم و بوین بە خاوەن ســێ منداڵی نازدار(هانە و هۆزان و ئارام ).هەر لەو ســـاڵانەدا شـــەیدا و خولیای خوێندنەوەی کتێبی هەمەچەشـــنە و جۆراوجۆر بووم جاروباریش بە زمانی عەرەبی شتێک لە نێوان شیعر و پەخشـــانم دەنوســـی کەدواتر زۆربەیان کەوتنە لای برادەرێکم کە بەداخەوە بە هۆی بــاری نــاهەمواری خــانەقی هەمویــان فەوتــان.

پایزی سـالّی(١٩٨٣) هاتمە شـاخ، یەکەم وێسـتگەی ئەو ژیانە تازەیەم ناوچەی قەراغی لانکەو ئارامگای شــــەهید ئارام بوو، لەوێ بە بینینی مامۆسـتا موحسـین و ژمارەیەک لە بەرپرسـە بالاّکانی یەکێتی شـاد بووم، دوای ئەوە لەگەڵ کاک عەلی شـامار و کاک حەمە قاشـتی بەرێ کەوتین بۆ شـــاربازێر بۆ لای مەلا بەختیار، ڕۆژێک بە دەم ڕێگاوە لە لێواری کانیاوێک بۆ پشـودان دانیشـتبوین، کاک حەمە قاشـتی هات بۆ لام و وتی :چەند سـەیرت دەکەم تۆ ئەبیت بە لێپرسـراویکی بالاّ لە ناو یەکێتیدا، ئەگەر وادەرچوو ئەبێ ئەم کلاشینکۆفە یەکلاقەی سەر شانم بکەی بە موزەلی. .. بەداخەوە لە دواییـدا بۆم دەرکەوت داواکەیم جێبەجێ نەکردوە. ..نازانم بۆ. .؟! بەڵام لەم ماوەیەدا بە ســوپاســەوە جێبەجێم کرد کورد دەڵێت "قەرز کۆن دەبێت بەڵام نافەوتێت."

بە هۆی ســـەختی شـــەری ئێران-عیراق لە ناوچەکانی پێنجوین و شـــاربازێر بە نارەحەتی و دوای چەند ڕۆژێک گەیشـــتینە لای مەلا بەختیار لە دێی باراو و ئینجا ڕۆشـــتین بۆ ماڵیان لە دێی چنگیان کە تاکە ژورێک و بەرهەیوانێکیان هەبوو، بەڕاستی ڕووناکی شێخ جەناب هاوسـەری مەلابەختیار وەکوو هاورێ و کابانێکی سـەنگین و سـەلار خزمەتێکی شایستە و باشی کردین،

هەر لەوێ چاوم بە کاک بەکری حاج سـەفەر و کاک سـالار و کاک دلێری سـەی مەجید کەوت و چەند ڕۆژێک لایان مامەوە. لەڕاسـتیدا هەموو ئەم هاورێیانە بۆ من جێگای پێزانین و ڕێزن، بێشـک کاک دلێر

کەلەو ڕۆژەوە تائیســـتا لە دڵ و دەرونم جێگای تایبەتی خۆی هەیە و هاوڕێی ژیان و تەمەن و سندوقی ڕەشی ڕازونیازم.

لەوکاتەدا دەنگۆی گفتوگۆ نێوان یەکێتی و میری لە ئارادا بوو لەگەڵ مولازم عومەر و مەلا بەختیار و شێخ عەلی و کاک دلیری سەید مەجید ڕۆشتین بۆ بینینی مام جەلال و کاک نەوشیروان لە تەکیەی زیخان لە دۆڵی بالیسان بە دوو شەو و سێ ڕۆژ گەیشتینە شوێنی مەقسەد، لە ڕێگەدا توشــی هەندێ ڕوداوی ناخۆش بووین، لەو ســەفەرەمدا یەکەم جار بوو چاوم بە مام جەلال و کاک نەوشــیروان بکەوێ، مەلابەختیار منی ناســاند بە ئەوان و کاک نەوشــیروانیش لە بەر ئەوەی بە ئاگابوو لە ڕۆڵی من لە هەرێمی پێشـــرەو و هەڵوێســـتم لە زیندان بە چەند وشـەیەکی تەقدیر و نایابەوە منی ناسـاند بە مام جەلال و مەجلیسـەکە و وتی: عیماد با دوایی بتبینم و کارێکت پێ بســـپێرین، ئەوەبوو بە فەرمانی کاک نەوشیروان و پشتیوانی کاک ئازاد هەورامی کە ئەوکات لێپرسراوی دەزگای ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو لە گەڵ چەنـد هـاوڕێیەکی دیکە کەرتی ڕێکخســـتنی خـانەقیمـان لە گەرمیان دامەزراند و بارەگای کەرتەکەشمان سەرەتا لە دێی حەسەن مەحە بوو، دوایی چووین بۆ دیی ژاڵەی ســەفەر خەریکی کار و باری ڕێکخستن و کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری بوین.

جێی خۆیەتی ئا لێرەدا دەوری کاک عەلی شــــامار بەرز بنرخێنین لە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک گەنجی خوێن گەرم و چاونەترســـی خانەقی لە

هێزێکدا بەناوی قووەی خانەقی کە دەورێکی باشی هەبوو لە گەرمیان و لە دوایدا ئەو قووەتە کەوتە سەر تیپی(٥١)ی گەرمیان، کاک مەحموود سەنگاوی بوو بە سەرتیپ و کاک عەلی شاماریش بوو بە جێگری تیپ.

هەر لەو سەروبەندە بە بڕیاڕی ناوەندی کۆمەلە و بەبێ بەشداری لە کۆنفرانسە محلیەکان، بووم بە ئەندامی کۆنفرانسی سێی کۆمەڵە، ئەمە ئەوکات خۆی لە خۆیدا پاداشتێکی گەورە بوو بۆ من و تائێستاش شانازی پێوە دەکەم .

کۆنفرانسی کۆمەڵە لە مانگی تەموزی ساڵی (١٩٨٤)لە هەواری کانی سێوی مێرگەپان لە بناری پیرەمەگرون بەسترا، سەرەنجام سەرەرای تەشەنەکردنی ناکۆکی شەخسی و فکریەکان بەداخەوە کۆنفرانسەکە بووە مایەی لە یەکترازان!

ئەو ڕۆژانە بە خۆشی و ناخۆشییەکانەوە بوون بە یادەوەریەکی پڕ بەهاو لەبیرنەکراو، شیرینی و تاڵییەکانی بوونەتە ئەزموونێکی نیشتیمانی جوان بۆیە گرنگە لە ئێستاشدا لە بری شێواندن، پەیڕەوی ئەمانەت لەگێڕانەوە و دەستەبەری زەمانەت بۆ میللەتەکەمان بکەین و بەیە کەوە هەڵکردن بخەینە شوێنی لەیەکترازان و لەپێناو بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر بۆ کوردسیان تێبکۆشین و وا بیربکەینەوە گرفتەکان چەند گەورەو ئالۆزبن دەتوانین لە سۆنگەی تە بایی و بەحیکمەتی

چارەســــەرکردنەوە لێیان بڕوانین، بەمەش ڕەشــــەبای جیاوازی و لەیەکترازان دەگۆڕین بە شــــنە بای پێکەوەژیان و بەرپرســــیارانە چارەنوسـی کوردسـتان و گەلەکەمان بۆ قۆناغی بە دیهێنانی خەون و خواستە گەورەکان ئاڕاستە دەکەین.

## یەکەم دیداری مام جەلال و کاک نەوشیروان.. مامزەکەی چین و ئاسکەکەی گەرمیان لا ٩١-٩٩

سەرەتای پاییزی ساڵی ١٩٨٣بوو، ماوەیەک لە قەرەداغ لای مامۆستا موحسین گیرسابوومەوە. ڕۆژێک بە بێتەلی تیپی ٥٧ی سەگرمە مەلا بەختیار داوای کردبوو بۆ لای ئەو بچم لە شارباژێر. ئیتر منیش بڕیارم دا بچم و کەوتمە خۆئامادەکردن. سەرەنجام لەگەڵ کاک عەلی شامار و کاک سەلام کوێخا عەزیز و کاک حەمە قاشتی ڕێککەوتین بە یەکەوە بڕۆین. سەرەتا بڕیارمان دا لە دیوی قەرەداغەوە بۆ مەڵبەندی یەک لە حاجی مامەند بڕۆین، بەڵام بەهۆی سەختیی شەڕی ئێران-ئێراقەوە پەڕینەوە لە شارەزوورەوە بۆ شارباژێر قوورس بوو، بۆیە ناچار بووین ڕێگەی بازیان و پیرەمەگروون و قزلەر و قەیوان و سێتەک بگرینەبەر. بەڵام کاک سەلام مایەوە، چونکە دەیویست بەهەمان ڕێگەدا بڕوات.

لەو جەولەیەدا زۆر هیلاک و ماندوو بووم، فێری ئەو ڕۆیشتنە زۆرە و پەڕینەوە لە جادە و سەرکەوتن بە هەوراز و دابەزین نەبووم. هەرچۆنێک بێت ڕێگەمان بڕی. لەسەر شاخی پیرەمەگروون پیڵاوەکەم کەڵکی نەما، بەڵام باش بوو لە دێی قزلەر کاک هادی غوڵام پێڵاوێکی ئەدیداسی بۆ پەیدا کردم.

لە دێی باراو بە دیداری مەلا بەختیار شاد بوومەوە. دوای نزیکەی

حەوت ســـــاڵ چاومان بە یەکدی کەوتەوە و بە گەرمی باوەشـــــی بۆ کردمەوە، وەک ئەوەی بەدوای بۆنی شـــەهیدان جوامێر و ســـەلام و ســـەلماندا بگەڕێ. دوایی منی لەگەڵ خۆی ســـەرخســـت و بە ســـەیارە ڕۆشـتین بۆ ماڵیان لە دێی چنگیان. لەوێ یەکەمجار بوو چاوم بە کاک ســالار عەزیز و کاک دلێر ســەید مەجید بکەوێت. چاویشــم بە ڕووناک شــێخ جەناب کەوتەوە کە لە پەیمانگەی تەکنۆلۆجیای بەغدا بە یەکەوە بووین.

بەندە تازەنەفەس بووم، زۆر لەو دونیا تازەیەی پێشمەرگایەتی شارەزا نەبووم. کاک ســـالار جاروبار توانجی لێدەدام و دەیگوت: گیانە، وەرە پێشەوە وەکوو زۆپە کەمێک گەرممان کەرەوە.

دوای هەفتەیەک تارای هاوسەریشم هات و لە چنگیان هەوارمان هەڵدا. خانوویەکمان لە ســـەرووی ماڵی کاک بەکر حاجی ســـەفەر دەســـت کەوت.

کاک بەکری حاجی ســـــەفەر لێپرســـــراوی مەڵبەندی یەک بوو. ئای پیاوێکی چەند سەنگین و نەجیب و دڵسۆز بوو! ڕۆژێک تارا سۆندەی ئاوی ماڵی کاک بەکر لێدەکاتەوە، ســـــەتڵێک ئاو پڕ دەکات، لەو ئانەدا پێشـمەرگەیەکی لای کاک بەکر دەیبینێت و دەڵێت: نازانیت ئەم سـۆندە ئاوە هی ماڵی کاک بەکرە؟ ئێوە پێشــمەرگەی کێن؟ تاراش پێی دەڵێت: ئێمە پێشـــمەرگەی کەس نیین. ئەگەر زۆریشـــــت پێ نـاخۆشـــــە، ســـۆندەکەتان لەبەرەدەم ماڵی ئێمەدا لابەن و بیبەنە شـــویێنێکی تر.

دوایی کاک بەکر بە و مەسەلەیەی زانیبوو، لە ماڵی مەلا بەختیار بە یەکەوە بووین، وتی: تارا قسەکانت لە جێی خۆی بووە. لەمەودوا نەک سەتڵی ئاو، سۆندەکەش ببەن بۆ خۆتان. دیارە پێشمەرگەکە ئێوەی نەناسیوە.

بەمەدا زانیم ئەم زاتە چەند سەخی تەبیعەت و ڕەوشتبەرزە، چونکە زۆر جار لە شتە بچووکەکانەوە دەتوانین خوێندنەوە بۆ شتە گەورەکان بکەین. ئیتر هەر واش دەرچوو. بە درێژایی زەمەن تێگەیشتم کە هەڵسەنگاندنەکەم بۆ ئەو پیاوە لە جێی خۆی بوو. بەهۆی شەڕی ئێراق-ئێرانەوە ئەو کات ژیان لە ناوچەی شارباژێڕ سەخت بوو، بە تایبەتی لە سنووری مەڵبەندی یەک، بەردەوام تۆپباران و قەسفی تەیارە و هێرشی هەردوو لا بەرانبەر یەک هەبوو. ئەمە ژیانی لەو سنوورە تاڵ کردبوو. هەر بەم هۆیەشەوە چالاکیی عەسکەریی پێشمەرگە تا ڕادەیەک ڕاگیرابوو.

لەو کاتەدا دەنگوباسی گفتوگۆی نێوان ڕژێم و یەکێتی لە ئارادا بوو کە لە ڕێگەی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆوە ڕێکخرابوو و، کاک فەرەیدون عەبدولقادریش ڕۆیشتبوو بۆ بەغدا. هەڤاڵانی لای من بە گلەیی و ڕەخنەوە بوون لە شێوە و جۆر و ناوەڕۆکی گفتوگۆکە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە هەڵوێستی توندیان لەسەر کوشتنی وریا ڕەش هەبوو، مام جەلال بۆ ئاگادارکردنەوە و بەرچاو ڕوونی هەڤاڵان سەبارەت بە گفتوگۆکە و چەند مەسەلەیەکی تر ملازم عومەر عەبدوڵڵای ناردبوو.

چەند ڕۆژێک مولازم عومەر لە ماڵی مەلا بەختیار مایەوە و دوایی گەڕایەوە مەرگە. دیار بوو مام جەلال بە بێتەل داوای کرد ئەو هەڤاڵانە سەردانی سەرکردایەتی بکەن. ئیتر کەوتینە خۆ و کاک بەختیار کڵاشینکۆفێکی قۆناخدار و شەست مەخزەن و قەمسەڵەیەکی شینی نیوکۆتی دامێ. کاک دلێریش کراسێکی شینی کاڵی تازەی دامێ کە لە شارەوە بۆی هاتبوو، دەیگوت: بەم باڵا و قەڵافەت و قەمسەڵە شینەوە لەناو هەموو پێشمەرگەکاندا دیاریت.

لەگەڵ مەلا بەختیار و کاک دلێری سەید مەجید و عەلی شامار لە چنگیانەوە بەرێکەوتین. لە ڕێگەشدا لە بزەینان شێخ عەلی لەگەڵمان هات کە پیاوێکی سپی و هەناری و لێوبەخەندە و ڕێزدار و بەجموجووڵ بوو. وشەی لطفا[لوتفەن]ی زۆر بەکاردەهێنا. هەرچۆنێک بێت گەیشتینە مەرگە و بۆ لای مولازم عومەر چووین. دوای ڕۆژێک مانەوە، ئەویش هاوسەفەرمان بوو. لەوێوە سەفەرەکەمان خۆشییەکی زۆری تێکەوت؛ ملازم عومەر بە نوکتە و قسەی خۆش جەولەکەی پڕکرد لە خۆشی.

ئێوارەکەی بۆ پەڕینەوەی لە دەریاچەی دووکان بە چەند بەلەمێک کەوتینەڕێ. لەبەر تاریکیی شەو و تەمومژێکی زۆر وەکوە ئەوەی کەوتبینە ناو پەڵە هەورێکی قووڵ و بەرفراوان، بە ئەستەم بەرچاوی خۆمان دەبینی و لە یەک دابڕاین. بە هەزار حاڵ یەکترمان دۆزییەوە و بهسەر دێهاتەکانی هەنجیرە و تەنگەزە و بێمووشەدا دابەش بووین.

بەیانییەکەی جارێکی تر یەکترمان گرتەوە و ئێوارەی دواتر پەڕیینەوە بۆ ئەوبەر. ئەو شەوە لە بناری شاخی کۆسرەت لە دێی تۆربەماینەوە بۆ ئێوارەکەی بە تراکتۆر و عەرەبانە بە دۆڵی هیران و نازەنیندا ڕۆیشتین بۆ گوندی کونەفلووسە. ئەو شەوە لەوێ ماینەوە. بەیانییەکەی زوو بەسەر شاخی هەورێدا سەرکەوتین. زۆر سەخت و نارەحەت و بێئاو بوو. پێش نیوەڕۆکەی گەیشتینە دێی چیوەی سەروو. لەوێ چەند کاتژمێرێک حەساینەوە. بۆ عەسرەکەی بە تراکتۆر و عەرەبانە بەرەو خوارەوە بۆ زیخان ڕۆیشتین.

کاک نەوشیروان لەسەر ڕێی زیخان چاوەڕوانی هەڤاڵانی دەکرد. ئێستاش بیرمە کڵاوێکی قەفقازیی لەسەر بوو. بە گەرمی پێشوازی و بەخێرهاتنی هەڤاڵانی کرد. دوایی بە یەکەوە بۆ لای مام جەلال چووین کە لەتەکیەکەی زیخان چاوەڕێی ئێمەی دەکرد. تەکیەکە بە بلۆک و چیمەنتۆ دروو ست کرابوو کە دوو یان سێ ژوور بە تەنیشت یەکەوە بوون بەبێ دیواری حەوشە .

مام جەلال زۆر بە گەرمی و (بالأحضان والقبل) بە باوەش و ماچ پێشوازیی لێ کردین. بەکەیف بوو. جامانەیەکی کۆییانەی بەستبوو. یەکەمجار بوو مام جەلال و کاک نەوشیروان ببینم. مەلا بەختیار لەو دانیشتنەدا منی بە مام جەلال و کاک نەوشیروان ناساند. کاک نەوشیروان زۆر پێی خۆش بوو. ئەویش بە چەند وشەیەکی ڕێز و

پێزانین منی بە مەجلیسەکە ناساند دوایی وتی: عیماد، پێم باشە بتبینم. منیش کۆڵێک پێم خۆش بوو.

مام جەلال زۆر بە بێزارییەوە باسی شەڕی بێتواتەی دەکرد. زووخاو لە دڵ و دەروونی دەتکا. باسی ڕاووڕووتی هەندێک لێپرساوی عەسکەری و پێشمەرگەی دەکرد. یەکەمجار بوو گوێم لە وشەی ئار ئار بێت. دەیگوت: لە ژیانی پێشمەرگایەتیمدا شتی لەم جۆرەم نە بینیوە و نە بیستووە. ئەمە تۆوی فاشیبیەتە. ئەگەر زوو فریای نەکەوین، سەری خۆمان و شۆڕشەکەشمان دەخوات! زۆر بە کوورتییش باسی گفتوگۆکەی کرد و وتی: پێم باشە مولازم عومەر و مەلا بەختیار لامان بمێننەوە بۆ ئەوەی زیاتر قسە بکەین و بەیانییش بڕیارە کۆپتەر بێت و بڕۆین بۆ بەغدا.

ئەوان مانەوە، کاک عەلی شامار و من بۆ دێی بالیسان چووین. بۆ ڕۆژی دوایی کۆپتەر لە ئاسمانی بالیسان فڕەفڕی دەهات، لە نزیک تەکیەکە نیشتەوە. حاجی مەمۆ و کاک عەلی شامار، بەندە و ژمارەیەک لە کادیر و پێشمەرگە لەو دەوروبەرە بووین. مام جەلال و کاک عومەر و مەلا بەختیار و کاک قادری حاجی عەلی و کاک ڕێکەوت عوسمان خەریکی چوونە ناو کۆپتەرەکە بوون. مەلا بەختیار هات بۆ لای حاجی مەمۆ و من. یەکسەر حاجی پێی گوت: تۆش دەچیت؟ مەلا بەختیار سەری هێنایە پێشەوە و وتی: مەسەلەکە حەساسە و دەبێت ئێمەش ئاگامان لێ بێت. ئیتر هەموویان سەرکەوتن و لەدواییدا مەلا بەختیار ئیشارەتی بۆ کاک دلێر کرد کە ئەویش سەرکەوێت دوای ڕەزامەندی

مــام جەلال. کـۆپـتەر فـڕی بـۆ کەرکـووک، ئـیـنـجـا بـۆ بەغـدا.

بۆ عەسرەکەی من بۆ لای کاک نەوشیروان ڕۆیشتم لە هەمان شوێن. بە لوتف و ئیحترام بوو لەگەڵم. پرسیاری بارودۆخی بەغدا و خانەقین و ڕێکخســتنی کرد. هەر لە پرســیارەکانیەوە بۆم دەرکەوت ئەم پیاوە چەند سەنگین و ورد و شارەزایە. دوای مام جەلال کەس نەبوو شان لە شانی بدات. هەر لە درێژەی دانیشتنەکەماندا کاک نەوشیروان وتی: عیماد، بۆ ئێوەی خانەقینی ئەوەندەی لێپرسراوتان لەناو شۆڕش هەیە، ئەوەندە پێشـــمەرگەتان نییە؟ لە وەڵامدا وتم: لەبەر ئەوەی چالاکیی پێشـمەرگایەتی تائێسـتا نەگەیشـتووتە سـنووری خانەقین تا خەڵکەکە زیـاتر پەیوەنـدی بە شـــۆڕشـــەوە بکـات. ســـەبـارەت بەزۆریی لێپرسـراوەکانیش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ژمارەیەک لە کادرە پێشکەوتووەکانی خانەقین ڕۆڵیان لە درووسـتکردنی کۆمەڵە و یەکێتی و هەڵگیرسـاندنەوەی شـۆڕشـی نوێدا هەبووە. دوایی وتی: تۆ دەتەوێ چی بکەی؟ منیش وتم: ئەمرتـان بە چییە و چی بە بـاش دەزانن، من ڕەهنی ئیشــارەتی ئێوەم. لەو کاتەدا یەکســەر بیرم لە درووســتکردنی کۆمیتەی ڕێکخســـتنی خانەقین کردەوە و وتم: پێت چۆنە کۆمیتەیەکی ڕێکخســـتن بۆ خانەقین درووســـت بکەین بۆ ئەوەی ئەو بۆشـــاییە پڕبکەینەوە؟ فکرەکەی زۆر پێ بـاش بوو و وتی: منیش هـاوکـار و پشتیوان دەبم.

دوایی لەگەڵ کــاک ئــازاد هەورامی بڕیــاری کردنەوەی کۆمیتەی ڕێکخسـتنی خانەقینیان دا. کاک نەوشـیروان کاک مەلا ئیبراهیم و کاک جەبار یاوەر و مامۆستا کاوەی بۆ ئەندامی کۆمیتەکە دەستنیشان کرد.

به ماوەیەکی کەم بێ ئەو سـێ هەڤاڵەی کە دەسـتنیشـان کرابوون، لەگەڵ مامۆستا سۆران و مامۆستا نەجم و کاک کامەران و مامۆستا دڵشـاد کۆمیتەکەمان دامەزراند. سـەرەتا بارەگای کۆمیتەکە لە دێی حەسـەن مەحە بوو لە گەرمیان. دوایی گواسـتمانەوە بۆ دێی ژاڵەی سەفەر.

لەو ماوەیەدا خەریکی بەهێزکردنی ڕێکخسـتن و پەیوەندیکردن بە جەماوەر و کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری بووین. بۆ مێژوو، کاک عەلی شامار دەورێکی باڵای لەم مەسەلەیەدا هەبوو. هێزێکی پێشمەرگەی لە خانەقین درووسـت کرد و دوایی لەگەڵ هێزێکی تر لە گەرمیان تیپی ٥١ی گەرمیان درووسـت کرا، کاک مەحموود سـەنگاوی بوو بە سـەرتیپ و کاک عەلی شـامـاریش بوو بە جێگری.

لە و سـەردەمەدا ململانێ لەناو کۆمەڵەدا ڕۆژبەڕۆژ قووڵتر و توندتر دەبوو. سـەرەنجام من کەوتمە بەرەی موعارەزەی ناو شـۆڕش و تەنانەت یەکێک لە توندڕەوەکانی بووم!

ئێستا دەزانم چەند بەدوای خەونی لاساییکردنەوەی ئەزموونی چین و کوبا و وشـەی بریقەداری ناو پەڕتووکە مارکسـییەکانەوە بووم. بە کەمئەزموونی و بە خەیاڵپڵاوی دەمویسـت کەوڵی مامزی چین و ماچین بکەمە بەر ئاسکی گەرمیان!

له و سـەردەمەشـدا هەر باس باسـی ئێراقچێتی بوو کە وەکوو تۆمەت دەدرایە پاڵ ئەم و ئەو لەسەر شێوەی قاچاخچێتی و ساختەچێتی. لەو بارەیەوە دۆخەکە زیاتر لەو بەسەرهاتە دەچوو کە کاک جەبار فەرمان، فیلەتەنەکەی یەکێتی و پیاوی بەوەفا و سـەخی تەبیعەت، دەیگێڕایەوە کە بێوەژنێک لە دێکەیان هەبووە زۆر شـەڕفرۆش و دەمهەراش و نەگونجاو بووە، هەموو جارێک کە عەباسـی کوڕی دەگەڕێتەوە ماڵ، لێی دەپرسـێت: عەباس ڕۆڵە، دەنگوباس چەس؟ عەباسـیش دەڵێت: دایکە، باس باسی دایک عەباسە.

بەڵام داخەکەم بە دەسـەڵات و موعارەزەی ناو شـۆڕش، زەرەری گەورە و قوورس بەر یەکێتی و شـۆڕشـەکەمان کەوت. لە کۆتاییدا هیوادارم ئەو ڕووداوانە بە خۆش و ناخۆشـیانەوە، بە باش و خراپیانەوە، بۆ ئەمڕۆمان ببنە پەند، نەک بمانکەنە پەند!

## دەربارەی بەهەستەکەی نیشتمان لا ۱۰۳-۱۱۱

(جـــفـــتـــی چـــاو دیـــری وەک پـــیـــاڵەی چـــیـــنـــی
لە قەســـــــرەو خەیـــدەی خـــانەقـــیـــن دویـــنـــی)
ئەمە کۆپلەیەکە لە گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی ڕەســــەن لە شـەسـتەکانی سـەدەی ڕابردوو لە ڕادیۆی کرماشـان پەخش دەکرا، لە خانەقین زۆر باو بوو، لە ســــەر زاری زۆربەی خەڵکی بوو، جەعفەر حەســــەنی گۆرانی بێژی نـاســــراوی عیراقی کۆپلەیەکی تری بۆ زیادکردوە:

(لە قسرەوە خەیدەی کوردستان دوینی)

منیش دوای نزیکەی پەنجا ساڵ دەڵێم لە

(سلێمانیەوە خەیدەی خانەقین دوینی)

خانەقین شـارێکی ڕەسـەنی کوردسـتانە، گۆرەپانی ململانی سـەربازی سـەردەمی سـاسـانیەکان بووە لە (تأريخ الطبری ) بەشـی (٤) لاپەڕەی (١١٥١١٦)باسـی سـەرکەوتنی (القعقاع بن عمرو) و شـکسـتی (یزدجرد) دەکات لە ســـەردەمی ئیمامی عومەر کە هەزاران کەس لەو شــــەرە لە خانەقین کووژراوە گێرترووود بێڵ لە بەهاری سـاڵی (١٩١١) سـەردانی خانەقین دەکات و لە ماڵی مستەفا پاشای باجەلان میوان دەبێت.

ڕۆژی (٢٨/ ٣/ ١٩١١ ) لەوكات لەنامەیەكیدا بە جوانی و بەووردیەوە وەســـفی باخ و تەلار و ئاو و هەوای خانەقین و دەوروبەری دەكات و باسی میوانداری مستەفا پاشا وخوانی ڕازاوە و هەمەجۆری خواردنی و میواندۆســـتیەكەی دەكات، ئەمە ئەو ڕاســـتیە دەردەخات كەخانەقین هەمیشە بە باخ و ئاوی ئەڵوەندو میواندۆستی بەناوبانگ بووە.

ڕەنگە هەر بەم خۆشی و دڵگیریەشەوە بێت مەلیك فەیسەڵی یەكەم لە كۆتایی بیستەكانی سەدی ڕابردوو كۆشكێكی قەشەنگ لە سەر گردێك لە نزیك عالیاوە كە دەیروانی بە ســـــەر ئەڵوەندا لە خانەقین بۆ خۆی درووست دەكات.

هەر بەهۆی بایەخی ستراتیژی و سەبازی شاری خانەقین، حكومەتی عیراق لە كۆتایی چلەكانی سەدەی ڕابردوو كۆمەڵێك (سپێر) سەنگەری كۆنكریتی تـــایبەتی لە چوار دەوری شـــــــارەكە درووســـــتكردوە. بۆ من خانەقین لانەی ڕۆحە، گەر بەجەســـــتەش لەوێ نەبم بەردەوام ڕۆحم لە ئاســـمانی ئەو شـــارەدا ســـەما دەكا و لەگەڵ باراندا شـــۆر دەبێتەوە نـاو ئەڵون و تێكەڵ بە بۆنی خـاك و بـاخ و دارخورمـاكانی دەبێـت! هەر لەوەســـــفی خـــانەقینـدا زێوەری شـــــاعیر دەڵێـت:

"جەنەتە بێ شوبهە شاری خانەقین

ئاوی ئەڵوەندیشی وەك (مَاءٍ مَعِينٍ)

بانگ ئەكەن بۆ ئەهلی سەر عەردی مەلەك

ئەو بەهەشتە (فَادْخُلُوهَا خَالِدِينَ)"

کەواتە هەر من نیم شـــەیدای خانەقین و ئەولۆەندم کە ئاوەکەی لە شـــاخی دالاهۆی نـاوچەی کرمـاشـــان ســـەرچـاوە دەگرێـت. ئەڵوەن شـاری خانەقین دەکاتە دوو بەشـی نایەکسـانەوە، دەسـتی ڕاسـتی شـارەکە بەشـە گەورەکەیە و شـانی داوەتە پاڵ کوردسـتان و سـنووری نێو دەوڵەتی ئێران- عیراقەوە، دەسـتی چەپیش لەگەڵ سـنووری عەرەبسـتانی عیراق بەسـراوەتەوە، بەهۆی هەلکەوتەی جوگرافی خانەقین هەردەم لە ململانی و دۆخی ناسـەقامگیریدا بووە بەئێسـتاشـییەوە، وەک دەبینین حاڵی حازریش داعش لەو سـنوورە ئەزیەتی خەڵکی بێتاوانی خانەقین دەدا و هێرشی غافلگیرانەیان دەکاتە سەر و شەهیدیان دەکات.

خـانەقین شـــارێکی ســـەوزە، چواردەوری بـاخە، لە بـاخە بەنـاو بـانگەکـانی،بـاخی( ســـین کوپی)،بـاخی (حەدیقە)،بـاخی (حەســـەن ئەفەندی)،باخی (قەسرەکە).

(کۆپری گەورە) پردێکی بەردی کەوانەییە لە (١١)تـاق پێکهـاتووە بە خشتی چوار گۆشەی (سوڵتانی )تایبەت و بەهەزاران کرێکاری ئێرانی و ناوخۆی لە لایەن خوشـــکی شـــاه (مەحەمەد عەلی میرزا) حاکمی کرمانشـــاه درووســـت کراوە، مەبەســـت لە بوونیاتنانی ئەم پردە، کارئاسـانی بووە بۆ پەڕینەوەی هەزاران سـەردانکەری شـیعەی ئێرانی بۆ نەجەف و کەربەلا و کازمییە، ئیتر ئەم پردە هەر دوو بەری شارەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

ناوەندی شـــــاری خانەقین تەنها پێنج کیلۆمەتر لە ســــنووری ئێران دوورە.

بۆیە هەموو ساڵێک لە بەهاران ڕەشماڵی سنجاوی ئەو دیوی سنوور دەهـاتن لە دەوروبەری خـانەقین بەکـاتی ڕەشـــــمـاڵیـان هەڵـدەداو بە شـێوەیەکی کاتی لەوێ نشـتەجێ دەبوون وخەریکی فرۆشـتنی بەروو بوومەکانیان و کرینی خوورمای خانەقین بوون.

خانەقین خاکەکەی پڕ پیت وبەرەکەتە و ئاو و هەوایەکی گونجاوی هەیە بۆ باخداری و کشـــــتوکاڵ بەگشـــــتی بەهەموو جۆرەکانیەوە، خـانەقین بە بەروبوومی خورمـا و پرتەقـاڵ و هەنـار و گەنم و جۆ و برنجی عەنبەری بنکورە بەناوبانگە، ســــەرەڕای ئەمەش خانەقین لە شارە هەرە گرنگەکانی کوردستانە لە بواری نەوت و کانزاکانی ترەوە دوای کەرکوک دێت.

لە بەر هەڵکەوتەی جوگرافی و بـایەخی ئـابوورییەوە لە ســـــەردەمی عوسمانیدا هێڵی شەمەندەفەر و لە سەردەمی مەلیکیدا پاڵاوگەی نەوت و کارگەی درووسـتکردنی بەرمیل و تەنەکە و پێداویسـتیەکانی بواری نەوت تێدا درووستکراوە.

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە خانەقین (٥)سینەما و (٤) کتێبخانە و (٦) مزگەوت و (٢) حوسەینییە و (١) کەنیسە و (٦) حەمامی گشتی و (٣) قەیســــەری و (٥) خان و (٨) ســــەرتاشـــــخانە و (١٤) چایخانە و (٣)چێشـــــتخـانە و (٦) کەبـابخـانە (٧) خەیـاتی چـاکەت و پەنتۆڵ و

(٥)شــوێنی وێنەگرتن و (٣)شــوێنی فرۆشــتنی مەشــروبات (٣) یانەی شــەوانە و (٤)ئوتیل و خواردنەوە و لقێکی باتە و دجلە بۆ فرۆشــتنی پێڵاوی تێدابوو.

یەکەم قوتابخانە لە خانەقین لە ساڵی (١٨٨٧) لە سەردەمی عوسمانیدا لە عالیاوە دامەزراوە لە لە دواییدا (٢) قوتابخانەی ئامادەیی کوڕان و کچان و (٣) قوتابخانەی ناوەندی و (٦)قوتابخانەی ســەرەتایی کوڕان و کچان و (١) نەخۆشــخانەی گشــتی و (٢) بنکەی تەندرووســتی (١)بــنــکەی بەیــتەرە و (١) دەرمــانــخــانەی تــێــدا بــووە.

بەهۆی ئەو پاشخانە دەوڵەمەندەی خانەقین، بەتایبەت لەبواری کلتوری و کۆمەڵایەتی وبەهۆی ئەوەش کە شــارێکی پیشــەســازیش بووە، هەمیشــە خەڵکەکەی خاوەن ئاســتێکی بەرزی هوشــیاری بوون، بۆ نموونە؛ لە خانەقین ســوڵحی عەشــائیری نەبووە، بەردەوام خەڵکەکە پابەندی یاسا بوونەو بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان پشتیان بە یاسا بەستووە نەک عەشیرەت و عەشیرەتگەری. ئەمە دەرخەری ئاستی مەدەنیەت و شــارســتانیەتی شــاری خانەقینە کە چەند گەشــەکردو و پێشکەوتوو بووە، ئەگەر لە گەڵ شارەکانی دیکەی بەراوردی بکەین.

بۆ گرنگیدان بە کشــتوکاڵ و خاکەکەی، لە ســەردەمی حوکمی عەبدولکەریم قاســمدا لەرێگەی جۆگەی (باڵە جوو)ئاو لە ڕووباری ســیروانەوە بۆ خــانەقین هێنراوە، ئەمەش بۆتە هۆی بووژانەوەی کشتوکاڵ لە دێهاتەکانی ئەو ناوچەیە و بۆتە سەرچاوەیەکی دابینکردنی

ئاوی خواردنەوەش بۆ شارەکە، لە ڕۆژ هەڵاتی شار جۆگەی باڵە جوو لەگەڵ ئەڵوەن یەک دەگرنەوە و بەشـێکیشـی دەرژێتەوە ناو (کۆردەرە )و ئەمیش لە خوارەوەی خـانەقین خۆی ئەخزێنێتە نـاو ئەڵوەنەوە، وەزیری کشـتوکاڵی عیراقی لە سـەردەمی عەبدولکەریم قاسـم خەڵکی خـانەقین بووە کە نـاوی (عـادل جەلال ) بوو، ئەفســـەری پلەبەرزی سـوپای عیراق بووە، لەگەڵ (ضـبـاط الاحرار) لە شـۆڕشـی (١٩٥٨) بەشدار بووە لەنێوان (١٩٦١-١٩٦٣) وەزیری کشتوکاڵ بووە.

مام جەلال دەیگێرایەوە کاتی خۆی خەڵکی خانەقین بەهۆی زۆرداری حـاجی جەلالی بـاوکی عـادل لە بەرانبەر وەزارەتی بەرگری عیراق لە بەغدا خۆپیشـــاندانیان کردووە بە دروشـــمی (عەبدولکەریم قارەمان، حاجی جەلال خواردەمان).

خانەقین و نەجەف دوو گەورەترین قەزای عیراق بوون، دواتر نەجەف کرا بە پارێزگا و خانەقینیش وەکوو خۆی مایەوە بە بیانووی نزیکی لە سـنووری ئێران، ڕژێمی بەعس هیچ بایەخی بەم شـارە نەئەداو هەر خەریکی بچووکردنەوەی بوو لە ڕووی ئیدارییەوە،هەوڵی دەدا بیکـات بە ناحیە و بیخاتە سەر (جەلەولا )و لەجیاتی خانەقین بکات بە قەزا بە بەهانەی ناکۆکی و ململانێی نێوان ئێران و عیراق شارە سنووریەکانی وەکوو مەنـدەلی و خـانەقین و هەڵەبجە و پێنجوێن. ...هتـد لە لایەن ڕژێمەوە پشـــتگوێ دەخران، بە پێچەوانەی وولاتانی ڕۆژئاوا کە چەند بایەخ بە شـارە سـنووریەکانیان دەدەن تەنانەت دەیکەن بە پایتەختیش وەکوو کۆبنهاگن و برۆکسل و جنێف و چەندانی تر.

ســــەرەڕای نەهامەتیەکان پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەم شـــــارەدا بەهێز بووە، کورد هەمیشــــە لە خانەقین زۆرینە بووە، تورکمان و عەرەبی( معدان)گامیشـــەوان و ژمارەی کەم لە فەرمانبەرانی عەرەبی گوێزراوە بۆ یەکە ئیداریەکانی خانەقین هەبوون لە شـارەکەدا، سـونە و شـیعە و کاکەیی و ئەرمەن و سـابیئە و مەسـیحی یەهودیش هەبووە، هەمووان بە بێ جیاوازی دەژیان لە غەم و خۆشـــی پێکەوەبوون، مەراســـیمی عاشـورا و زکری دەروێشــەکان و شــەوچرای کاکەیەکان و ســەری ســـاڵی مەســـیحیەکان بەبێ جیاوازی و ترس هەمویان لە خانەقین ئەنجام دەدران .

بەهۆی خەســـڵەتە هەمەجۆرەکـانیەوە خـانەقین هەرچەنـدە لەرووی ئیـداریەوە قەزا بووە، بەڵام خەســـڵەتی شــــاری هەبووە، لەرووی پێکهـاتەوە هەمەچەشـــن، باشـــخانێکی دەوڵەمەندی ڕۆشـــنبیری، پیشەسازی، ئەمە وایکردوە کە سیما شارستانیەکانی لە هی بەشێک لە پارێزگاکان دەوڵەمەند تر بن.

تەنـانەت تیپی تۆپی پێی خـانەقین هەموو پێکهـاتەکـانی لەخۆ گرتبو، یەکێـک لە تیپە بەهێزەکـانی پـارێزگـای دیـالە بوو، کچـانی خـانەقین بەشـداری چالاکی وەرزشــی قوتابخانەکانیان دەکرد لە ســەر ئاسـتی عیراقدا، ئەمەش بۆ ئەو ســەردەمە دەگمەن بوو، لە چلەکانی ســەدەی ڕابردوو، مونەوەرەکانی ئەم شـارە بەشـداری بزوتنەوەی کوردایەتیان کردووە، لەریزەکـانی حزبی ڕزگـاری و شــــۆڕش و هیوا خەبـاتیـان

کردووە، لەوانە ڕەشـید باجەلان و مەلا سـەی حەکیم و عزیز پشـتوان و شێخ موراد و چەندانی تر پێشتریش لە شۆڕشی بیست و شۆڕشی شـێخ مەحموود و دواتر لەشـۆڕشـی ئەیلول و شـۆڕشـی نوێشـدا خانەقینیەکان نەک درێخییان نەکردووە بەڵکو بەشـداری کاریگەری و بەرچاویان هەبووە.

لە سـەردەمی شـۆڕشـی ئەیلول لە شـارەکەدا پارتی بە هەردوو باڵەکەیەوە، (مەلایی) و (جەلالی)، حزبی شـیوعی بە لیژنەی مەرکەزی و قیادەی مەرکەزی هەبوون، لە دوایشـدا حیزبی بەعس لە ناو عەرەبە هاوردەکان بە موتوربەی ژمارەیەکی کەمی خەڵکی خانەقین پەیدابوو، ئەو کاتە هیچ حیزبێکی ئیسلامی نە شیعە و نەسونە لە شاری خانەقین بوونیان نەبوو.

لە ڕووی ڕۆشـنبیریشـەوە ئەم شـارە خاوەن چەندین کەسـایەتی ناسـراوە، لەوانە عەبدولمەجید لوتفی و شـێخ موراد و مەلا عەبدوڵلای بێداری و مەلا مەحەمەدی جوانرۆیی و مامۆسـتا موحیەدین و مەجید غاندی و ئەحلام مەنسوورە.

لە بواری هونەریشـدا خاوەنی خەڵکانی وەکوو ئیسـماعیل خەیات و سەباح موحیەدین و نەجم مەحەمەد ئەمین وخەلیل زەهاوی و خودادادعەلی و خەلیل وەندی و فایق حەسەنە.

هەر بۆ نموونە ڕشتەی بەشێک لە ناودارانی خانەقین لەو سەردەمەدا

ئەمانە بوون: عەلی خان، فەتحوڵلا بەگ، تاهیر عوزێر، شـــێخ وەهاب، کوێخا سـالم، حسـین بەگ، موفتی مودەرس، سـەید مەحەمەد شـوبەر، میرزا ڕەحیم زەنگەنە، ئەکرەم ئەفەندی،راغب بێگ، حەســـەن ئەفەندی، وسـمان بەگی شـــەرەفبەیانی، کامل خەماســـە، ئەوانەی من بەخەیاڵمدا هات ئەمانە بوون، بە ڕاســـتی داوای لێبوردن دەکەم کە نەمتوانی لەم نووسینە کورتەدا هەموو لایەنەکان باس بکەم و ناویان بێنم.

لە کۆتایدا ئەو دێرە بەناوبانگەی مامە (جەمال ئاغا) قەرز دەکەم و لەســـەر مەزهەبی ئەو زاتە کە دەڵێت :بەهەشـــت لە ســـەر شـــێوەی سولەیمانی دارێژراوە!

منیش دەڵێم: خانەقین لە سەر شێوەی بەهەشت دامەزراوە!

## دایکم گەوهەری ژیانم لا ١١٢-١١٨



وا دەزانم دوێنێیە، مێرمنداڵێک بووم لە ئێوارەیەکی بێڕەحمی خانەقیندا بەهاوارو گریانەوە بە دوای جەنازەی باوکمەوە بووم بەرەوگۆڕستان، بەڵام هاواری ئەو کاتم تەنیا هاواری منداڵێک بوو بۆ لەدەســـــتدانی باوکی بەبێ ئەوەی بە ڕاســـتی قورســـایی ئەو کۆســـتە بزانێت، بەبێ ئەوەی درک بەوە بکات کە دێوەزمەی بێ باوکی چۆن چنگ لە قوڕگی چارەنووســـی ئەگرێت، ســـاڵانێکی زۆر دوای ئەوە بەهەمان شـــێوە لە ئێوارەیەکی خانەقیندا بە دوای جەنازەی دایکمەوە بۆ هەمان گۆڕستان، بەڵام ئەم جارە بە خەمێکی قوڵتر، چونکە هاواری من تەنیا تێکەڵ بە قوڵپی گریان نەبوو، بەڵکو هاوارێک بوو لە هەموو جەســـــتەو ڕۆحم هەڵئەقوڵا بۆ لە دەستدانی (گەوهەر)ی ژیانم، ئەو ژنەی هەموو تەمەنی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کرد کە هەوڵبدات هەموو تاڵیەکانی ژیان، بە تامی هەنگوین دەرخواردی ٥ منداڵە هەتیوەکەی بدات، هەوڵبدات گیان

و رۆحی خۆی بکاتە قەڵغانی منداڵە بێنازەکانی بۆ ئەوەی زیاتر بەر زەبری قەدەری بێ باوکی و نەداری نەکەون، هەر بە ڕاســـــت ئەو ئێوارەیە خانەقین بۆ من پایتەختی خەمی هەموو دنیا بوو، چونکە دایکم بە یەکجاری جێی هێشــــتم، ئەو دایکەی پاڵەوانی راســــتەقینەی پڕکردنەوەی کەلێنی بێ باوکیمان بوو، بۆیە بە مردنی ســــەرلەنوێ هەتیو کەوتمەوە.

من نازانم ئەندازەی خۆشەویستی هەموو دایکێک بۆ منداڵەکانی وەکو یەکە یان نا، گەر واش بێت، ناتوانم باوەڕ بەو راســـتیە بکەم، چونکە خۆشەویستی دایکی من ئەڵماسێک بوو لەناو تاریکی ژیانێکی دلڕەقانە، لەناو دەهلیزی هەژاری و نەداریدا زیاتر بۆ ئێمە ئەگەشــــایەوە، ئەو تەنها دایک نەبوو، بەڵکو فریشــتەیەک بوو لە پێســتی دایکەوە هاتبووە سەر زەوی بۆ ئەوەی لەو دۆزەخە سەختە رزگار بکات کە بێ باوکی بۆ ئێمەمانانی ســــازدابوو، بۆیە ئەو ژنە دوو دیوی هەبوو، دیوێک کە دەریایەک بوو لە خەم؛ مردنی هاوســـەرەکەی، ٥ منداڵی هەتیو(ســـعاد، عماد، سـناء، سـمیر، سـەرگوڵ) جیهانێک پڕ لەهەژاری کە ئەو دیوەی جێ برینی خەم و ناســـۆر بوو، دیوێکی تریشـــی خۆشـــی بەخش و فریادڕەسی ئێمە بوو.

دایە (گەوهەر)هەر بە ناو گەوهەر نەبوو، بەڵکو گەوهەری ژیانی ئێمە بوو، چەترێک بوو کە جیهانی هەر پێنج جگەرگۆشـــەکەی لە ژێردا جێ دەبوەوە، باوەشــێک بوو تامی هەموو ئەم جیهانەی ئەدا، هەرگیز بیرم ناچێتەوە، دایکم قژێکی رەشـــــی خاوی هەبوو، ســــەری بێ باوکی و نەداریمی ئەکردە کۆشـــی و ئەو قژە خاوەشـــی وەکو چەتر ئەخســـتە

ســـەر روومەتەکانم کە بۆنی بەهەشـــتی لێ ئەهات، بە دەنگێکی پر لە حوزن لایەلایەی بۆ ئەکردم، بەدەم گۆرانی ئەڵوەن هەی ئەڵوەن، ریزە مرواری فرمێسکەکانی ئەبوون بە ئەڵوەندێکی تر،چاوەکانی سیحرێکی بێ کۆتاییان هەبو. منی منالْ لە ژێر چەتری قژیی و ســـۆزی دەنگە ناوازەکەی و ســـیحری چاوەکانی ئەخەوتم، بەو شـــێوەیە منی لە ژێردەســـتی قەدەری بێ باوکی و چنگی هەژاریەوە ئەگواســـتەوە بۆ جیهانی فریشتەکان، من بە دەم دەنگە خۆشەکەیەوە خەو ئەیبردمەوە، هەر بەڕاست دایکم بۆ ئێمە پردی نێوان مان و نەمان بوو، بە سۆزی دایکانەی خۆی ئێمەی گەیاندە کەنارێکی ئارام، بۆیە تا بمێنم بەدوای رەونەقی ئەو روخسارەیدا وێڵم، بەڵام ئەفسوس تازە ڕۆیی.

بیرمە منالێکی هاروهاج، رانەوەســـت و عەجوول بووم، هەرچەندە چاوی ئەوم بەســـەرەوە بوو، بەڵام دەرەقەتی کۆنترۆڵکردنیشـــم نەدەهات، هەمیشە دەست و ئەژنۆم برینی پێوە بوو، دایکم سەرەڕای ئەوەی خەمبار و سەرقاڵ بوو، بەڵام فریای ئەوەشم ئەکەوت، لەکاتی شـوشـتنا منی ئەخسـتە ناو تەشـتێک و ئینجا برینەکانمی ئەبینی، بە دەستەکانی ئەو برینانەی سارێژ ئەکردو لەگەڵیشیدا ئەگریا و فرمێسک لە چاوانی هۆنهۆن ئەهاتنە خوارەوە، ئەو چەند میهرەبان و دڵ گەرم بوو، بەڵام من وەک نەبووم، هەمیشە بۆ ئەو سەرچاوەی سەرئێشەو چەرمەســـەری بووم، چونکە تاکە خەمی ئەو گەورەکردنی ئێمە بوو، بـەڵام خـەمی من شـــتی تر بوو، بۆیە دوای گـەورەبوونم و تێکـەڵ بوونیشم بە سیاسەت و رێکخستن، گەڕێکی تری سەرئێشەو خەمو ئازاری ئەو بوو، گیرانیشـــم لەلایەن بەعس و ئەمنی عامە ترۆپکی ئەو

خەم و ئازارانە بوو کە دایکم بە هۆی منەوە بینی، ئەو ئەیوت (منالْ بەم دەردەسەریە گەورە بکەو بەعسیش بەم ئاسانیە بیبات!

ئەوکات دایکم بە قرچەی گەرمای هاوین، بە هەموو نەداری خۆیەوە هەفتەی جارێک ئەهات بۆ ئەوەی چاوی پێم بکەوێت و جل و پێداویســـــتی ترم بۆ بێنێت، کەچی بێهوودە لەجیاتی بینینی کوڕەکەی، جلە خوێناویەکانیان ئەدایەوە، من دلْنیام ئازاری دایکی من وەک ئەوانی تر نەبوو،جلە خوێناویەکانم دۆزەخی ژیانی ئەوی گەرمتر ئەکرد، کە بەریشبووم بۆی باس ئەکردم چ موعاناتێکی هەبووە، دوای ئەوەش وێســـــتگەی پێشـــــمەرگایەتیش بۆ دایکم مایەی خەم و دەردەســـــەری تازە بوو، جاران بەدەم بارگرانی ژیان و گوزەران، رێگەی ســـــجن و بێ ســـــەروشـــــوێنی کورەکەی، دوای بوونم بە پێشمەرگەش، خۆ حەشاردان لە ترسی بەعس و مالْەو مالْی خانەقیشی هاتە سەر، جگە لە گوندەو گوندی کوردستان بۆ بینینی من و سمیری برام. بریندار‌بوونیشم کەسەرێکی تری دایکم بوو.

دوای راپەڕین و گەڕانەوەمان من هەمیشە هەولْمداوە بۆ ئەوەی هەرنا کەمێک قەرەبووی ئەو دایکەم بکەمەوەو لە حەسرەت و ناخۆشیەکانی چارەبکەم، گەر هیچ نەبێت ئارامی و خۆشـــــبەختیەکی پێ ببەخشـــــم، بەلاْم چۆن ئینســـــان ئەتوانێ قەرەبووی (گەوهەر)ێک بکاتەوە کە گەوهەر ئیرەیی پێ ببات، چۆن ئەتوانێ نرخی ئەو ژان و ناســـــۆرەی بداتەوە کە بە درێژایی ئەلْوەن درێژ بوون، ئێســـــتا زۆر جار بیر لەوە ئەکەمەوە دایکم وەکو دارخورمایەکی هەرە بە هێزی خانەقین بوو، گەرماو رەشـــــباو دەردەســـــەری ژیان نەیچەماندەوە، بەســـــەربەرزی

ئێمەی گەورە کرد، هەر ئەوەش نا بەڵکو ســـــەرەڕای کۆچی باوکم، سـەرەڕای دەسـتکورتی و خراپی گوزەران، وەکو کەسـایەتیەکی دیارو ڕێزلێگیراوی بنەماڵەکەی و گەڕەک و خزمانیش مایەوە، ئەزموون و بەرخوردی لەگەڵ ژیان بەهرەی ئەوەی پێدابوو لە هەویری بارخراپی و دەســـــکورتی، نانی عیزەتی نەفس و ڕێزو کەســـــایەتیەکی بەهێز دروســـــت بکات، لە هەژاری پارەوپول و ســـــامان، دەوڵەمەندی ناو و ناوبانگ و ڕێزی خەڵک بۆ خۆی بچنێتەوە، ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێ گەر بڵێم ئەو هاوســـەنگی و حیکمەتەی ســـەدان زاناو بیرمەندی وەکو مارکس تیۆرەیان بۆ ئەکرد، دایکم بە ئاســـــانی لە ناو چوار دیواری ماڵێکی هەژاردا بەرجەســـــتەی ئەکرد کە تەنیا خەم و دەســـــکورتی ســـــەرمایەکەی بوو، دایکێک بوو لەم جیهانەدا چاوی لەهەموو شـــتێک پۆشـی بوو و دەسـتی بەسـەر ئێمەدا ئەهێنا، بەڵام ئەو خۆی کەسـێکی نەبوو وای بۆ بکا، خەمی ئێمەی ئەخوارد، بەڵام ژیان خەمی ئەوی نەبوو، زەردەخەنەو پێکەنینی بۆ ئێمە وەکو کولێرەیەک وابوو دیوێکی جوان و دیوێکیشی جێداغی بارگرانی ژیان و گوزەران بێت.

من بیرمە لە گەرمای هەڵقرچێنەری خانەقیندا، لە ژورێکی قوڕینی بێ پەنجەرەدا، دایکم بە دەزو و داوی خەم و چەرمەسەری چارەنووسێکی باشـــتري لەســـەر پارچەقوماشـــی ژیان بۆ ئەنەخشـــاندین، لەو گەرما هەڵپڕوکێنەرەی خانەقیندا بە باوەشـێنێکەوە ئێمەی فێنک ئەکردەوە، کە گەورە بووم و بە ئێســـتاشـــمەوە من بیر ئەکەمەوە کە دایکم ئەوکات چەند بە بێدەنگی بۆ چارەنووســـی خۆی و منداڵەکانی گریابێت، ژنێک لە ٢٩ ســاڵیدا بێوەژن کەوتبێ و لە قەدەری گەورەکردنی ٥ منداڵی بێ دەرەتان شتێکی تری بە میرات بۆ جێ نەمابێت؟

منداڵ هەر چەند گەورە بێت، لە چاوی دایک و باوکی هەر بچوکەو هەر وەکو منداڵ دێتە بەرچاو، هەمان شـــت بۆ منداڵیش راســـتە، هەرچەند بچێتە عومرەوە زیاتر پێویستی بە باوەش و خۆشەویستی دایک هەیە، زیاتر تۆن و مۆسیقای وتنی دایەی لا شیرینترو عەزیز تر ئەبێت، خۆشەویستی دایک ئەو سوڵتان و ئیمپراتۆریەتەیە جێگرەوەو بەدیلی نییە، دیاریەکی خوداییە زەمان و مەکانی نییە، هەموو رۆژێک لەگەڵ خۆری بەیانیان نوێ ئەبێتەوە، بۆیە کۆستی لەدەستدانی دایک وەک ئاوابوونی یەکجارەکی خۆرە لەسەر زەوی.

خوایەگیان من چۆن بەرگەی ئاوابوونی ئەو خۆرە بگرم ، چۆن بێ بانگ کردنی ناوی(دایە) زمانم بێتە گۆ ، کە من لە خۆشـــترین و پڕ واتاترین وشـــە بێبەش بووم، ئێســـتا گیانی من تاریکســـتانێکە خۆری دایکی لێ ئاوابوو، مەگەر بیرەوەریەکانی ســـەبووری ئەو کۆســـتەم بدەن!

**من (گەوهەر)ێکم رۆشت کە تا ماوم جێگەی پڕ نابێتەوە.**

## چیرۆکێک له جەلەوه ۱ لا ۱۱۹-۱۲٤

وڵاتەکەم خۆشدەوێ

شارەکەم خۆشتر دەوێ

شـــەیدای جەلەوەم جەلەوە، گەڕەکێکی کۆنی خـانەقینە، هەرچەنـدە زۆربەی خەڵکەکەشـــی کورد بوون، بەڵام مۆزایکێکە لە کورد، عەرەب و تورکمان و سـوونە، شـیعە و کاکەیی، ئەمەش وایکردووە لە هەموو ســـەردەمەکان خەڵکەکەی بە ئاســـانی و بەبێ ناکۆکیی تایفەگەری و نەژادگەری بە یەکەوە بژین.

جەلەوە هەڵکەوتەیەکی ســـەیری هەیە، کۆڵان و جـادەکـانی بەقەد نەهـامەتی و کولەمەرگیی ژیانی مرۆڤەکانی تەســـک و پێچاوپێچن، کۆڵانێکی ســـەرەکی گەڕەکەکە قیرتاو بوو، بەڵام هێندە تەســـک بوو بەزەحمەت سـەیارە پێیدا دەڕۆیشـت، سـێ کۆڵانی تری هێندە تەسـک بوون سەیارەی هەر پێدا نەدەڕۆیشت.

ئەم گەڕەکە دەکەوێتە دەســـتی چەپی شـــارەکە و لەنێوان ڕووباری ئەڵوەن و جۆگە ئاوی عالیاوەیە، لەوبەری ئاوی ئەڵوەنەوە لەســـەر ڕۆخی ئـاوەکەوە بە ڕیز بە یەکەوە مـاڵی قـایمقـام و قوتـابخـانەی ســـەرەتایی کچانی خانەقین و قوتابخانەی ناوەندیی کچان و ســـەرای خـانەقین و مزگەوتی مەجیـدبەگ و حەمـامی عەبدوڵڵا بەگ دەکەونە بەرانبەری. پشت و کەمەری بە باخ تەنرابوو، ئەو باخانەی کە دیمەنێکی

ڕازاوەیـــان پێ بەخشـــیبوو، دارخورمـــاکـــان ســـێبەری فێنـک و ســـەعافەکانیش (لقی ســـەری دارخورما) باوەشـــێنی قرچەی گەرمای هاوینن) .کوپری گەورە) کە پردێکی بەردینی کۆنە و لە ســـــەردەمی ســـەفەویدا درووســـتکراوە، جەلەوە دەبەســـتێتەوە بە بەشـــەکەی تری خانەقینەوە.

لە کۆتایی وەرزی زســـتاندا بەهۆی لافاوی ئەڵوەنەوە جاروبار ڕێگای ســەرەکی دادەخرا و لە وەرزی بەهاریشــدا (قەداح)ی دار پرتەقاڵەکانی دەوروبەری بۆن و بەرامی خۆشی بەسەردا دەباراند.

زۆربەی هەرە زۆری خـــانووەکـــانی ئەو گەڕەکە بە قوڕ و دارەڕا درووســـــتکرابوون، زۆبەی خانووەکان چەند خێزانێکی تێدا دەژیان، تەنانەت خانووی وا هەبوو حەوت خێزانی تێدا بووە، بە جۆرێک هەر خێزانێـک ژوورێکی بە کرێ دەگرت پێی دەوترا (نزڵ) خـانووەکەش هەرچەندە خێزانی تێدا بووایە یەک حەوز و بەلوعەی ئاو و یەک ئاو دەســـــتی هەبوو (پێی دەوترا ئەدەب خانە) و زۆربەی خانووەکانیش ستارەی سەربانیان نەبوو، هاوینان هەمووان لە سەربان دەخەوتن و تاوەکوو درەنگان خەریکی قسەوباسی ڕۆژانەی خۆیان بوون. بەیانیان بە دەنگی بولبول و چریکەی مەل و هاژەی ئەڵوەن و نەرمە تیشـــــکی خۆر خەبەریان دەبووەوە.

بەهۆی نزیکی بـاخەکـانەوە خەڵکی ئەم گەڕەکە تـایبەتمەنـدی خۆیـان هەبوو، فێری ڕاوی باڵندە و دانانی تەڵە بۆ بەراز و کوشـــــتنی مار ببوون.

هەروەها نزیکیی ئەڵوەن وایکردبوو زۆربەی خەڵکەکە مەلەوان و فێری ڕاوەماســـی ببن .پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵکەکە بەهێز بوو، بە جۆرێک هەمووان لە خۆشـــی و ناخۆشـــی یەکتریدا بەشـــداربوون .لە هاویندا ژنان بە هەرەوەزی خەریکی درووستکردنی دۆشاوی تەماتەی ئاوداری عالیاوە بوون و لە کۆتایی پایزیشـــدا هەمووان بە ژن و پیاو و منداڵەوە بە هەرەوەزی بەشداری (سـەرام) بڕینی خۆشـە خورمایان دەکرد و لە دواییدا ژنان خەریکی دۆشـاوی خورما دەبوون، هەندێ لە خێزانەکـانیش (تەوش)ی میوەی هەڵوەریوی ژێر درەختەکـانیـان بەردەکەوت.

ئەم گەڕەکە خاوەنی هەندێ کەســـایەتی تایبەت بوو، هەریەکە و لە بوارێکدا دیار و بەرچاو بوون، بەڵام داخەکەم بۆ عەزیز نەســینێک بۆ ئەوەی هەریەکەیان بکاتە کاراکتەر و پاڵەوانی چیرۆک و ڕۆمانەکانی.

یەکێک لە کاراکتەرەکانی چیرۆکی ڕاســـتەقینەی ژیان لە جەلەوە خاڵۆ نەزەر بوو، ئەم زاتە پیـاوێکی بـاڵابەرز و قیـافەت ڕێکوپێـک و گەنم ڕەنگی مەیلە و ســـپی و دەم بەپێکەنین بوو، لە بنەڕەتەوە لە گوندی عالیاوە و لەدایکبووی ســالّی (١٩٢٨) و زەهاوی بوو، خێزاندار بوو و کوڕێک و شـــەش کچی هەبوو، ئەو پیاوە جووتیارێکی دەســـت بە بەرەکەت بوو.

خاڵۆ نەزەر سەرەڕای جووتیاری، کەرەستەی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ قەبرهەڵکەنـدن و لەکـاتی مردنی کەســـێک لە گەڕەکەکە ئەو لەگەڵ ژمـارەیەک گەنج کە منیش یەکێـک بووم لەوانە قەبرەکەیـان ئـامـادە دەکرد و مردووەکەیان بەخاک دەسـپارد .ئەو پیاوە هەموو ســاڵێک لە

پـاییزان بە هەرەوەزی لەگەڵ گەنجـانی گەڕەکەکە سـوواقی قوڕی سـەربانی خانووەکانی دەکرد، دوای ئەو بۆ ماوەیەک من ئەو ئەرکەم گرتە ئەسـتۆ. خـاڵۆ نەزەر پیـاوێکی موسـڵمـان و ئیمـانـدار بوو، شانبەشانی ئەمەش پیاوێکی نیشتمانپەروەر و خاوەن هەڵوێست و لە ڕووی سیاسیشەوە کوردپەروەر و پارتی بوو.

دوای هەرەسـی شـۆڕش لە سـاڵی (١٩٧٥) خەڵکی خانەقین کەوتنە بەر شاڵاوێکی بەرفراوانی ڕاگوێزان و دەرپەڕاندن بۆ ناوچەکانی خوارووی ئێراق، تەنانەت لادێکان و دەوروبەری شـارەکەشـی گرتەوە. لەو سـەروبەنـدەدا خـاڵۆ نەزەر لە ترسـی ڕاگوێزانی زۆرەملێ، خۆی جەلەوەی جێهێشـت و چووە ئەبوغرێب. سـەید هاشـم کە ئەفسـەرێکی خانەنشـینی سـەردەمی مەلیک و ناسـیاوی بوو، لەوێ لە باخی ئەفسـەرێکی دۆستێکی خۆی دایمەزراند و لەوێ نیشتەجێ بوون .دوای مـاوەیەک خـاڵۆ نەزەر بەعەگـاڵ و عەبـایەکی عەرەبییەوە سـەردانی جەلەوەی کردەوە بۆ ئەحواڵ پرسـین و وەکوو ئەوەش بڵێت ئەوە من پێشـوەخت خۆم نەجات دا و ئێوەش چاوەڕوانی ڕەحمەتی بەعس بن . ڕۆژگار ڕۆیشت و قەدەریش وابوو جەلەوە بەر ڕاگوێزان نەکەوت .

دوای نزیکەی دوو سـاڵ بەهۆی جەور و زوڵمی دامودەزگای ئەمن و ئیسـتخبارات و بێتاقەتی نەگونجانی و هەسـتی نامۆیی وای لە خاڵۆ نەزەر کرد بەنـاچـاری بڕیـاری گەڕانەوە بۆ جەلەوە بـدات، بەڵام سیناریۆیەکی سەیری بۆ گەڕانەوەی خۆی داڕشتبوو، پێشتر ئەندامانی خێزانەکەی نـاردەوە و گوایە خۆی دوای ئەوان دێتەوە، بەڵام چەنـد ڕۆژێک دوای هاتنەوەی خێزانەکەی هەواڵی خۆکوشـتنی حاجی نەزەر

گەیشت، کە بە پەتێک خۆی بە دارەتوویەکی باخەکەوە هەڵواسیبوو و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو. ئیتر قەدەر وایکرد لەجیاتی خۆی تەرمەکەی بهێندرێتەوە بۆ جەلەوە و بە هەمان کەرەستەکەی خۆیشی لە گۆڕستانی ئیمام عەباس بەخاک بسپێردرێت .

لەو کاتەدا خەڵکی گەڕەک هەندێکیان خەفەتباربوون بۆ مردنی، ئەوانی تریش ڕەخنە و گلەیی و گازەندەیان لێی هەبوو، من ئەو کات لە بەرەی دووەمدا بووم و ڕەفتارەکەی خالۆ نەزەرم بەدڵ نەبوو، دەموت چۆن دەبێ کەسێک بە هەر هۆیەک و لەژێر هەر گوشارێک بێ دەست لە ناسنامەی نەتەوەیی هەڵبگرێ، بەڵام نەمدەزانی خالۆ نەزەر لەناخیدا هەستی نەتەوەیی نەک نەشکاوە، بگرە پتەوتر بووە.

چیرۆکی خالۆ نەزەر و هەموو دانیشتووانی ئەو گەڕەکە لە دنیایەکی سادە و بچووک ڕوویان دەدا، لە جوگرافیایەکی پڕ لە مەینەت و ئازار و کوێرەوەری هەڵدەقوڵان، بەڵام بە یەکەوە زنجیرەی هەرە گەورەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی کوردستانیان تەواو دەکرد، ئەو ڕووداوە بچووکانە بە یەکەوە مانایان دەدایە ژیان، دوای چەندین ساڵ لەو بەسەرهاتانە، ئێستا بەدەست خۆم نییە بیرکردنەوە و خەیاڵم پەلکێشم دەکەن بۆ بەراوردێکی سەیر، بەخۆم دەڵێم ئەوەی ئەوکات ئەو پیاوە کردی تەنیا زیانی بۆ خۆی و ناو س ناوبانگی تاکەکەسی خۆی بوو، بەڵام لەبەر پارێزگاری لە کەرامەت و عیزەتی نەفس وازی لە دین و دونیا هێنا و خۆی کوشت، ڕووی نەهات جارێکی تر تەنیا لەبەر ڕاکردن و پۆشینی عەگاڵ و عەبای عەرەبی ڕووبکاتەوە جەلەوە و سەرەنجام سزای هەڵواسینی بەسەر خۆیدا سەپاند. داخەکەم نازانم

چۆن بەراوردی ئەمڕۆ بەو ڕۆژگارە بکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم ســـــەد ڕەحمەت لە ڕووحی خاڵۆ نەزەر.

## چیرۆکێک لە جەلەوە(٢)  لا ١٢٥-١٣١

ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم (جەلەوە) ڕۆڵێکی ئێجگار باشی بینیوە لە پاراستنی ڕەسەنایەتی و دابوونەریتی کوردەواری و کوردایەتی لە خانەقین کە شارێکی دێرینە و مێژووەکەی بۆ سەردەمانی پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە.

ئەوکاتە خانەقین بریتی بووە لە دوو گوند لەمبەر و ئەوبەری ڕووباری ئەڵوەن، بەری ڕۆژاوا گوندی خانەقین بووە کە (جەلەوە) بنچینەکەیەتی، بەری ڕۆژهەڵاتیش گوندی (حاجی قەرە) بوو، کەواتە لەگەڵ بوونی خانەقین، جەلەوە هەبووە. ئەگەرچی ئەم ناوە ڕەنگە تازە بێ، بەڵام وەکوو گەڕەک هەبووە و بەشێک بووە لەو گوندە گەورەیەی کە ئێستا پێیدەوترێت (ئاغا و خەلیفە)، سەبارەت بە ناوەکەشی قسەی زۆر هەیە، یەکێک لەوانە کە ڕەنگە لە هەمووی درووستتر بێت، دەوترێت لە ناوی (حاجی جەلیل)ەوە هاتووە، کە پیاوێکی ناودار بووە و دەستی هەبووە لە ئاوەدانکردنەوەی جەلەوە.

بەڕاستی نازانم بۆ زۆر کات بیروهۆشم ئۆقرەناگرێ و وەکوو باڵندەی لانەواز لە شەقەی باڵ دەدات و لە شاری هەڵمەت و قوربانی و میهرەبانییەوە بەرەو خوار دەڕوات و دواجار لە مەنزڵگەی خۆی لەسەر درەختێکی بێناز لەناو باخێکی جەلەوە دەنیشێتەوە.

درەختەکان ئەم جارە سـیس و ڕەنگ خۆڵەمیشـی بوون بەهۆی سیاسەتی (الارض المحروقة)ی فاشیستەکان و بێئاوی و خزمەتنەکردن و سووتاندنی باخەکان لەلایەن هەندێ چاوچنۆک و حەرامزادەوە.

یەکێک لەم باخانە، باخی قەسـرەکە بوو، لەبەرئەوەی قەسـرەکەی (مەجید بەگ) لە تەنیشـتی بوو پێیدەوترا باخی قەسـرەکە. لە سـاڵانی پێش نەوەدەکـانی سـەدەی ڕابردوو پڕبوو لە بەرهەمی خورمـا و پرتەقاڵ و هەنار، ئەم باخە لە بنەڕەتدا هی (مووشیحای) دەوڵەمەندێکی جوو بووە لە خانەقین، دوایی بووە بە هی تاهیر عوزێر و غازي ئاغا، تاهیر عوزێر سەرۆکی کاکەییەکانی خانەقین بوو، ساڵانە تاهیر عوزێر بە نیوە کرێ و نانەزگی ژمارەیەک کاکەیی دەهێنا بۆ خزمەتکردن و (سەرام و زگار) بڕینی خۆشە خورما و کۆکردنەوەیان، سەردەمانێک خاڵۆ جاسم باخەوانی بوو.

لەدایکبووی ساڵی (١٩١٠) بوو، لە خانەباخی قەسرەکە نیشتەجێ بوون لەگەڵ هـاوژینـەکەی و سـێ کـوڕ و سـێ کـچـی. خاڵۆ جاسـم، لەگەڵ خەزووری لە (مەندەلی)ەوە هاتبوون بۆ جەلەوە بۆ کاسبی و باخەوانی.

خەزوورەکەی ناوی شـەهاب بوو، پیاوێکی ئەسـمەری تۆخ بوو، سـمێڵێکی ڕەش و ئەسـتوور شـۆڕبووی هەبوو بەسـەر دەمیدا، بە زگماک قاچێکی ئیفلیج و نزیکەی نیو گەز لەوەی دیکەی کوورتتر بوو و بە دارشـەق دەڕۆیشت. ئەو پیاوە لەکاتی هەڵگرتنی خەلە و خەرمان بە کەر و شـەڵتەوە سـەردانی دێهاتی دەوروبەری خانەقینی دەکرد بۆ کۆکردنەوەی یارمەتیی و زەکات. جەژنانیش هەلورک و چەرخوفەلەکی

لە (بـان جەلەوە) دادەنـا، کە لە داری توو درووسـتیدەکردن و بە پـارەیەکی کەم منـدالانی گەڕەکەکەی دڵخۆش دەکرد. بـان جەلەوە گۆڕەپانێکی سـەروویماڵەکان و نزیک باخی قەسرەکە بوو، لە جەژن و بۆنەکاندا مندالان تێیدا کۆدەبوونەوە بۆ یاریی فوتبۆڵێن و (بلبلان) یارییەک بوو بە دار دەکرا.

خاڵۆ شەهاب و هاوژینەکەی لە یەک ژووری خانووەکەی (موسا دێو) دەژیـان، کە ئێمەش (بەنـدە و دایکم و دوو خوشـک و برایەک) لەو خانووەدا بووین، کە حەوت خێزانی تێدا کرێچی بوو و هەر خێزانێک و ژوورێکمان هەبوو.

ئەو سـەردەمانە، زسـتانی خانەقین بەتایبەتی مانگی یەک و دوو زۆر سـارد بوو، زۆبەی بەیانیان زەوییەکە دەیبەسـت، خاڵۆ شـەهاب ناچار بوو جاروبار گوێدرێژەکەش بێنێتە ژوورەوە لەگەڵیاندا ڕۆژ بکاتەوە.

خاڵۆ جاسـم، یەکێک لە سـێ کوڕەکەی، ناوی عیدان بوو، لەدایکبووی سـاڵی (١٩٥٢) بوو، عەقڵی لەگەڵ تەمەنیدا گەشـەی نەکردبوو، عومری نزیکەی پـازدە سـاڵ بوو، بەلام ئەو وەکوو منـداڵی پێنج سـاڵە هەڵسـوکەوتی دەکرد، بۆیە بە شـێت ناوەزەد دەکرا. عیدان شـێوەی لە باپیرەی (شـەهاب شـەل) دەچوو، قژ ڕەش و شـێواو، چاو ڕەش، تۆزێ خێل و برۆ ئەسـتوور و برژانگ درێژ و لووت قنج و پان و دەم و لێو ئەسـتوور و ددان سـپی و ملبەرز و شـان پان و بالابەرز. لەگەڵ مندالانی گەڕەک نەدەژیـا و پیاوانیش ڕازی نەدەبوون بچێتە نـاویـان، وایلێهاتبوو بە تەنیا بژی.

سەردەمانێک لە جەلەوە سێ دووکان هەبوون؛ دووکانی حاجی یاسین و دووکانی سلێمان و دووکانی میر عەلی، ئەم سێ دووکانە وەکوو بازاڕی (عوکاز) یان لێهاتبوو، بەتایبەتی دووکانی سلێمان، کە جێی مشتومڕی هەمەجۆر و لێکدانەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری و قسەی خۆش و گاڵتەوگەپ بوو. زۆر جار عەسران سلێمان بەردەم دووکانەکەی بە ئاوی ئەڵوەن ئاورشێن دەکرد و گسکی دەدا، ئێمەمانانیش وەکوو هەرزەکار هاوکاریمان دەکرد بۆ ئەوەی بتوانین لەکاتی مەجلیسی شێخ ڕەشید مەلا ئیبراهیم، ئێمەش دابنیشین.

شێخ ڕەشید کارمەندی کۆمپانیای نەوت بوو و خوێندەوار و لە ئایینیش شارەزا بوو، هەندێ جاریش لە مزگەوتی مەجید بەگ بانگی دەدا و دەنگیشی زۆر خۆش بوو، لە دەنگی سەید عەلی ئەسغەر دەچوو، لەو شوێنەی لە بەردەم دووکانی سلێمان، شێخ ڕەشید پەڕتووکی (قصة الانبياء)ی بۆ مەجلیسەکە دەخوێندەوە و دەیکردە کوردی و بۆی شی دەکردنەوە، جاروباریش عیدان لەو دەورووبەرە دادەنیشت و ئاگای لە قسەکانی شێخ نەدەبوو، لەگەڵ دونیای خەیاڵ و عەقڵی خۆی سەرقاڵ دەبوو.

عیدان، بەردەوام بە پێخاوسی لە قەراخی ئاوی ئەڵوەن هاتوچۆی دەکرد تا هیلاک دەبوو، ئینجا دادەنیشت و بە بێدەنگی سەیری وردە ماسییەکانی ئەڵوەنی دەکرد. جاروبار منداڵ و هەندێ هەرزەکار ئەزیەتی عیدانیان دەدا، ئەویش تووڕە و بەلەسە دەبوو بە کەسیش هێور نەدەبووەوە تەنیا دایکی نەبێت. ڕۆژگار هات و چوو، لە کاتی ڕزگارکردنی خانەقین لە بەهاری ساڵی

(١٩٩١) خەڵکی جەلەوە بەشـداری بەرچاویان لە ڕاماڵینی دامودەزگای ڕژێمی فـاشـــیســـتی بەعس کرد، بەڵام تەواونەکردنی پرۆســـەی ڕووخاندنی بەعس بووە مایەی ئەوەی بەشێکی زۆری خەڵکی خانەقین بەر گرتن و کوشـتن بکەون، یەکێک لەوانە (مەخەنی) حەسـەن مەهدی بوو کە بێســـەروشـــوێن کرا، عیدانی بەدبەختیش بێ ڕەحمانە زۆر ئەشـکەنجە درابوو، کە پێشـتر هیچی لە جەور و سـتەمی داگیرکەری بەعس نەدەزانی.

عیـدانی دامـاو دووبـارە لە ســـاڵی (١٩٩٤) لەلایەن دەزگـای ئەمنی خـانەقینەوە دەگیرێـت و ڕەوانەی ئەمنی عـامەی بەغـدا دەکرێـت بە تۆمەتی (مجهول النوایا) دوو مانگ زیاتر لەژێر ئەشکەنجەی وەحشیانە دەمێنێتەوە و دواتر ڕەوانەی شـــەمـاعییە دەکرێـت و لەوێ پـاش ماوەیەکی کەم ئەم کوڕە بەدبەختە بەبێ تاوان شـــەهید دەبێ، لەوەش خراپتر دەزگای ئەمن ناهێڵن کەســـوکارەکەی تەرمەکەی بێننەوە بۆ خـانەقین و بە نـاچـاری لە گۆڕســـتـانێکی دەرەوەی بەغـدا بە خـاک دەسپێردرێت.

ئێســـتاش من بیری عیدانی بێ تاوان دەکەمەوە و دەڵێم: مەگەر خوا بزانێت چۆن بەرگەی ئەشـــکەنجە و لێدانی وەحشـــیانەی جەلادەکانی بەعس و هەڵواسینی گرتبێ. بیر لەوە دەکەمەوە کە عیدان ئەوکاتە چی کردبێ و چی وتبێـت و چۆن ڕووحە پـاکەکەی لە جەســـتەی جیـابووبێتەوە، چۆن لە غەدر و نـاعەدالەتی ئەم دنیـا بێ ڕەحمە گەیشتبێت.

عیدان یەکێک بوو لە و کەســانەی نەهامەتییەکانی لە کۆڵانە تەسـک و باریکەکانی جەلەوە دەستی پێ کرد و دواتریش بەدەستی جەلادەکانی بەعس بەشـــێوەیەکی تراژیـدی ژیـانی کۆتـایی پێهـات. ئەم چیرۆکە خەمگینەی عیدان، من دەباتەوە ســـەر خەیاڵێک کە چۆن عیدانەکان دەبنە قوربانی بێ ڕەحمی و بێ بەزەیی زەمەن، زەمەنێک کە عیدانی ناکام تێیدا بووە نێچیری دەزگا داپڵۆســێنەرەکانی بەعس، بۆیە لێرەش دووپاتی دەکەمەوە، دریغ بۆ یەشـار کەمالێک، سـادەیی ژیانی جەلەوە و کارەکتەرەکانی بەشـــیلەی تراژیدیا بکاتە کەرەســـتەی گێڕانەوەی نەهامەتییەکانی ئەو گەڕەکە هەژارنشـینە، کە بە بەری بسـت بە بسـتی کوردســـتانەکەم تەواوە، چونکە خەمی وڵاتەکەم لە ســـایەی بەعس و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی هەمووی یەکڕەنگ و یەکدەنگ بوو.

هەر بەدەم خەیاڵ و چرکە خەوەوە لەپڕ دەروێش باوەخانی بەهەشتی لەبەرانبەرمدا قوت بووەوە، کە ئەویش دەروێشـــێکی ڕاســـتەقینەی جەلەوە بوو، پێش پەنچا ســـاڵ زیاترە مردووە، پێیوتم: ( عیدان)م بینیوە، چەپکێک گوڵاڵەســـوورەی بەدەســـتەوەیە و لەتەک حەزرەتی عیســا و حەمزەی مامی پێغەمبەر و ئیمامی حســێن و حەلاج و قازی محەمەد، دانیشـــتووە بە زەردەخەنە ی فریشـــتە ئاســـا، ســـەیری جەلادەکان دەکات، چۆن بەرەو دۆزەخی ڕیسـوایی و ئەسـفەلەسـافلین، هاوشـــانی زوحاک و حەجاج و هیتلەر و عەلی کیمیایی و جەلادەکانی دیکە بەڕێدەکرێن.

## چیرۆکێک لە جەلەوە (٣) لا ١٣٢-١٣٩

جارێکی دیکە یادەوەرییەکان دەمبەنەوە بۆ جەلەوە. مێشـــکم ئەوەندە پڕە لە جەنجاڵیی ڕووداو و بەســـەرهاتەکانی ئەو گەڕەکە، کە ئەوکات جیهانێکی ســەیر و ژیان تێیدا ئێجگار سـادە بوو، بەڵام پڕ لە جووڵە و کارەکتەری جیاجیا بوو، بە جۆرێک خەریکە بەئاسـانی نەتوانم جیایان بکەمەوە. ڕووداوەکانی جەلەوە، هەموو بە یەکەوە وەکوو هەنگ هێرش دەکەنە ســـەر شـــانەکانی مێشـــکم، بەڵام زۆر گرانە بتوانم هەموو یادگارییەکانی ئەو ڕۆژگارە شـــەنوکەو بکەم و هەندێ لەو چیرۆکانە بڵاوبکەمەوە (لَا يُكَلِّفُ اللَّه نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا)، بۆیە بە دڵ داوای لێبووردن لە وانە دەکەم، کە نەمتوانیوە باسیان بکەم.

لەم زنجیرەدا ئەم چیرۆکە، کە یادەوەری و بەسەرهاتی (کاک سالم)ە، خۆی سەپاند و ناچاربووم باسی بکەم، هیوادارم ببێتە میسکی خیتامی ئەم چیرۆکەی جەلەوە.

سالم نەجم کەریم محەمەد سەعید حاتەم، باپیرە گەورەی خەزنەداری فەرمانگەیەکی حکومی بوو لە سەردەمی عوسمانی دا، سالم لە ساڵی (١٩٣٩) لە جەلەوە لەدایکبووە، باوکی چەخماخســـاز بووە، لە ســـاڵی (١٩٤٤) بەهۆی بزێوی و دەستێوەردانی سەرکێشانەی سالم لە کاری باوکی و لەکاتی دروســـتکردنی فیشـــەک بۆ چەکی تاپر، دەبێتە هۆی تەقینەوەی باروتی بەردەســـتیان، بەمەش باوکی دەســـتبەجێ گیان لەدەست دەدا و خۆیشی بەسەختی بریندار دەبێت و دەستی ڕاستی تا

نیوەی مەچەکی دەقرتێــت و چــاوێکی کوێر و ئەوەی دیکەش بە قوورسی بریندار دەبێت. بەم ڕووداوە ژیانی سالم دەبێتە کارەسات و بەدبەختی تاوەکوو دوا چرکەی ژیانیشـــــی لێینابێتەوە، کە بێ باوک و هەتیو دەکەوێت و ژیانی تاریک و تاڵ و داهاتووی نادیار و لێڵ دەبێت، بەڵام ئەم چەتوون و سەرکێشە سەرەڕای ئەم مەرگەساتەش بێئومێد نابێت و شـــەڕ لەگەڵ چارەنووس دەکات و زەمەن بە شـــێوەیەک لە شێوەکان هاوتەریب بە باری ناهەمواری خۆی دەگونجێنێت.

ماڵی سالم لە دوا کۆڵانی تەسکی قیرتاونەکراوی جەلەوە بوو، لەنێوان ماڵی دەرویش باوەخانی ســـۆفی و ماڵی باوەجانی کاکەیی بوو، بەرانبەریشـــیان ماڵی میر عەلی شـــیعەی دوازدە ئیمامی بوو، ماڵی نەنکیشم هەر لەو خانووە کرێچی بوون و مامۆستا موحسینی خاڵیشم هەر لەوێ لە دایک بووە.

لە منداڵییەوە سالم خاوەن کەسایەتی خۆی بووە، بە متمانە بەخۆبوون نەیهێشـتووە بێهیوا و دەسـتەپاچە بێت، سـەرەڕای باری ناهەمواری بەشـــــداری لە زۆربەی چالاکی و یارییەکانی گەڕەک لە هەڵماتێن و مەلەوانی و زۆرانبازی و پاسکیلسواری و. .. هتد کردووە.

جارێکیان برادەرەکانی دەیبەن بۆ دزینی پرتەقاڵ لە باخی قەســـرەکە، بە هەموویان گیرفانەکانی چاکەتەکەی ســـالم پڕ دەکەن لە پرتەقاڵ و خۆیـان هیچ هەڵنـاگرن، لە گەڕانەوەیـان لە کوێچەبـاخ، بـاخەوانەکە دەیانبینێ و ســـەیری گیرفانەکانی چاکەتەکەی ســـالم دەکات پڕە لە پرتەقاڵ، دوای گلەیی و گازندە و لێســەندنەوەی پرتەقاڵەکان لە ســالم باخەوانەکە دەڕوات. ســالم دەســتدەکات بە گیرفانەکانیدا دوو پرتەقاڵ

ماونەتەوە، بانگی باخەوانەکە دەکات و دەڵێت ئەوە دوو پرتەقاڵی دیکەش ماون، وەرە بیبەوە ئێمە ماڵی حەرام ناخۆین.!

سالم نەخوێندەوار بوو، بەڵام مێشکێکی زیرەک و یادەوەرییەکی بەهێزی هەبوو، بەردەوام خۆی بە کارێکەوە خەریک کردووە، خوی بە شتی سەیرەوە دەگرت، لەوانە ماوەیەک دەفتەرێکی تایبەتی هەبوو ڕۆژی لەدایکبوون و مردنی خەڵکی جەلەوەی تێدا دەنووسی، لەبەرئەوەی نەخوێندەوار بوو، مامۆستا موحسین ماوەیەکی زۆر ئەو ئەرکەی بۆ جێبەجێ دەکرد، لەدوای مامۆستا موحسین کە خانەقینی بەجێهێشت و پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد، بۆ ماوەیەک من کارەکەم بۆ ڕایی دەکرد. وای لێهاتبوو جاروبار خەڵکەکە بۆ دەرکردنی دەفتەر نفووس سوودیان لەو دەفتەرەی سالم وەردەگرت، بەلای سالمەوە گرنگ بوو کارێک بکات و خۆی پێوە سەرقاڵ بکات.

ئەو پیاوە وەک بڵێی لە سرووشتەوە حەزی چەک و چەخماخسازیشی لە باوکییەوە بۆ مابووەوە، بەنهێنی بەردەوام خەریکی پاککردنەوە و چاککردنی چەک بوو، بەتایبەتی دەمانچە بە هەموو جۆرەکانییەوە، لە دواییدا خەریکی دروستکردنی دەمانچە بوو و سەرەنجام دەمانچەیەکی سادەی قەڵەمیشی دروستکرد. لە درێژەی کارەکانیدا ماوەیەک کارمەندی عیادەی دکتۆر سامی بوو، ئەم وێستگەیەی ژیانی سالم زیاتر لە فیلم دەچێت تاوەکوو بەسەرهاتی ڕاستەقینە، بەهۆی خەسڵەتە جوان و چاکەکانی لە پاکی و ڕەوشتبەرزی و دڵسۆزی، ئەو دکتۆرە وەکوو هاوڕێ و کەسی خۆی تەماشای دەکرد.

لەو ماوەیەدا کە سالم بەردەستیی دکتۆر دەکات، بەوردی سەرنجی دەدات و گوێ لە قسەی نەخۆش و ڕاسپاردەی دکتۆر بۆ نەخۆشەکان دەگرێ و ناوی دەرمانەکان لەبەردەکات، دوای ماوەیەک کاتێ نەخۆشەکان سەردانی دکتۆر سامی دەکەن لە ژووری چاوەڕوانی سالم خۆی لێیان دەکاتە دکتۆر لەجیاتی دکتۆر پرسیاریان لێدەکات و تەنانەت چارەسەریان بۆ دیاریدەکات و پێیان دەڵێت بڕۆن ئەم دەرمانە بکڕن و بەمشێوەیە بەکاریبێنن، پێشیان دەڵێت: بۆ دەچن بۆ لای دکتۆر، ئەویش هەمان دەرمانتان بۆ دەنووسێت و پارەتان لێوەردەگرێ، ئیدی وای لێدێت دکتۆر سامی هەست بە کەمیی نەخۆش و کزبوونی ئیشی عیادەکەی دەکات، ڕۆژێک پرسیار لە سالم دەکات و دەڵێت: ئەوە چییە ئەم ماوەیە نەخۆشمان کەمبووەتەوە؟ ئەویش دەڵێت خۆم بەخۆڕایی بەڕێیان دەکەم و پێویست ناکات بێنە لای جەنابتان. دکتۆر سامیش دەڵێت: خۆش ئەبولئیستعلامات...خۆش دکتۆر. ..! بۆ تۆ نایەی لە شوێنەکەی من دانیشیت و من لێرە بم..!؟ لە دواییدا ئامۆژگاری دەکات و مەترسی کارەکەی بۆ شیدەکاتەوە کە چەند نادرووست و مەترسیدارە و بە هیچ شێوەیەک نابێت دووبارەی بکاتەوە، هەروەها پێی دەڵێت: ئەگەر وا بڕوات دەکەونە سەر ساجی عەلی و چۆن کرێی عیادەکە و مەعاشی تۆ و خەرجی ماڵ و منداڵ دابین بکەین؟

دوای چەند ساڵێک دکتۆر سامی لە خانەقین نامێنێت و دەگوازرێتەوە بۆ دیالە، سالم دەچێتە لای دکتۆر عەبدولباری، لەوێش فێری دەرزیلێدان دەبێت، دوای ماوەیەک ئەمیش دەڕوات. سالم دەبێتە دکتۆری گەڕەکی جەلەوە و خۆی دەرمان و کەرەستەکانی دیکەی

چارەســـــەری نەخۆش لە دەرمانخانەکانی بەغدا دەکڕێ و بە کەمێک پارەی زیادەوە بۆ نەخۆشـەکانی دەنووسـین، خەڵکەکە بێجگە لە عیلاج و دەرمـان بۆ دەرزیلێدانیش هەر دەچوونە لای ئەو، دەیـانوت دکتۆر سـالم زۆر دەسـتی سـووکە و ژنانیش دەیانوت کاک سـالم مەحرەمە. دکتۆر عەدنان مەهدی، ئێســـــتاش دکتۆرێکی بەناوبانگی خانەقینە و خەڵکی جەلەوەیە، سالم وایلێهات دەیوت: عەدنان لە کۆلێژ بە پەڕتووک و بە خوێندن بڕوانامەی پزیشـــــکی وەرگرتووە، بەڵام من بە عەمەلی لای دکتۆر سامی و د. عەبدولباری فێر بووم، دکتۆر عەدنانیش قسەی نەدەکرد و دڵی نەدەشکان و موراعاتی دەکرد.

لە درێژەی سەرکێشییەکانیدا ساڵی (١٩٧٢) سالم و مامۆستا حەسەن محەمەد سـاڵح، برای کاک ئیسـماعیل خەیات هونەرمەندی بەناوبانگ، کە ئەمانیش ماڵیان لە جەلەوە بوو، بە دووقۆڵی بە پاسـکیلسـواری لە جەلەوەوە بۆ ســـلێمانی و هەولێر ڕۆیشـــتن و زیاتر لە دوو هەفتەیان پێچوو، نازانم تاوەکوو کوێ ڕۆشـتن، بەڵام دوای ئەم سـەفەرە سـالم بە تەواوی بە هیلاک چوو و چاوەکەی دیکەشـــی لەدەســـت دا، بەڵام هێنـدە بە ئیرادە و ســــەرکێش بوو تەنـانەت لەگەڵ کوێربوونیش دەجەنگاو دانی بەوەدا نەدەنا کە کوێر بووە، بەهۆی ئەوەی شـارەزای کۆڵان و ڕێگەکـانی جەلەوە بوو و شــــوێنی مـاڵەکـانی دەزانی و دەنگەکانی دەناسییەوە خۆی وا پیشان دەدا کوێر نییە و وەکوو جاران دەبینێت و هیچ کێشەی نییە.

دوای کوێربوونەکەی زۆربەی عەسران لە ماڵی خۆیانەوە بەبێ گۆچان و یارمەتیی کەس، وردەوردە بۆ لای دووکانی سلێمان دەهات و بەدەم

ڕێگاوه و بەدەســــتێکی قرتاوی نیو مەچەکیەوه ڕادیۆکەی پێبوو، به دەســتەکەی دیکەشــی خەریکی مەوج و مەحەته گۆڕین بوو، تاوەکوو کەس هەست بەوه نەکات که نابینایه.

ئەوکات له جەلەوه بزووتنەوەی سـیاسـی زرمەی دەهات و هەمەجۆر بوو، پـارتی و جەلالی و شـــیوعی به هەردوو بـاڵەکەیەوه لیژنەی مەرکەزی و قیادەی مەرکەزی، لەدواییدا کۆمەڵه و یەکێتیش پەیدابوون، هەندێ کەســـی زۆر کەمیش بوونه بەعســـی، بەڵام بێ زیان بوون، دەتوانم بڵێم پێش ئەوەی خڕێی ناوزەنگ دۆڵی ئەحزاب بێت، جەلەوه گەڕەکی ئەحزاب بوو!

له کۆتایی ساڵی (١٩٦٣) سەرکردەیەکی باڵای شۆڕش بەنهێنی له بەمۆ و سـەرتەک، سـەردانی شـاری خانەقینی کرد بۆ سـەرپەرشـتی کاری ڕێکخســتن، چەند شـەوێک له ماڵی خاڵم سـەعدوڵڵا مایەوه، ئەندامانی پارتی ســـەردانی دەکردن، ئەوکات من منداڵ بووم هەســـتم دەکرد خەڵکی ناســراو و نەناســراو هاتوچۆی ماڵی خاڵم دەکەن، پرســیارم دەکرد، بەڵام وەڵامی ڕاســت و درووســتم دەســتنەدەکەوت، لەدواییدا بۆمان دەرکەوت ئەو میوانه کاک حیلمی عەلی شەریف بوو.

دوای جیـابوونەوەی ســـاڵی (١٩٦٤) ئەنـدامـانی پـارتی بوونه دوو بەشــەوه، ســالم وەکوو پارتی مایەوه، زۆرجار لەگەڵ برادەرانی خەتی مەکتەبی ســیاســی له جەلەوه له مشــتومڕدا بوو، بەڵام مام جەلالی خۆشـدەویسـت و دەیوت: ئەگەر به کفری نەزانن، مەلا مسـتەفا وەکوو عومەری کوڕی خەتـاب وایه و مـام جەلالیش وەکوو ئیمـامی عەلی،

ئەوان خۆیان تەرخانکردبوو بۆ خزمەتی ئیســـلام، ئەمانیش خۆیان تەرخانکردووە بۆ کورد و کوردایەتی، نابێت کورد دژی کورد بێت.

ســەرەڕای جیاوازیی ســیاســی و فیکری بەیانی ئازاری ســاڵی حەفتا ڕۆژێکی پیرۆز بوو بۆ کورد، بەڵام بۆ ســــالم لەوە زیـاتر ڕۆژی خۆدەرخســتن و پیشـاندانی دەمانچەکانی بوو، لە شـەوی خوێندنەوەی بەیانەکە لە ســەربانی خۆیان تاوەکوو درەنگانێ بەدەمانچەکەی تەقەی خۆشیی دەکرد.

لەو ســـەردەمەدا لە خانەقین شـــایی و هەڵپەڕکێ بەبێ ڕەزامەندی قـایمقـام قەدەخە بوو، ســــالم بە چەنـد بیـانوویەکەوە ڕەزامەنـدی وەردەگرت و شـــایی و زەماوەندو هەڵپەڕکێی بە دەهۆڵ و زووڕنا سازدەکرد.

ئەم ڕۆحە کوردانەیەی سـالم هەر بەردەوام و پڕ جۆشـوخرۆش بوو، دوای ڕاپەڕین پەیوەندیمان بەردەوام بوو، لەکاتی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و ڕزگارکردنی خانەقینیش ڕۆڵی جوامێریی خۆی نواند.

لە ساڵی (٢٠٠٥) سالم هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی قەیرە دەکات، بەڵام ســەد حەیف و مەخابن دوای ماوەکی کەم تووشــی نەخۆشــی خوێن دەبێت و لە زســـتانی ســـاڵی (٢٠٠٦) کۆتایی بە ژیانی دێت و بەرەو مەنزڵگەی ئەبەدی ئۆغر دەکات و ماڵاوایی لە ئەڵوەن و باخەکان و لە جەلەوە دەکات، خانەقین و جەلەوەش ڕۆڵەیەکی بەئەمەک و خۆنەویست و خزمەتگوزار و خۆشەویست و سەرکێشی خۆیان لەدەست دەدەن.

چیرۆکی ژیانی ســـالم بۆ من لەو ڕووەوە گرنگ بوو کە ئەو پیاوە لە ســەرەتای تەمەنی تاوەکوو کۆتایی ژیانی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوە

بوو لەگەڵ ڕووداو و کارەساتی قوورس و ناخۆش، بەڵام شانبەشانی دلڕەقی ژیان و چارەنووس ئەو پیاوە ڕادەســـت نەبوو، نەیهێشـــت بە دەســـــتە پاچەیی بژی، بۆیە دەڵێم ئەگەر ئەو پیاوە قەدەری ژیانی لە جەلەوە نەبوایە، بلێی داهێنەر و بلیمەتێکی بەناوبانگ دەرنەچووایە؟

## نەورۆز لە چەند وێستگەیەکی جیاوازی ژیانمدا لا ١٤٠-١٤١

سـەرەتای شـەسـتەکانی سـەدەی ڕابردوو، لە یادی نەورۆزی ئەو ساڵاندا، مێرمنداڵ بووم. لە گەڕەکی جەلەوەی شاری خانەقین دەژیام. بە خەیاڵێکی کوردانەوە لەگەڵ خەڵکی گەڕەکدا، بە ژن و پیاوەوە بە گەورە و بچووکەوە دوای خاڵۆ فرە بەهرەکەم، مامۆسـتا موحسـین دەکەوتین و بەدەنگی بەرز، لە قەراخ هـاژەی ڕووبـاری ئەڵوەنـدا هاوارمان دەکرد ئیمڕۆ ڕۆژی خۆشـییە، کاوە زووحاک کوشـتییە.

سـاڵی ١٩٧٠هەرزەکار بووم، یادی نەورۆز لە تەیارەخانەی شـاری خانەقین سـازکرا. یەکێک لە سـونبوولەکانی کوردایەتی لە شـاری خانەقین مامۆسـتا عەزیز پشـتیوان بوو. ئەو بە دەنگە پڕ سـۆز و زوڵاڵەکەی بە دەسـتە ڕاسـتە پڕ ئاماژەکەی هاواری دەکرد (یان کوردسـتان یان نەمان) وەکوو برووسـکەیەک لە ناخماندا دەنگیدایەوە و ئەو درووشـمە بووە وزیەکی هەتاهەتایی کوردایەتی بۆ خەڵکی شارەکەم.

ساڵی ١٩٨٤لە هەڕەتی گەنجایەتی بووم، یادی نەورۆز لە سووررداش ساز کرا، بە ئامادەبوونێکی جەماوەری بێوێنەی خەڵکی کوردسـتان و بە وتە پڕ جۆش و خرۆشـەکەی هەڤاڵ مام جەلال کە دەیفەرموو (جەمـاوەری لە بن نەهـاتووی یەکێتی) دڵنیـایی بەسـەر خەڵکی کوردسـتان دەباراند و نەورۆز و پێشـمەرگە و خەڵک ئاوێتەی یەکدی بوون.

ساڵی (٢٠١٢) قۆناخی کامڵبوونی دید و تێڕوانین و تێگەیشتنم بوو، بۆ یادی نەورۆز، کاک دلێری ســـەید مەجید، مامە خەمەی هەمووان، کۆمەڵێک هاوڕێ و کەسوکاری هەردوولامان، لە کانی ماسی قەراخی شاری سلێمانیدا میوانداریی کردین و بە دیار ئاگرێکی گەورەوە و بە دەنگی زووڵاڵ و بەرزی حەسەن زیرەک سرووودی (ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە......) ئێوارەی نەورۆزمان بەســـەربرد. دڵۆپ دڵۆپ خۆشەویستی و خۆشی دەڕژایە ناخی دەروونمان.

ســـاڵی ٢٠٢٢لە ســـێبەری ڕەشـــماڵی پاییزی تەمەندا، یادی نەورۆز یادێکی ئێجگار جیاواز لە جاران دەبینم پەرتەوازەیی زۆر و یەکڕیزی زۆر کەم

هیوا کەم و نائومێدی زۆر!

بورجی عاجی زۆر و دادپەروەری زۆر کەم!

کاوە کەم و زووحاکیش زۆر !

**مام جەلال؛ بۆنی هەموو عەترەکانی دنیا لە یەک عەتردا لا ١٤٥-١٤٧**

لەبەر دەرگەی پاییزێکی دیکە وەستاوین، هەموومان چاو بە فرمێسک بۆ کۆستی مالاوایی سەرۆک و ڕابەرمان، بە دیار شینی هەڵوەرینی گەڵا ڕەنگاوڕەنگەکانی درەختەکانی ئەم پاییزە دانیشتووین، ئیتر کاتی ئەوەیە بە و فرمێسکانە ڕەگی یەکێتییەکەمان ئاو بدەین و لە بەهاری داهاتوودا بیکەینەوە بە درەختە هەرە سەوز و سایە و سێبەرە هەرە گەورەکەی کوردایەتی.

پاییز و سەربووردەکانی ئەمانباتەوە سەر یادەوەریی شەهیدەکانمان، زیندانیان و چیرۆکی بێ وێنەی خۆڕاگرییان، چۆن بە یەکەوە لەگەڵ هەڵمەتی پێشمەرگە و کۆمەڵانی خەڵک بوون بە هارمۆنیایەکی تازە و بەهاری ڕاپەڕینیان خولقاند، ئەبێ ئەمڕۆش گرفت و قەیرانەکان ساردمان نەکەنەوە، بەڵکوو وزەمان پێ بدەن بۆ گۆڕینی خۆمان و دەوروبەرمان، ئەمەش بە ئیلهام و گەڕانەوە بۆ حیکمەتی سیاسیی مام.

قەدەری یەکێتی وابووە لە پشت هەر سەرکەوتنێک خوێنێک، لە پشت هەر خۆشییەک، خەمێکی قووڵ هەبووە، هەر ئەوەشە وایکردووە باشتر لە خەڵکی دیکە نرخی دەستکەوت و بەرهەمی خۆمان بزانین، بەڵام ئێستا پشتوپەنامان، مامی هەموانمان لەگەڵ نییە، کە جاران کێوێک بوو لە پشت یەکێتی و یەکێتییەکان، بۆیە ئێستا پێویستە ڕۆحی مام و ڕێبازەکەی قیبلەنمامان بێ تەنیا لەبەر ئەوەنا وەفادار بین بۆ

ڕێــبــازەکەی، بەڵــکــوو لەبەرئەوەی نەکەویــنە هەڵەی گەورە و ستراتیژییەوە.

هەر لەم پاییزەدا، چەند ڕۆژێکی دیکە بەسـەر یادەوەرییەکی دیکەی پڕ لە ئازاردا دەکەوین، کە دۆسـتەکانی دوێنێمان بێ ویژدانانە فرسـەتیان لێ هێناین و ڕیفراندۆمیان کرد بە (کراسـەکەی عوسـمان)، کە تێبینیی زۆریشـــی لەســـەر بوو، ئەوەی بە خوێن لە داعشـــمان وەرگرتەوە و پاراسـتمان، بەهێز لێیان وەرگرتینەوە و ئابلۆقەی سـیاسـی و دارایی و ئابووری و ئیداری بەســـەر هەرێمی کوردســـتان ســـەپاند و ئەوان بە وەشـــــاندنی خەنجەری ژەهراوییـان، نەک بەشـــێکی زۆری خـاکی کوردستانیان داگیرکردەوە و ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی یەکێتییان شـــەهید کرد، بگرە تۆوی دووبەرەکییەکی تازەشـــیان لە ناومان چاند، کە ســێ ســاڵە ســـەرەڕای قەیرانەکانی دیکە، ئەویش بووەتە بەڵایەکی دیکە بۆ کوردســـــتان و خەریکە جەســــتەی کوردایەتی ئەنجن ئەنجن دەکات، بە جۆرێک نەیارەکانمانی یەکخسـت و ئێمەشـی پەرت پەرت و دابەش کرد.

سەرەڕای هەموو ئاستەنگە دەرەکییەکان ئەوەی وادەکات ئەم پاییزەی سرووشـتی کوردسـتان وەکوو پاییزێکی سیاسیش بکەوێتەوە بریتییە لە، گەنـدەڵی و لاوازیی دامەزراوەکـانی دیموکراســـــی و نەگۆڕینی مەشــروعیەتی شــۆڕش بۆ مەشــروعیەتی یاســا و دەوڵەتداری و بە قوربـانی کردنی ئـاییـنـده بۆ دەســــکەوتی بچووکی ڕۆژانە.

بۆ تێپەڕاندنی ئەمانە، پێویستە دووبارە ئەم پاییزە بکەین بە کەرەستە

و وزە و توانا بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان و بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی بۆ گەیشتن بەبەهارێکی درێژخایەنی کوردایەتی کە بەقەد فرەیی ڕەنگەکانی فرەیی سیاسی و بۆچوون و ڕای ئازادی تیا بێت و هەموومان بە یەکەوە ببین بە هارمۆنیا و سەمفۆنیای بووژانەوەی کوردایەتی.

سێ ساڵە ئێمە بێ مام جەلال ین، ئەو مام جەلالەی تاقە درەختێک بوو، بەڵام تامی هەموو باخچەکانی دنیای دەدا، چەپکە گوڵێک بوو لە گوڵێکدا، بۆنی هەموو عەترەکان بوو لە یەک عەتردا، هەموو کوردستان بوو لە ڕەهبەرێکدا، تا زەمەن زیاتر بەسەر ئۆغری ئەبەدی تێدەپەڕێت، زیاتر لێمان نزیک دەبێتەوە، ئەمڕۆ یەکێتی و هەموو لایەنەکانی کوردستان و ئێراق پێویستیان بە حیکمەت و دووربینیی مام جەلالە، دە با دەست بە حیکمەتەکانیەوە بگرین و بڵێین بۆ ئەبەد تۆ ڕێنیشاندەر و ڕابەرمانی، چونکە بە لێهاتوویی خۆت واتکرد ئەمڕۆ تۆ لە یەکێتی و لە هەموو جۆرە حیزبایەتییەک گەورەتر بیت و بەمەش بوویت بە سێبەرێک بۆ هەمووان.

## هاوڕێم مەلا بەختیار وێنەکەت تاساندمی لا ١٤٨-١٥٠

بینینی وێنەی مەلا بەختیار لە نەخۆشـخانە دوای یەکلابوونەوەی ژەهر خواردکردنی، ســـەرەڕای ئەوەی پەرۆشـــی و خەمێکی قوڵ بۆ هاوڕێیەکی تەمەنم ســـەراپای داگرتم، هەســـتێکی بەراوردکاریانەی سـەیریشـی لا دروووسـت کردم، کە وێنەکەیم بینی، چۆن بەشـەکەتی، بەدەســـت غەدری ژەهرخواردن گیرۆدە بووە، یەکســـەر جووڵە و ســـەرکێشـــی وّحەماســـی ئەو پیاوەم بە گەنجی بیر کەوتەوە، ئەو گەنجەی لە کۆڵانە باریک و تەســـکەکانی خانەقینەوە، هەمیشـــە فەنتازیایەکی فراوان و بێ سـنووری کوردایەتی ئەنەخشـاند، ئەو مەلا بەختیارەی زەبروزەنگی ڕژێمی داگیرکاری عیراق نەیدەترســـاند و نەیدەتاساند، کەچی ئەوەتا ئێستا ژەهر و خەنجەری خیانەت شەکەتی کردوە و وەک دەردەدارێـک لە نەخۆشـــخـانەیە، بۆمن چاوەڕوان کراوبوو گوللەی دوژمن، پیلانی نـاحەزانی کورد و یەکێتی بیپێکن، بەڵام ژەهرخوازدکردنی داخ و مەراقێکی ترە کە بۆمن وەکوو شـۆکێک وایە و بۆ ئەنجامدەرانیشـی پەڵەیەکی ڕەشـی ناپاکیە کە قابیلی سـپی بوونەوە نییە.

ســـاڵی ١٩٦٣بۆ یەکەم جار مەلا بەختیارم لە خانەقین لە قوتابخانەی (نەهزە)ی ســـەرەتایی ناســـی، بەیەکەوە هەر لەســـەرەتاوە بارگرانی ژیانێکی سـەختی خانەقینمان بەشـکرد، لە زۆر شـت لەیەک ئەچووین، ئەو زوو دایکی مردو هەتیو کەوت، منیش زوو بـاوکم مردو هەتیو

کەوتم، هەر بەمناڵی هەردوکمان کەوتینە دەست زەبری بێ ڕەحمانەی ژیان و چەرمەسەری و سەختی ڕۆژگار.

هەرچەندە منداڵیمان پێچەوانەی شـــیرینی خورمای خانەقین تاڵ و سەخت بوو، بەڵام ئەو تاڵییە نەیتوانی سەرکێشی و لاساری منداڵانەی ئێمە زەوت بکات و هەمیشـــە بە ئومێد و هیوایەکی زۆرەوە بەســـەر پەیژەی دەردەسەری ژیان سەرکەوتین.

چیرۆکی ئاشـــنایەتیمان ١٠ ســـاڵ دوای یەکەم یەکتر ناســـین، واتە لە ســاڵی ١٩٧٣چووە قۆناغێکی ترەوە، لەڕێگەی مەلا بەختیارەوە چوومە ڕیزەکانی کۆمەڵەوە، ئیتر لەوێوە بەهەموو هەورازو نشـــێوەیەکانی ســـیاســـەت و کوردایەتیدا ڕۆیشـــتین و لەزۆر وێســـتگەی جیاش هەر بەیەکەوە مـاینەوە، بەویژدانەوە ئەڵێم ئەو بۆمن هەمیشـــە برایەکی بەلوتف و سنگ فراوان و لێبوردە بوو، هەمیشە بەرگەی سەرکێشی و هەڵوێســـــت و دەربڕینە جیـاوازەکـانی منی بەزیـادەوە گرتوە، ئاخر بەڕاســـت ژەهرخوارکردنی تێکۆشـــەرێکی وەک مەلا بەختیار بۆچی؟ ئەپرســـم ئەو پیاوە گوناهی چی بوو وای لێ بەســـەرهات، جگە لە گوناهی سیاسـەتکردن و کوردایەتی و پێشـمەرگایەتی چ گوناهێکی تری کردوە؟ئاخر ئەو هەموو عومری لە خەبات و تێکۆشان لە ڕێبازی شـــەهاب و ئارام و مام جەلال بەســـەر برد، وەکوو داربەڕویەکی چەســـپاوی چیاکانی ئەو کوردســـتانە بەرگری لە میللەتەکەی و یەکێتیەکەی کرد، کەچی ئێستا لەبری پاداشت، بە ژەهر و بەخەنجەری بـــێ وەفـــایـــی هەوڵـــی لەنـــاوبـــردنـــی دەدرێـــت؟ ئەوەی ئێســتا بۆ من مایەی داخ و ناســۆرە ئەوەیە من لەم وێســتگەیە

ناتوانم ڕاســـــتەوخۆ شـــتێک بۆ مەلا بەختیاری برا و هاوڕێم بکەم، ناتوانم وەکوو ڕۆژانی گەنجی و تەمەنی شـــۆڕش و پێشـــمەرگایەتی ئازارو ناســـــۆرەکانی لەگەڵ بەش بکەم، بەڵام دڵنیام دەزانێت کەچۆن لەدڵەوە هیوای زوو چاکبوونەوە و تەندرووستی لەجاران باشتری بۆ دەخوازم. بۆیە پێی دەڵێم : هـاوڕێم، تۆ بەم ژەهرەش هەر بە سـەربەرزی دەمێنیتەوە، دەسـتی نامەرد ناگاتە کێوی شـکۆمەندی تۆ، ئەوان بودەڵە و تۆش بوێر، تۆ جوامێر و ئەوانیش نـاپـاک لەبەردەم خەڵک و خودا و مێژوو.

هـاوڕێم ســـــوێنـد بەئەڵـوەن ئـازارت هەمـان ئـازارە لەدڵـمـا هاوڕێم بمبورە کەبەهۆی دۆخی تەندرووستیمەوە، نەمتوانی سەردانت بکەم و لەسەر چرپای نەخۆشخانەکە وێنەیەکی یادگاری بگرین و بڵێم تۆ هەرگیز بەتەنیا نیت، شـاعیریش نەبووم دەنا ئێسـتا وادەی بوو بە قەسیدەیەک گوزارشت لە ناخی هەڵقرچاوم بکەم بۆ تۆی براو هاوڕێی تەمەن...

## عەلی شامار؛ دەروێشی کوردایەتی لا ١٥١-١٥٤



ئەگەر گوێمان لەناوی نەبێت و تەنها تۆماری ژیانی سـەیر بکەین، لە پاڵەوانی ڕۆمانەکان دەچێت، پاڵەوانێکی بزێو و ئیرادەخواز، پاڵەوانێک کە بەگژ قەدەرو چارەنوسـدا دێتەوە، بەقوڕی نەهامەتی و عەرەقی ماندوێتی دیواری ژیان درووسـت بکات و بیەوێ بە هەنگاوەکانی نەخشـەیەکی تازە لەسـەر ڕوخسـاری زەوی درووسـت بکات.. بەڵام لەبری ئەوە قەدەری بوو ببێتە یەکێک لە پاڵەوانەکانی شـاڕۆمانی کوردایەتی، شوێنپێی شەهابی (کەڵ ژیان)و ئارامی تێکۆشان هەڵگرت، قەدەری بوو لەبری ئاوەدانکردنەوەی دنیای خەیاڵ، ماڵی ڕاستەقینەی خەبات و شـۆڕشـی نوێ ئاوەدانتر بکاتەوە.

عەلی شـــامار، کاراکتەرە جیاوازەکەی شـــۆڕش، چیرۆکی ژیانی لە کۆڵانە تەسکەکانی خانەقین بە کولەمەرگی و نەهامەتی دەست پێدەکات و دواتر دەبێتە یەکێک لە عاشـقانی کوردایەتی. ئەو لای من هەمیشـە لەدارخورمایەکی تەنیا و باڵابەرزی خانەقین، یان دارگوێزێکی بناری قەندیل دەچێت، چونکە ئەو خۆرسـکانە خۆی پەروەردە کرد، بەتەنیا و لە ژێر باری قورسـی ژیانێکی کولەمەرگی پێگەیشـت، بەڵام کە لق و پۆپی لێ بووەوە، کاتێ سـێبەری درووسـت کرد، بەوانی تری بەخشـی!

خەڵکی خانەقین و هەموو ئەوانەی عەلی شـامار لە نزیکەوە ئەناسـن، ئەزانن، ئەو لە ئەزەلەوە نازی دایک و باوکی نەبینی، پشتی بە خوشک و برا قایم نەبوو، تەنانەت تامی جەژنێکی لەباوەشـی دایک و باوکی نەکرد، لەبری ئەوە نەنکی و مـامی لەمنـداڵیەوە بەخێویـان کرد و لە سـایەی ئەوانەوە پێی گرت و گەورە بوو، ئیتر ئەزموونی تاڵی ژیان کردی بە تێکۆشەر و پێشمەرگەیەکی دێرینی یەکێتی و شۆڕشی نوێ.

کاک عەلی پیاوێکی سوور و سپی، قژکاڵی پڕ، برۆ ئەستور، چاو تیژ، دەست و مەچەک و بازوو ئەستور و ناوشان پان، کە سەیری ئەکەم وام بە خەیاڵدا دێت کە خوا بۆ پێشـمەرگایەتی و یەکێتی درووسـتی کردوە.

عەلی شـامار لە هەرزەکاریەوە خەریکی کارو کاسـبی بوو، سـەرەتا عەرەبانەیەکی دەستگێڕی هەبوو شتی لەسەر دەفرۆشت، دواتر کردی بە دوکان، لەو کاتەشەوە عەلی شامار تەنیا خەریکی فرۆشتنی میوە و

ســـــەوزە نەبوو، بەڵکو لە ڕاســـــتیدا خەریکی بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و پەیداکردنی دۆســـت و لانگر بوو بۆ کۆمەڵە. من لە ســاڵ ١٩٧٢ لە یەکێتی لاوانی خانەقین ئەوم ناســــی کە ئەندامی لق بوو، لەهەمان کات ئەندامی کۆمەڵەش بوو، ئیتر بە یەکەوە خەباتمان لە جوارچێوەی کۆمەڵە دەکرد. کۆمەڵە یەکەم وێســتگەی ناســینی من و ئەو بوو، لەوێوە دەستمان پێکرد و تائێستاش ئەو پەیوەندیە گەرمەی نێوانمان هەر ماوە، سەرەڕای دۆخی تەندرووستی بە تەلەفۆن هەواڵی دۆســت و برادەرەکانی دەپرســێت و ئەوەندەی بۆی بکرێ دۆســت و هاوڕێ و خۆشەویستانی بەسەر دەکاتەوە.

وەکوو ئێستا بیرمە لەشەوەزەنگی شکستی شۆڕشی ئەیلول و لە جەرگەی ئەو نائومێدیە تاڵەی بەســـــەر هەموو کوردێکی ئەم سەرزەمینەدا هات، عەلی شامار هەمیشە حەماسی کوردانەو نەبەزینی لێ دەباری، دوای دەســـــتپێکردنەوەی شـــــۆڕشـــــی نوێ و دەنگۆی چوونەوە شــــاخ و بوون بە پێشـــــمەرگە، پەلەی ئەوەی بوو چۆن پەیوەندی بەشـۆڕش و هێزی پێشـمەرگەوە بکات، یەکەمین کەسـیش بوو لەگەڵ کاک شـێروان شـێروەندی و شـەهید ملازم جوامێر و عەلە ڕەش و کوڕەکەی شــــەهید ئازاد و شــــەهید مامۆســــتا داود و مەلا بەختیار لە ناوچەی خانەقینەوە بوون بە پێشــــمەرگە و شــــەرەفی پێشمەرگەی (٧٦)یان پێ بەخشرا.

عەلی شــــامار کوڕی خانەقین و گەرمەســــێر بوو، بەڵام عەشــــقی کوردایەتی، کردی بەپێشــــمەرگەی هەموو کوردســــتان، کە ڕووی لەپێشــــمەرگایەتی کرد، پەروەردەو شــێوەزاری قســـەکردن و داب و

نەریتی خانەقینیی بوو، بەڵام لە قەندیل و شـــــارەزور و شـــــارباژێر پێشـــمەرگایەتی کردو قودرەتێکی باشـــی ڕاهاتن و هەڵکردنی پەیداکرد، واتا لەکوێ بوایە بۆ ئەو کێشە نەبوو. بەدرێژایی ژیانی پێشمەرگایەتی عەلی شامار ئەرکەکانی بەزیادەوە بەهەموو لایەنەکانیەوە جێبەجێکردو تەنانەت ڕۆژێک لە ڕێبازەکەی لاینەدا.

لە شۆڕشدا پیاوێکی ئازا بە هیمەت بوو، بەشداری چەندین داستان و نەبەردی کردوە، لە شەڕی دەستەویەخەی دێی سەی خەلیلی گەرمیان لەســـاڵی (١٩٨٤) بە بریندارى لەگەڵ ژمارەیەک پێشـــمەرگەی قارەمان ســـەرەڕای گەمارۆدانیان لەلایەن هێزێکی زۆرەوە بەرگریەکی بێ وێنە دەکەن و شکست بە هێزی دووژمن دێنن، بەڵام بە داخەوە لەو شەڕەدا مولازم ڕەحیم شـەهید دەبێت و مامۆسـتا سـۆران و شـەهاب ئەحمەد عەتار بریندار دەبن و چوار کەســـــی بێ تاوانی کوندەکەش لە لایەن (بارق)ی فەرماندەی هێزەکەی دووژمن گولەباران دەکرێن.

داخ و هەزار حەیف ماوەیەکە بە هۆی نەخۆشـــییەکی نەگریســـەوە بە جەستە لە هاورێکانی دوورە، بەڵام هەرگیز وەفا و قسە خۆشەکانی لە ئاسمانی خۆشەویستیدا ئاوا نابن.

دوای ئەو تێکۆشـــانە دور و درێژو بێ پســـانەوەیە، ئەرکمانە وەکوو یادگاریەکی نایابی ســـــەردەمێکی زێڕین ڕێز لە کاک عەلی شـــامار و هاوشـێوەکانی بگرین، بیانکەین بە سـەرچاوەی ئیلهام و دەرس و پەند بۆ ئێسـتا و داهاتوومان، پێویسـتە هەمیشـە ئاوڕی وەفا و ئەمەک لەو خەباتکارانەی خۆمان بدەینەوە.

# دادەی کوردایەتی و تەوارەکەی شۆڕش لا ١٥٥-١٦٠




زۆرێکمان بەرلەوەی لەنزیکەوە بیبینین و هاموشۆی بکەین، ناسیومانە، چونکە کەسایەتی و تێکەڵەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی زۆر تایبەتە، ئەو تەنیا لە دەرگای سیاسەت و خەباتەوە نەهاتبووە مەیدانەوە، بەڵکوو باکگراوند و پاشخانێکی دەوڵەمەندتری هەبوو، دواتر کە هاوسەرەکەی بووە هێما و لۆگۆی کوردایەتی، ئەو هەمیشە لە پشتیەوە وەستابوو، بۆ ئێمەمانانیش بووە خوشک و دایکێکی میهرەبان، بۆیە دەوترێت ئەو خانمێکە پشتی مام جەلال و جەرگی برایم ئەحمەد و بینایی حەمزە عەبدوڵلا-یە، ئەو شاژنێک بوو لەسەر عەرشی نەهامەتییەکانی شۆڕش و لەناو کۆشکی بێنازی پێشمەرگایەتی دانیشتبوو، دوور لە جگەرگۆشەکانیان لەگەڵ هاوسەرەکەی بە ڕێگە خۆڵەمێشییەکانی تێکۆشاندا ئەڕۆیشتن و لە قاوەخانەی بەرخۆداندا دوکەڵی مەراقی کوردایەتیی بەبا دەکرد.

ئیدی وەکوو ئەو گوڵە هێرۆیەی ناوەکەی هەڵگرتبوو، گوڵی خۆڕسک و سادە و ساکاری کوردایەتی بوو.

شـــوێنپێی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە تولەڕێکـانی شـــۆڕش و پێشـــمەرگایەتیدا، لە هەوڵدان بۆ گەڵاڵەکردنی مۆدێلێکی ســـیاســـی و نوێخوازیی کوردایەتی، وەکوو خۆی ســەنگین، بەڵام بێدەنگن، لەوانەیە کەم کەس بزانێت کە ئەو خاتوونە لە شـانەکانی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردســـتاندا بووە و لە ســـەرەتاکانی لەدایکبوونیدا بەشـداربووە، ئیدی قۆناخەکانی دواتری ژیانی سـیاسـیی هێرۆ خان بە هەمان شـــێوە هێمن، بەڵام کاریگەر و پڕ مانا بوون، تاوەکووگەیشـــتە ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩پەیوەندیی بە شۆڕشی نوێ و هاوسەرەکەیەوە بکـات و ئیـدی بۆ هەمیشـــە ڕووی کردە کوردایەتی و مـام جەلال، دواتریش بە تەونی شـــۆڕش ڕێگەی نۆکـان و توژەڵە و شـــێنێیـان بەســـتەوە بە کۆشـــکی کۆماری لە بەغدا و تیایدا مام جەلال بوو بە شـــۆڕەســـواری دیموکراســـی و بە حیکمەت و پشـــودرێژیی خۆی تەلیســـمەکانی ئەو کۆشـــکە و کۆدەکانی دیکتاتۆریەتی شـــکاند و قۆناخێکی تازەی ســیاســیی لە ئێراقدا نەخشـــاند، ســـەرەنجام مامی کوردایەتی بوو بە یەکەمین سەرۆککۆماری کورد و مامۆژنیش بوو بە خانمی یەکەمی کورد لە هەموو ئێراق.

ڕەنگە زیـادەڕۆیی نەبێـت گەر بڵێین مێژووی یەکێتی و تۆمـاری شۆڕشی نوێ بەبێ هێرۆ خان ناتەواوە، چونکە ساتەکانی ئەو قۆناخە جیاوازانە گەر تۆمارکرابن ئەوە بەشـــێکی بەســـەر شـــانی ئەوەوە ئەنجامدراوە، بەشـــێک لە حەکایەتە دەگمەنەکانی شـــۆڕش لە ڕێگەی هێرۆ خانەوە تۆمار و ئەرشیف کران، ئەو ساتەوەختانەی کە دووبارە نابنەوە، ئەو کردنی بە تۆمارێکی نەمر و نەوەکانی داهاتوو بەهۆیەوە دەتوانن بەسەر پەنجەرەکانی شۆڕشی نوێوە بڕوانن، ئەمە جگە لەوەی

پـاڵپشـــتیی بەردەوامی مـام بوو، دایـک و خوشـــکێکی بەردەوامی شۆڕشگێڕان و پێشمەرگەکان بوو، ئەو زۆرجار خۆی دەکردە قەڵغان بۆ هاوڕێ و دۆستەکانی.

من بۆ یەکەمجار لە سـاڵی ١٩٨٩لە قاسـمەڕەش لەنزیکەوە هێرۆ خانم بینی و یەکترمان ناسـی، دوای ئاسـائیبوونەوەی نێوان یەکێتی و ئاڵای شـۆڕش لەسـەر داوای مام جەلال لە ڕەزایەوە لەگەڵ کاک ئەرسـەلان بایز بەرەو قاسمەڕەش کەوتینە ڕێ، لە قاسمەڕەش بەرەو خانوویەکی گـڵ چووین کە بەر هەیوانەکەی بە نـایلۆن گیرابوو، دەرکەوت ئەوە کۆشکی شۆڕش و کوردایەتییە و ئیدی لەوێ من بۆ یەکەم جار هێرۆ خانم بە شـــەرواڵێک و کراســـێکی خاکی و بە قژێکی ڕەش و تاڵ تاڵ سـپییەوە بینی، تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵ کردم، ئیدی لەوێوە ئاشـنایی و نزیکی من لەگەڵ هێرۆ خـان دەســـتیپێکرد، تـاوەکووئەمڕۆشـــی لەگەڵدابێت، سەختییەکانی ژیان و هەڵبەز و دابەزی دنیای سیاسەت و ناکۆکییەکانی نەیانتوانی درز بکەنە ئەو پەیوەندییە، لە هەر وێســتگە و هەلومەرجێکدا بووبێت، ئیدی دڵسۆز و خەمخۆری یەکتر بووین و ئەو هەمیشـە هاوکار و پشـتیوانی من بووە. ئەو پەیوەندییەشـمان هەمیشـە بۆ خێری یەکێتی و دۆســـت و هەڤاڵان بوو، بە یەکەوە زۆر کێشـــە و ناخۆشی و ناکۆکیمان چارەسەرکرد.

هێرۆ خان لە ناخی خۆیدا بەر لەوەی ســـیاســـی بێت، شـــتی دیکەیە، ئەوانەی لەنزیکەوە ئەو ژنە بناســـن، دەزانن هونەر و هونەرمەندان، ئەدەب و ئەدیبان، دنیـای منداڵ و مـافەکانیـان، میدیا و میدیـاکاران ئیهتیمامی یەکەمی ئەو بوون، دەیویســـت ســـیاســـەت بخاتە خزمەتی

پرۆژەیەکی کو لتووری بۆئەوەی نـاســـنـامەی کوردایەتی تەنیـا ناســـنامەیەکی ســـیاســـی نەبێت و بوارەکانی دیکەش پێشـــبکەون.

کەســـــایەتیی هێرۆ خـان تـایبەتە، زۆربەی ژیـانی لەگەڵ مـام جەلال بەســـەربرد، بەڵام مام جەلال نەیتوانی کەســـایەتی و خەســـڵەتەکانی قووت بدات، ئەو لە پڕۆژەی سیاسیدا کتومت کۆپیی مام بوو، بەڵام لە شتی دیکە ناسنامەی خۆی هەبوو، بۆیە هەمیشە هەندێک شتی دەکرد، تەنیا لە خۆی دەوەشایەوە.

دوای هەڵبژاردنی ســاڵی ٢٠٠٩و پاشــەکشــەی دەنگەکانی یەکێتی، من بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستن بووم، ڕۆژێک خۆی و کاک دلێری سەید مەجید هـاتنە لام، وتی هـاتووم گەر پێت ئـاســـایی بێت دەمەوێت بەرپرســـیارێتیی مەڵبەندی ســـلێمانی وەربگرم، ئەمە بۆ من مایەی پرســـیار بوو، چۆن کەســـێک دوای شـــکســـت بیر لەوە بکاتەوە بەرپرســـیارێتی وەربگرێت، بەتایبەتی مەڵبەندی ســـلێمانی، کە گۆڕان توانیی دەنگی زۆر بهێنێت و کاک نەوشـــیروان خۆیشـــی لە کایەکەدا بوو، بەڵام ئەو پۆســـتەکەی وەرگرت و لەو وێســـتگەیەش بە ڕەفتار و کردارەکانی ئەو، پەیوەندیمان زۆر لە جاران باشـــتر بوو، زووزوو یەکتریمـان دەبینی و پرس و ڕاوێژمـان بە یەک دەکرد، دوای ئەو قۆناخە و لە کۆنگرەی ســـێیەمیش بە ڕاســـتەوخۆ هاتە ناو کاری حیزبایەتی و یەکەم دەنگی کۆنگرەی بەدەســـتهێنا و بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

هێرۆ خان ژنێکی سەرڕاست و ئازا و بێ منەت بوو، بە جەستە لاواز و باریک بوو، بەڵام لە ناخ و جەوهەردا قایم و پتە و و وەکوو دارحەیزەران بەرز، ژنێکی قسە لەڕوو و نادیپلۆماسی بوو، ئەوەی لە دڵی بوو نەیدەشاردەوە، نەک هەر بۆچوون و ڕایەکانی پێ نەدەشاردرایەوە، بگرە لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیشدا دانی بەخۆیدا نەدەگرت و هەندێک شتی قووت نەدەدایەوە.

خەسڵەتێکی دیکەی یەکجار تایبەتی هەبوو، کە بێدەنگییەکەی بوو، ئەو زۆر کەمدو و بێدەنگ بوو، بەڵام بێدەنگییەکەی هێندەی هاواری زۆر کەسی دیەک کاریگەر و بیستراو بوو. هەمیشە بێدەنگیی ئەو جۆرێک بوو لە قسەکردن کە بەرانبەرەکانی بە ڕوونی لێی تێدەگەیشتن.

بەهۆی دۆخی تایبەتی و تەندرووستییەکەی و پەتای کۆرۆناوە، ماوەیەکە من لە دیدار و هاموشۆی ئەو بێبەشم، بەڵام هەمیشە بیری دەکەم وەکوو چۆن بیری ئەڵوەن و دایکم و حەمید ئەکبەری هاوڕێم دەکەم کە لە شەهیدبوونیەوە بۆ ساتێکیش لەیادم نەچووە، ئێستاش کە بە دەباشاندا ڕەتدەبم، بە دەستی ڕاستم ڕوو دەکەمە ماڵی مام جەلال و دوعای خێر بۆ هێرۆ خان و بەدەستی چەپیشم ڕوو دەکەمە مەزاری مام و فاتیحا بۆ گیانی مام جەلال دەخوێنم.

هێرۆخان هاوڕێ و خوشک و پشتیوانێکی بەهێزی هاوڕێکانی بووە، هەمیشە بیری دەکەم، چونکە دابڕانی بۆ ئێمەمانان کەلێنێکی گەورەیە.

ئەمە تەنیـا چەنـد دێڕێکی وەفـادارییە بۆ هێرۆخـانی هـاوڕێم، ئەگەر پەیکەرتاش بوومایە ڕەنگە لەجیاتیی ئەم چەند وشەیە، هەوڵم بدابووایە پەیکەرێکی بۆ دابتاشـم، چونکە ئەو مرۆڤانە شـایسـتەی ئەوەن یاد و یادگارییان بەرز ڕابگرین.

## کاک ئارام چی وت؟ لا ١٦١-١٦٩

له سـەرەتای پاییزی سـاڵی ١٩٧٦لەگەڵ کاک فازڵ کەریم ئەحمەد) مامۆستا جەعفەر (له خانەقینەوه هاتین بۆ سلێمانی بۆ لای مامۆستا موحسین، مەبەستمان بوو کاک شاسوار جەلال (ئارام) ببینین بۆ تێگەیشتن له شێوه و شێوازی کاری یەکێتی و پایه و جۆری کارکردنی کۆمەڵه لەناو یەکێتی و ئامۆژگاری و ڕاسپاردەی ئەو بۆ ڕێکخستنەکانی (هەرێمی پێشڕەو)، جگه لەوەش هەندێ گلەیی و ڕخنەمان له کاک حیکمەت محەمەد کەریم) مەلا بەختیار (هەبوو ویستمان به کاک ئارامی بڵێین.

سنووری هەرێمەکه ئەوکات بەغدا، مەندەلی، خانەقین و گەرمیانی لەخۆدەگرت، شەهید سادق، مامۆستا جەعفەر، مامۆستا موحسین، دڵشاد مەولوود و عیماد ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی هەرێمەکه بوون.

دوای پەیوەندیکردن به ڕێکخستنی سلێمانییەوه بۆ دیدارەکه، کاک ئازادی مەلا دانرابوو بۆ ئەوەی بمانباته لای کاک ئارام له کات و شوێنی دیاریکراو له (ئەسحابه سپی) لەگەڵ مامۆستا جەعفەر و مامۆستا موحسین ئامادەبووین و کاک ئازادی مەلا هات و وای پێی باش بوو یەکێکمان بچین بۆ لای کاک ئارام لەبەر ئەمنییەت و خۆپاراستن. مامۆستا جەعفەر وتی: با عیماد بچێ ئیتر لەگەڵ کاک ئازاد له ئەسحابه سپییەوه شۆڕبوونەوه بۆ خوارەوه بەرەو گەڕەگی سەرشەقام، چوینه کۆڵانێکی تەسک و باریک، کەسێک له نزیک دەرگەی خانوویەکی گڵ ڕووه و گۆیژه ڕاوەستابوو، کاک

ئازاد سڵاوی لێ کرد و بە مستی ڕاستی سێ جار لە دەرگەکەی دا و بێ چـاوەڕوانی و بەدەمەوەهـاتن لەگەڵ خۆی منی بردە ژوورەوە، یەکسـەر چاوم کەوتەسـەر خێزانێک لە بەرهەیوانێک دانیشـتوون کە بە سـەر دوو ژووردا دەیڕوانی، خەریکی چـا خواردنەوەن، دەرگەی دەرەوە و بەرهەیوانەکە چەند هەنگاوێک لە یەک دووربوون، دیارە خاوەن ماڵەکە ئاگاداری دیدارەکەی ئێمە بوو، دوای سـڵاو و ئەحواڵ پرسین، دەرگەی ژووری تەنیشتیان کردەوە بۆ من، چوومە ژوورەوە و کاک ئازادیش لای ئەوان مایەوە.

بۆ من سـاتەوەختێکی خۆش بوو، وەکوو دەروێشـێک بە حەسـرەتی بینینی شێخەکەی بێت، کاک ئارام وەها هاتە بەرچاوم.

من کـاک ئـارامم لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٧٤لە چۆمـان بینیبوو لە (سکرتاریەتی یەکێتیی لاوانی کوردستان)، بەڵام ئەم جارە جیاواز بوو، کە بینیم شـەرواڵێک و کراسـێکی لەبەربوو، دەموچـاوی هیلاک، دەسـتوپەنجە زەردهەڵگەڕاو، چاویلکەکەی لە چاودا بوو، جانتایەکی بچووک و چەند وەرەقە و قەڵەمێک و تێپێکی ئاوی لەبەردەسـت بوو، ژوورەکە بچووک و بنمیچەکەی نزم بوو، پەنجەرەکەی لەسەر هەیوان و چەنـد بسـتێک لە ئەرزەکە بەرزتر بوو، بە پەردەیەکی قومـاش داپۆشـرابوو، ژوورەکە زۆر ڕووناک نەبوو، تەنیا ژێر نوێنێکی تیابوو، چەند لێفە و دۆشـەک و سـەرینی لەسـەر دانرابوو، ڕاخەرێک بە قەد نیوەی ژوورەکە ڕاخرابوو، کاک ئارام چوارمشـقی لەسـەر ئەرزەکە دانیشـتبوو، هەڵسـا و تەوقەی لەگەڵدا کردم و لەبەرانبەری خۆی داینیشاندم.

دوای بەخێرهاتن و ئەحواڵ پرسـین وتی: دەقیقەیەک سـەبرم لێ بگرە تا ئەم نامەیە تەواو دەکەم، چکلێت ئاسـا پێچایەوە و خسـتییەگیرفانی کراسەکەی، ئینجا بە زمانێکی ڕوون و سادە دەستیکرد بەشیکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و ئێراق و ناوچەکە و دونیا و پەیوەندییەکان و خۆئامادەکردن بۆ شـۆڕش، دوای ئەوە پرسـیاری لە وەزعی ڕێکخسـتنەکانی هەرێمی پێشـڕەو و باری ژیانی خەڵک لە بە غدا و خانەقین و کاریگەریی چوونەدەرەوەی کاک عەلی عەسـکەری و هەڤاڵەکانی لەناو جەماوەر کرد، منیش بە کوورتی وڵامم دەدایەوە بۆ ئەوەی زیاتر گوێ لەو بگرم، کاتەکەش بەفیڕۆنەدەم دوای ئەوە وتی: فەرموو، منیش قسەکانم کرد بە شێوەیەکی کوورت و پوخت سەبارەت بە هەرێمی پێشـڕەو و کۆمەڵە و یەکێتی و شـۆڕش و ئەرکی تازەی خەباتمان ئەویش بە دیقەت گوێی دەگرت کە قسـەکانم تەواوکرد وتی، ئێمە دەبێت کۆمەڵە بپارێزین و بە هێزیبکەین، بۆ ئەوەی ببێت بە کاکڵەو داینەمۆی یەکێتی، مام جەلال دامەزرێنەری سـەرەکی یەکێتیە لەسـەر بنەمای نیمچە بەرەیی دایمەزراندووە و لە داهاتوودا بە گەشـەکردن و بە فراوانبوونی لایەنەکانی ناو یەکێتی دەبێتە بەرەیەکی نیشـتمانی و میلليی یەکگرتوو، ئەم شـۆڕشـە لە بنچینەدا شـۆڕشـێکی نەتەوەییە، بە تەنیا بە کۆمەڵە ناکرێت و بەڕێوەناچێت، شـۆڕشـەکە پـێـویسـتـی بە بەرەیەکـی سـیـاسـیـی فـراوانە. لەوێدا ڕۆڵی مام جەلالی بەرزنرخاند لە هەڵسانەوەی و هەڵگیرساندنی شۆڕش لە کوردستان.

لە دواییدا من هاتمە سـەر ئەسـڵی مەقسـەد بۆ گلەیی و گازندە و ڕەخنەبارانی کاک بەختیار، وتم: ئەو هەموو ڕۆژێک لە شـەقامەکانی

ســــلێمانی دەســــوورێتەوە و خەڵک ئەیبینێت و هەواڵ بۆ پووری لە خانەقین دەنێرێت و ئێمەش وامان بڵاوکردووەتەوە کە مەلا بەختیار لەلایەن ئەمنی عامەوە گیراوە، وتم ئێمە دەترســـین ئەمیش تووشـــی گرتن بێت و زیانێکی دیکە بەر ڕێکخسـتن بکەوێ، من قسـەم دەکرد و ئەو هەر گوێی دەگرت، کە قسـەکانم تەواو بوون، کاک ئارام هەڵسـاو لەسـەر هەردوو ئەژنۆی دانیشـت، وتی: گلەیی و ڕەخنەکانتان لە مەلا بەختیار لە ئەلفە وە بۆ یاء ناحەق و نادرووسـتە، ئەو ئێسـتا خەریکی ڕێکخســـتنەکـانی کۆمەڵەیە و پەیوەنـدی بە هەموو ڕایەڵەکـانی ڕێکخسـتنەوە دەکات، هەر ڕۆژێک و لە شـارێکە ئەو هەموو کارەکانی ڕێکخسـتنی لە ئەسـتۆ گرتووە دەتانەوێت لە ژوورەوە دابنیشـێت و ئەرکەکانیش بە قودرەتی قادر جێبەجێ بکرێن؟ ئینجا وتی: باشـــە ماوەیەکی دیکە دەیبینم، حاڵی حازر لە شـار نییە، دواییش نامەیەکتان بۆ دەنێرم لەو بارەیەوە.

دوایین قسەم دەربارەی کاک ساڵح سێوک (شێروان شێرەوەندی) بوو کە پێش ڕۆژێک لە جادەی ســـجن بینیم، زۆر بێتاقەت و بێزار بوو لە مانەوە لە شـار و نە ناردنی بۆ دەرەوە، دەیوت، هاوڕێیانی ڕێکخسـتن دەســـتی دەســـتیم پێ دەکەن ئەگەر بەم زووانە بۆم جێبەجێ نەکەن دەگەڕێمەوە.

بە کاک ئارامم وت: هاوڕێیەکمان هەیە دەیەوێ پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکات و بچێتە دەرەوە چەند ڕۆژێکە لە شـــارە و هاوڕێیانی ئێرە هـاوکـاری نـاکەن بۆ ڕۆشـــتنەکەی، ئەویش وتی: خۆتـان دەزانن پەیوەندیکردن بە مەفرەزەکانەوە ئاسان نییە، ئێمە لە سەرەتادا هەموو

کەسـێک نانێرینە دەرەوە، پێشـمەرگەی ئەم شـۆڕشـە جیاوازە لەگەڵ پێشـــمەرگەی جـاران لە ڕووی ڕەوشـــت و بیر و تەحەموول و هەڵســـوکەوتەوە، منیش بە دووروودرێژی وەســـفی کاک شـــێروان شێرەوەندیم کرد لە هەموو ڕوویەکەوە وەکوو ئەوەی بڵێم: ئەم کەسە دەمانچەیەکی چواردەخۆری سێ لەسەر سێی، لاکەلی، تەرەقە سوورە، ئەڵقەدار! لە دواییدا وتی، باشـە با سـەبر بگرێ بۆی جێبەجێ دەکەین.

دوای تەوقەکردنێکی دیکە لەگەڵم، بەڵام گەرمتر لەوەی پێشـــوو بەڕێیکردم و منیش خوا حافیزیم لێ کرد و لەگەڵ کاک ئازادی مەلا بە هەمان ڕێگە گەڕاینەوە شـــوێنی دیاریکراو و لە یەکدی جیابووینەوە، گەڕامەوە بۆ لای خاڵم مامۆستا موحسین، ڕۆژی دوایی قسەکانی کاک ئارامم بۆ مامۆستا جەعفەر و مامۆستا موحسین گێڕایەوە، لە دواییدا زانیمان ئەو ماڵە، ماڵی کاک ئاوات قارەمانی بوو.

پاش ماوەیەک کاک بەختیارم لە بەغدا بینی، دەســتی کرد بە گلەیی و وتی: بۆ لای کـاک ئـارام ڕەخنەت لێ گرتووم، دەبووایە پێش ئەوەی لای ئەو ڕەخنەم لێبگرێت، لای خۆم باســت بکردایە؟ ســەرەتا بە زەردەخەنەیەک و ســەر بـادانەوە حـاشــام لێ کرد، بەڵام ئەو بە شتێکی سەیر کەشفی کردبوو و وتی: کاک ئارام باسی هاوڕێیەکی هەرێمی پێشـڕەوی کرد، کە هاتووەتە لای سۆرانییەکەی باش نەبووە، لەنـاومـانـدا تەنیـا تۆ ســۆرانیەکەت بـاش نییە، ئەبێـت تۆ بیـت!

لەدواییـدا وتم: بەڵێ من بووم، لەپێنـاوی کۆمەڵە و یەکێتی و تۆش بووە، لێرەوە ئەو شــایەدیەی بۆ دەدەم کە هیچ دڵگران نەبوو و

بەرووحی ڕیازی وەریگرت. دوای ئەوە وتی: کاک ئارام نامەیەکی بۆ نووسیون لای منە لە سلێمانی، دوایی بۆتان دەنێرم، ئێستا و ئەوساش ئەو نامەیە نەگەیشت و نەمانبینی.

بەڕاســـتی لە ژیانمدا کەم ســـەرکردەم بینیوە وەکوو کاک ئارام ئەو بەرگری و پشـــتیوانییە لە هاوڕێیەکی خۆی بکات بەو جۆرە ڕاســـتییە کان ڕوونبکاتەوە، نەک وەکوو خەڵکانی دیکە، ترش و خوێ بە باسێکی خراپی هـاوڕێیەکی خۆی بکـات و نـان و پیـازی پێوە بخوات! لێرەوە فەرمایشـــتەکەی مەولانا جەلالەدین ڕومیم بیردەکەوێتەوە کە دەڵێت (رووبار بە لە هاوڕێیەتی و برایەتیدا) ئەم وتەیە ڕێک پڕ بە پێســـتی کاک ئارامە، ئەو نەک ڕوبار، بگرە دەریایەک بوو لە هێمنی و وەفا بۆ هاوڕێکانی.

لەو دیدارەدا باشـتر بۆم دەرکەوت کە ئەم زاتە چەند گەورە و خاوەن کـاریگەرییە، هەســـتم بەوەکرد کە ئەو پیـاوە کـاریزمـایەکی هەیە، کادیرێکی پێشـــکەوتوو و پێگەیشـــتوو بوو، لە کاتی شـــکســـتی بزووتنەوەیەکی سـیاسـی و چەکداری گەورەدا، لە سـات و بەرکەوتنی جەزرەبەیەکی ســـەخت بە ڕێکخســـتنەکانی ڕێکخراوەکەی و شـــاڵاوی گرتن و کوشتن و ڕاونانی هەڤاڵانی، لەساتی بڵاوبوونەوەی نا ئومێدی لەناو خەڵکدا، ئا لەو ئان و ساتەدا قۆڵی ئازایەتی و جوامێری هەڵماڵێت و لێپرســـراوێتی قۆناخێکی ســـەختی خەبات و ســـەرکردایەتیکردن لە ئەســـتۆ بگرێت لەگەڵ هاوڕێیان کاک ئازاد هەورامی و کاک ســـالار عەزیز و مەلا بەختیار، کۆمیتەی هەرێمەکان درووســـت بکەن و کاک ئارامیش وەکوو سکرتێری کۆمەڵە دەور ببینێت بە بێ تەکەتول و پارە

و ئیمتیاز هەڵڕشـــتن و خزم خزمێنە و ناوچەگەری .کاک ئارام بە سـەلیقە ڕابەر بوو، بێجگە لە ئاسـتی بەرزی ڕۆشـنبیری و سـیاسـی و دووربـینـی بـۆ ئەو کـاتە، پـیـاوێـکـی بەتـوانـا و دەگـمەن بـوو.

کاک ئارام لەو ماوە کەمەی کە لێپرســراوی کۆمەڵە بووە، دەســتێکی باڵای هەبووە لە گۆڕینی بەشێک لە بیر و هزر و سیاسەتی کۆمەڵە بە ئاقاری عەقڵانی و واقعیدا، بێجگە لە سەرپەرشتیکردن و هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ لە وڵاتدا، هەر بەمەش بوو بە سومبول و ئەستێرەیەکی گەشـــی پرشـــنگـدار لە ســـەرتـاســـەری کوردســـتـانـدا.

ســەبارەت بە کاک ئارام زۆر جار ئەم پرســیارە لەخۆم دەکەم ئەگەر کاک ئارام بەم کوتوپڕیە و لەسەرەتای شۆڕشی نوێ شەهید نەبووایە، کۆمەڵە لە ڕووی چینـایەتی و چونـایەتییەوە چۆن دەبوو؟ یەکێتی و شـۆڕش بە چ ئاقارێکدا دەڕۆیشـت؟ بەڵام سـەد حەیف ئەو سـەرکردە لێهـاتووە بەهۆی بێبـاکی خۆی و کەمتەرخەمی هـاوڕێکـانی لە٣١-١-١٩٧٨ لە دێی تەنگیسـەر بە دەسـتی تاقمێک جاشـی خۆفرۆش شـەهید دەبێت و ڕووحیشـی ئۆغری ئەبەدی دەکات بۆ لای شـەهیدانی دیکەی کوردسـتان، ئەو پیاوەی چەند سـاڵێکی کەم سـەرکردایەیتی شـۆڕشـی کـــرد، بەڵام بـــۆ ئەبەد نەمـــری بەبـــاڵای خـــۆی بـــڕی.

بەڕای من ئارام دەرکەوتن و دیاردەیەک بوو لە شـۆڕش و سـیاسـەتی کوردیـدا کە پێویســـتی بەوەیە دیراســـەی بکەین، چونکە ڕەنگە

زیادەڕەوی نەبێ گەر بوترێت ئارام وێڕای شـــــەهیدبوونی، هێشـــــتا کەسێکە بەزیندوویی ماوەتەوە، سێبەری ئارام هێشتا بەسەرمانەوەیە.

ئارام شەم بوو بۆ پەروانە دەگریا

بەدوای سۆمای چاو دەگەڕا

ئەستێرە بوو لەناو چاوی گەردوون، بە هێمنی ئەخوولایەوە.

# غاندیەکەی خانەقین لا ١٦٩-١٧٤

خانەقینی بوون شـوناسـێکی سـەیرە، ئەو شـوناسـە تەنیا پەیوەسـت بوون بـەخـاک و جوگرافیـایـەک نییـە، بـەڵکو گرفتـار بوونیشـــــە بـە یادەوەری و رابردویەک کە هەویری دروستکردنی چەندین کەسایەتی و روداوی جیاجیایە لە مێژووی بزوتنەوەی سیاسـی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا، ئەمە وای کردوە خانەقین بەجۆرێک لەتایبەتمەندی درێژ ببێتەوە بۆ ناو کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان و عیراق، وای کردوە کە پێگەی ئەو شـــارە هەمیشـــە دیارو درەوشـــاوە بێت، رەنگە هەندێک جارو لای بەشـــێک لە خەڵکەکەی هۆکاری جەخت کردنەوە لەشوناسی خانەقینی بوون زیاتر لەو ستەم و هەڕەشەیە سەرچاوەی گرتبێت کە لەسـەر کوردسـتانیبونی هەبووە، ئەمە وای کردوە شـارەکە ببێتە کارخانەیەکی زیندوی بەرهەمهێنانی کەسانی رۆشنفیکرو سیاسی و خەباتکار، ببێتە پەرژینی کوردایەتی لە ســـنوری باشـــورەوە، دارخورماکانی شـــیلەو شـــیرینی کوردایەتی و کوردبوون بگرن، خەباتکارەکانی خانەقین لەمێژووی ســـیاســـی کوردســـتان ناوی درەوشاوەن، کە یەکێک لەوانە مەجید سەید کەریم غاندیە، ئەو پیاوەی کە پێم وایە کۆکەرەوەی هەموو ئەدگارو خەســـڵەتەکانی خانەقینی بوونە، پیاوێک بوو لەو خانەقینە بۆ کوردایەتی لەدایک بوو، وەک چۆن بەهێمنی، بەڵام بەقوڵی ژیا، ئاواش سـەربەرزانەو بە بێ دەنگی سـەری

نایەوە، بەڵام بۆ شـــارەکەی و کوردایەتی بووە میرات و ســـەرمایەکی بەنرخ.

پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە کە بەندە بەو بیرەوەری و ئەزموونەی لەگەڵ ئەو پیاوە ســـــاکارو پڕ لە زانین و ویقارە هەمبووە، ئەم چەند دێرە تۆمار بکەم، هیوادارم یادەوەریم کورتی نەهێنانبێ و بتوانم مافی مامۆســــتا مەجید غاندی بدەمەوە، چونکە بەســــەر من و خانەقین و کوردایەتیشـەوە هەیەتی و گەر درەنگ وەختیش بێت پێویستە ئاورێک لەو پیاوە بدەینەوە.

کەمن لەســــەرەتای حەفتاکان ناســــیم ئەو ســــەردەمانێک بوو بە کوردایەتی و بزووتنەوەی ســــیاســــی ئاڵودە بوو بوو، لە ســــەرەتای شــــۆڕشــــی ئەیلول بە پاشــــخانێکی رۆشــــنبیری قوڵەوە چەکی پێشمەرگایەتی لەشان کردبوو، لەم رێگایەش بەردەوام بوو تا گەیشتە پلەی شەهید بوون.

من کاتێ بیر لەو تێکۆشــــەرە ســــەر ڕاســــتە ئەکەمەوە یادەوەریم ئەمباتەوە بۆ گەڕەکە کۆنەکەی خۆمان لە جەلەوە کە رێک بەرامبەر مزگەوتی مەجید بەگ بوو، ئەو مزگەوتەی کە پێم وایە ســــاڵی ١٩٠١ بونیادنراوە، یادەوەریم یەکسەر ئەمباتەوە سەر ناوی عبدالمجید لوتفی و مامۆســــتا مەجید غاندی لەوێشــــەوە بۆ تێکۆشــــەرو منەوەرەکانی خانەفین، بۆ ئەوانەی کەلتورو فەرهەنگی ئەو شارەیان دەوڵەمەند کرد، دەمباتەوە ئەو ســـەردەمەی کە داگیرکەران بێ رەحمانە خەریک بوون خانەقین و ســــەرتاســــەری کوردســــتان بکەن بەوێرانە، مۆرکی کوردبوونمـان بســــڕنـەوە، بـەڵام لـەژێر زەبری ئـەو زوڵمـەدا چۆن

کەســـــانێک هەبوون بە ئیرادەو بڕوایەکی پتەو کاریان بۆ نیشـــــتیمان سازی و کورد سازی ئەکرد، چۆن ئەبوون بە سەرچاوەی ئیلهام بۆ من سەدان و بگرە هەزارانی تر کە شەهید مەجید یەکێک بوو لەوانە .

شـــــەهید مەجید غاندی گەنجێکی وشـــــیارو هەڵکەوتوی خانەقین بوو، دەرچووی زانکۆ بەشی ئینگلیزی بوو، رەنگە هەر لەخوێندنیش شەهید جەعفەر عەبدولواحدیشـــــی ناســـــیبێت، چونکە هەردوکیان دەرچووی بەشـــــی ئینگلیزی بوون، یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی مەجید غاندی شـــــەهید جەعفەر بوو، لەو ســـــەردەمەدا زمانزانێکی دەگمەن بوو، عەرەبی، ئینگلیزی، فەڕەنســـــی و فارســـــی ئەزانی، چەندین وتار و نوســـــینی بە کوردی و عەرەبی لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی ســـــەردمی خۆی بڵاو بونەتەوە، بۆیە کەسـایەتی ومامەڵەو بەرخوردی ئەو لەگەڵ سیاسەت و فیکر جیاواز بوو لەوانی تر، ئەو وەکو ئێمە مانان مارکسی بوو، مارکســـــیزمی لەســـــەرچاوەی خۆیەوە وەرگرتبوو، مارکس و ئەنگلس و ســـەرچاوەکانی ئەو فیکرەی راســـتەوخۆ لەبەردەســـت بوو، بەڵام ئەوانی تر بە منیشـــەوە ئەو توانســـتەمان نەبوو، ئێمە لەدەرگای ماویەتەوە لە مارکســـــیزم چووینە ژوەرەوە، بەڵام ئەو مارکســـــی لەرێگەی مارکس خۆیەوە ئەناسی، ئێستا بیری لێ ئەکەمەوە ئەو کات شـەهید مەجید کانت و دیکارت و هیگل و مارکسـی ئەخوێندەوە، هۆبز و جۆن لۆکی ئەناسی، سـارتەری لەرێگەی کتێبەکانی خۆیەوە شـرۆڤە ئەکرد. ئەمەش وای کردبوو قەناعەتە سـیاسـیەکانی پشـت ئەسـتور بن بە بنەمایەکی فەلسەفی، گەنجێکی هەڵکەوتوو جیاوازبێت ، لەپاڵ کاری سیاسی و گرنگیدان بە سیاسەت و بواری فیکرو فەلسەفە، بایەخێکی زۆری بۆ ئـەدەب و ئـەدەبی جیهـانی هـەبوو، لـەپـاڵ ئـەدەب و دەقـە

کوردی و عەرەبییەکان، خوێنەری شـــکســـپیر و پۆشـــکێن و بۆدلێر و دیســــتۆفســـکی و ئەدیبە بەناوبانگەکانی جیهان بوو، بۆیە ئەو پیاوە هەڵگری خەسڵەت و ئیستاتیکایەکی تایبەت بوو، سیاسەت و تێڕوانینە سیاسیەکانی ئەچوونەوە سەر فەلسەفەو ئەدەب، توانا ئەدەبیەکەی بە پاشـــخانە ســـیاســـیەکەی دەوڵەمەند بوو، قەناعەتە فەلســـەفیەکانی بۆ چارەســـەری دۆخێکی ســـیاســـی نەخوازراو بوون، ئەمەش وایکردبوو شـــــەهید مەجید جوانوســـــێکی دەگمەن بێت، گەنجێکی هەڵکەوتوی خانەقین و تێکۆشەرێکی دانسقەی کوردایەتی بێت.

وەک باسم کرد لەسەرەتایی ٧٠ کان ئاشنایەتم لەگەڵ مامۆستا مەجید غاندی پەیدا کرد، لە یەکێتی لاوان ســـەردانی ئەکردین بەتایبەت لەگەڵ کاک صـــلاح حســـن زیاتر ئەهاتە لامان، من لەوکاتەوە پێی ســـەرســـام بووم، بەڵام پەیوەندی بەهێزی من لەگەڵ ئەو شـــــەهیدە ســـــەربەرزە ســـــالانی ٧٤ و ٧٥ دروســـــت بوو، کاتی لە گوندی مەحمود قەجەر بارەگای یەکێتی لاوانمان دانا زوو یەکترمان ئەبینی لەوێ بووین بە دۆســـت و ئاشـــنایی یەکیتری،شـــەترەنج زانێکی بەتوانا بوو، من پێی ســـــەرســـــام بووم، خوێندەوار، هێمن و کەمدوو، لە روبارێکی هێمن ئەچوو قەناعەت و بیروبۆچوونەکانی بە وردی ئەخســـتنە ڕوو، نوســـــەرێکی بەســـــەلیقەو توانا، کوردێکی بێگەردو خەباتکارێکی پشـــودرێژ بوو، بێ ئەوەی بدوێ کاریگەری لەســـەر بەرامبەرەکەی دائەنا، بۆیە کە ئاشنای بویتایە نەئەکرا دەستی لێ بەربدەیت.

ئەم پەیوەندیمان هەر بەردەوام بوو، وەکو کەسـایەتیەک پێی کاریگەر بووم و متابەعەم ئەکرد، دواین دیداریشم لەگەڵ شەهید مەجید غاندی کۆتایی سـاڵی ١٩٧٨ بوو، کاتێ بڕیاری ئەوەی دا بچێتە شـاخ و روو لەپێشـمەرگایەتی بکات، لەماڵەوە لەو جەلەوە لە بەرامبەر هەمان مزگەوت سـەردانی کردم بۆ خواحافیزی و دەسـپێکردنی قۆناغێکی تازەی ژیانی، بۆ ئەوە هاتە لام گەر راسپاردەیەکم هەبێت بۆ برادەرانی شـاخ بەتایبەت مامۆسـتا جەعفەری برای کە ئەیزانی دوو دۆسـتی نزیکی یەکترین، لەو دیدارەدا زۆر قەسەی بۆ کردم، من بەوردی گوێم لێ گرت، باسـی زۆر شـتی کرد و دواین جاریش نامەیەکی فەرهاد شـاکەلیشی نیشـاندام، لەوێش دووبارە کاریگەری زیاتری لەسـەر من دانا، ئەمە دوا دیداری من بوو لەگەڵ ئەو پیاوەی کە بۆ من جێگەی سـەرسـامی رێز بوو، ئێسـتا دوای ئەو ماوە درێژە کە بەسـەر شەهیدبوونیدا رۆشتووە، هەمان رێز و سەرسامیو هەستم بۆی هەیە، پێم وایە خەسـڵەتەکانی ئەو پیاوە هێشـتا بەکەڵکی ئەم سـەردەمشـمان دێن.

لە کۆتایدا وتەیەکی رابەری کۆچکردومان مام جەلال-م بیرهاتەوە سـەبارەت بەخانەقین و کۆیە، جارێکیان بۆی باس کردم کە هەر شـارێک بەهۆی هەندێ هۆکاری سـیاسـی کۆمەڵایەتی کەسـانێک لە شـارێک هەڵئەکەون، سـەردەمانێک کۆیەو خانەقین کەسـانی دیارو ناسـراو کاریگەر هەڵکەوتوون، کە شـوێندەسـتیان لە بزووتنەوەی سـیاسـی و کوردایەتی دیارە، من یەکسـەر یادەوەریم چووە سـەر دوانەی شـەهیدان جەعفەر عەبدولواحید و مامۆسـتا مەجید کە ئەویان لەکۆیەو ئەمیان لە خانەقین دەرکەوتن، هەردوکیشیان بەدەستی هەمان

ڕژێم لە ســــێدارە دران و هەردوکیشـــیان بوون بە ســــەرمایەو ڕێنیشــاندەری هەزاران تێکۆشــەر، لەو یادەدا ســڵاو لە گیانی پاکیان، درود بۆ گیانی مامۆستا مەجید غاندی و هەموو شەهیدانی کوردستان.

## بۆ یادی فریشتەکەی یەکێتی لا ١٧٥-١٨١

پێم وانیە زمان دەرەقەتی وەسفکردن و  باسکردنی بیروەرەیەکانم بێت لەگەڵ کەسێک کە تەنها بۆ یەک رۆژ بتناسیایە، تاچەندین ساڵ کاریگەری لەسەرت دروست دەکرد، من تەنها دوو ساڵ دەرفەتی ناسین و هاوڕێیەتی ئەو ئەفسانەیەم بۆ رەخسا، بەڵام هەموو ژیانی داگیر کردم، ئەو پیاوێک بوو کە هیچ چارەیەکت نەبوو دەبوایە خۆشت بوێت  و پێی سەرسام بیت، ئەو ئیمپراتۆری هێمنی و ئارامی بوو، بەجۆرێک ئێمە لەپاڵ ئەودا لەناو شەڕو کوشتارو توندوتیژی دوژمندا دەرحەق بەخەڵک و خۆمان  هەستمان بە دڵنەوایی و ئۆقرەیی ئەکرد، ئەو بەهرەیەکی هەبوو کە لە ناخۆشترین ساتەکاندا هەمیشە ئارام و هێمن بێت، ئەو پیاوە پارەو عەشیرەت و بنەماڵەی لەپشت نەبوو، بێ ماڵ و دیوەخان بوو ، بەڵام رۆح  و هەیبەت و ناوێکی هەبوو لەهی کەس نەئەچوو، ئەو کەسە  ئازاد هەورامی بوو ، ئەو لەبەر ئەوەی ئازاد هەورامی بوو، هیچ رێگایەکت نەبوو  جگە لەوەی سەرسامی بیت  بۆ ئەبەد خۆشت بوێت، بۆیە بۆمن کاتێ ئەڵێن کەرکوک بابەگوڕگوڕِی هەیە، من ئەلێم نەخێر ئازاد هەورامی هەیە، ئەو ئازادەی بەقەولی مام جەلال هەرگیز کەلێنەکەی پڕ نەبووەوە، بۆیە هەمیشە ئەڵێم خۆزگە رێواسێک بومایە لەسەر کێوی گەورەیی مام جەلال و لە تەنیشت بەفری سپی ویقاری کاک ئازادەوە سەرم دەرکردبوایە.

ڕەنگە درۆ نەبێت گەر بلێم کەسم وەکو ئەو نەدیت، بەجۆرێک لەو کاتەی ئایدیۆلۆژیا وەکو دین وابوو  تۆ ئەگەر وەکو ئەویش بیرت نەکردبایەوە

هیچی لەو راستیە نەئەگۆڕی کە ئەو پیاوە هەر خۆشەویست و کاریگەر بوو، نەئەکرا وەکو نەیار سەیری بکەیت.

یەکەم دیداری من لەگەڵ ئازاد هەورامی لە پایزی ساڵی ١٩٨٣ بوو لە دێی گەڕە زیلی قەرەداغ، کاتێ شارم جێهێشت و رووم لە ژیانی پێشمەرگایەتی کرد، یەکەم دیدار بەو پیاوە گەیشتم، ئەو لەگەڵ کاک قادر حاجی عەلی بۆ سەرپەرشتی کۆنفرانسە محەلیەکانی کۆمەڵە هاتبوونە قەرەداغ، ئەوە رێکەوتێکی زۆر خۆش بوو بۆ من، بگرە رۆژێکە هەتا مابم بەهایەکی تایبەتی هەیە و قابلی لەبیرچوون و فەرامۆشکردن نییە، چونکە لە یەکەم دیدار ئەو پیاوە چووە دڵمەوە، لەو ماوەیەدا کە چەند رۆژی خایاند. چووین بۆ لای مامۆستا موحسنی خاڵم لە دێی خاوێ پرسیاری کۆمەڵەو هەڵۆی سورو دۆخی خانەقین و بەغدای لێکردم ، دوایی لەوێشەوە چوین بۆ تەنگی سەر بۆ سەر گۆڕی کاک ئارام ، هەر لەوێ زانیم پیاوێکی زیرەک و بە توانایە ، هەر چەندە ماوەی نێوان یەکەم دیدارو جیابونەوەمان نزیکەی دوو ساڵ بوو، ئاراستەی رووداوەکان و دواتریش کۆستی شەهید بوونی بە یەکجاری دایبڕاندین، بەڵام نزیکەی ٣٢ ساڵە کاریگەری لەسەر من ماوە، بەجۆرێک من ئەگەر دەرویش بوومایە شێخەکەم ئازاد هەورامی ئەبوو، بە هەردوکیشمان مەولامان شەهید ئارام ئەبوو، ئەو ئارامەی بە ماوەیەکی کورت قەرەداغی کردە کوانوی شۆڕش و هەستانەوە.

کەم کەس هەبوو وەکو ئازاد هەورامی لەناو خشونەت و زەبری شۆڕش و هەڕەشەو مەترسی دوژمندا خۆی ئاسا وەکو گۆمێکی مەند هێمنی و قەزاوەتی خۆی لەدەست نەدات، بەجۆرێک لەوێنەی ئەو پیاوە نەبوو کە بێ دەنگی و کەمدویی هێندە ماناو دەنگی هەبێت، بێ دەنگی کاک ئازاد جۆرێکی تری قەسەکردن و ئاخافتن بوو کە تەنیا لەو

ئەوەشایەوە، کەتەنیا ئەو خاوەنی ئەو خەسڵەتە بوو، ئەو ئەیتوانی وا بێت، ئەو لە کۆترێکی ئارام ئەچوو کە فێری ئەوە بوبێت لەگەڵ تۆفان و گەردەلولەکان هەڵبکات، لەماسیەک ئەچوو شەپۆلەکان هێزی ئەوەیان نەبوو خەیاڵی سەفەر و کاروانەکانی تێک بدەن، واهەڵکەوتبوو خۆرسکانە لە کوێ بوایە هەیبەت و ویقارو ئارامی لەوێ بوو، کاک ئازاد هەمیشە زەردەخەنەیەکی تێکەڵ بە خەم و حوزنی لەسەر دەم بوو. پیاوێکی شەرمن بوو، بەڵام زۆر بڕوای بەخۆی هەبوو و بڕوا بەخۆبونیشی نەئەگەیشتە غرورو لە خۆ بایی بوون. شەرمەکەی لە لایەک گەورەیی ئەنواند، لە لایەکی تر ئەخلاقی ئەباراند، خەمەکانیشی هەردەم بۆ کۆمەڵە بوو ، کاک ئازاد قابیلیەتی ئەوەی هەبوو لەگەڵ منداڵ منداڵ بێت، لەگەڵ گوندنشین و جوتیاران یەک ماڵە و دۆست بێت، خۆشەویستی پێشمەرگە بێت، رێزێکی راستگۆیانە لە ژن بگرێت، هونەرمەندو ڕۆشنبیر بێت دۆست و نزیکیان بێت زیادەرەویم نەکردوە گەر بڵێم ئەو ئازاد هەورامیە هەمیشە راستگۆیی لێ ئەرژا، زۆر سەیرە وەرە تۆ سەرکردەیەکی شۆڕشی چەکداری بیت کە پڕ بوو لە توندوتیژی و زەبروزەنگ بەڵام بەهرەی ئەوەشت هەبێ دڵی کەسێک ئەزیەت نەدەیت، لەناو ململانێی سیاسی و لەگەرمی جەنگی ئایدیۆلۆژیا بژی و سەرمەشقی بیروباوەڕی کۆمەڵە و ماکسیزم بیت، بەڵام ئازاری کەس نەدەیت، دڵی کەس نەڕەنجێنی، بەشێک نەبیت لە کێشەکان، لەجیابونەوەو ترازانەکان تۆ هەمیشە خاڵی هاوبەش و بە یەکگەیشتن بیت، حەوسەڵەی ئەوەت هەبێت لەناوەڕاستی ناکۆکیەکان بیت، و خۆپەرست و هەلپەرستیش نەبیت، ئامادە بیت زۆر جار لە پێناو یەکێتی و شۆڕشدا باجی هەڵوێستەکانت بدەیت، ئەمانە تەنیا بە پیاوێک ئەکرا کە ئازاد هەورامی بوو، کە شانێکی تفەنگ و شانەکەی تریشی گیتارێک بوو, ئەو ئیمپراتۆری هێمنی و لەسەر خۆیی بوو.

ئەوانەی کاک ئازادیان ئەناسی ئەزانن زۆر حەزی بە پایز بوو, . زۆر لەرەنگەکانی ئەو وەرزە رائەما، لای ئەو پایز سیحرێکی تایبەتی هەبوو، رەنگی سورباوی گەڵای مێو و چنار و هارمۆنیای رەنگی درەختەکانی پایز خۆشیەکی زۆریان ئەدا بەکاک ئازاد، هەمیشە سەمای گەڵای پایز و ژەنینی گیتارەکەی و سرودەکانی تێکەڵ بەیەکتر ئەبوون، هەموویان بەیەکەوە جوانیەکی زیاتریان ئەدا بەرۆژگاری شۆڕش، خۆشیەکی شیرینیان ئەدا بە رۆژە تاڵەکانی ئێمە، بۆیە هەمیشە هاوڕێیەتی لەگەڵ ئازاد بۆن و بەرامەیەکی تری هەبوو، گفتوگۆ و قسە شیرینەکانی تامێکی تایبەتی ئەدا، خەریکە بڵێم ئەو شۆڕشگێرێکی فریشتە ئاسا بوو کە لەپایزدا ناسیم و هەر لە پایزیشدا لە دەستماندا.

یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی کاک ئازاد هەورامی کەهاوڕێکانیشی هەستیان پێ ئەکرد ئەوەبوو کە دلسۆز و خەمخۆری خێزان و کەسوکاری خۆی بوو، بەتەنگ خوشک و براکانیەوە بوو، چونکە من رام وایە کەسێک بە تەنگ خێزان و نزیکەکانیەوە نەیەیت، (بەمانای خەمخۆری و بەدەنگەوە هاتن نەک فەرزکردنیان بەسەر ئەوانی تر) ناتوانی بەدەنگ بیروباوەڕ و میللەت و نیشتمانەکەیەوە بێت، ئازاد هەورامی مرۆڤێک بوو خەمی باڵندەیەکیشی ئەخوارد.


دوا دیداری من لەگەڵ شەهید ئازاد لە ماڵی کاک ملازم عومەر بوو لە گوندی کانی توو، بە ئامادەبوونی خوالێخۆشبوو کاک بەکری حاجی سەفەر و کاک دلێری سەید مەجید و مامۆستا موحسین کاتی جیابونەوەمان بوو لە یەکێتی، کاک ئازاد ئەمەی پێ خۆش نەبوو و نەی ئەویست جێی بهێڵم، پێ گووتم (عیماد بۆ ئەڕۆیت، لەناو کۆمەڵە و یەکێتی خەبات ئەکەین، هەوڵ ئەدەین ئەوەی ئەمانەوێ جێبەجێی بکەین و خەبات بۆ کوردستان و بیروباروەڕەکەمان ئەکەین) منیش بەعەقلی

ئەوسای خۆم پێم وت(تۆ لەگەڵمان وەرە با بزوتنەوەیەکی تازە دروست بکەین و خزمەتی پرۆلیتاریای پێ بکەین) ئێستا ئەلێم خۆزگە ئەو کات بە قسەم بکردبوایە یان ئەو لەگەڵمان بهاتبایە، بۆ ئەوەی زیاتر چانسی ئەوەم هەبوایە لەگەڵ بم، لێیەوە فێر بم، بەڵام مخابن روداوەکان دەرفەتیان نەدا، ئەگەر ئەو لەگەڵ ئێمە بهاتبوایە بڕوام وابوو روداوەکان بەو جۆرە نەئەبوون کە بینیمان, بەڵام کوا داری خۆزگەو بریا بەری گرتووە، چارەنووس بێڕەحمانە ئازاد هەورامی لە دەست کورد رفاند، لە کات و ساتێکی دژواری شۆڕش و خەبات شەهید بوو، وەک چۆن منداڵ و سەروەت و سامانیشی جێنەهێشت، مەنزڵگای کۆتایشی لە کوردستانی رۆژهەڵات سادەو ساکارە.

ڕۆژی شەهید بوونی من لە خوارکورک لە ڕادیۆی گەلی کوردستان هەواڵی شەهیبوونی کاک ئازادم بیست، یەکسەر ئەو زەردەخەنە خەماویەم بیر کەوتەوە کە هەمیشە لەسەر رووی بوو و لەناخی خۆم وتم فریشتەکەی یەکێتی فردەوسی خۆی دۆزیەوە و ئیتر وتم کورد کەسێکی گەورەی لەدەست دا کە ئەو ناگەرێتەوە لای ئێمە. ئێمە بەرەو لای ئەو ئەڕۆین.

لە کۆتایدا هەزاران سڵاو و درود بۆ گیانی پاکی کاک ئازادو تەواوی شەهیدان، هیوادارم رێگەکەی درێژە پێ بدرێ و بە ئەمەک بین بۆ ڕێبازەکەیان.

## ئۆغرت بەخێر جەبار فەرمان لا ١٨٢-١٨٧



ڕۆ... ڕۆ... جەبار فەرمانم ڕۆ...

قارەمانی گەلەکەم ڕۆ...

ڕۆڵەی بەوەفای گەرمەسێرم ڕۆ...

ڕۆ... ڕۆ... فیلەتەنی یەکێتییەکەمان ڕۆ...

ڕۆ... ڕۆ... زەردەخەنەی سەرلێوانی جەبار فەرمانمان ڕۆ...

نازانم چۆن بنووسم، لەکوێوە دەستپێبکەم، لە سۆزداری و ڕۆمانسییەت، یان لەعەقڵ و لۆژیک و سیاسەت...

جەبار گیان لەدەنگۆی پزیشکەکانتەوە، لەپشکنەرو چاودێرەکانتەوە، بەر گوێم کەوت کە بەم دەردە کوشندەو بێ دەرمانە بۆ دواجار دەبێ

ماڵئاوایمان لێبکەیت، بەڵام نەمدەزانی کەی دواهەناسەت دەگاتە لوتکەو چاوانی پڕ ئازایەتی و نەبەردید لێکدەنرێت.

بڕوام وابوو، کە تۆ ژیانت خۆشدەویست، ئاوەها لەململانێدا دەبوویت لەگەڵ مەرگ و مەرگ نەیدەتوانی زەفەرت پێببات.

مەخابن... مەخابن... سەدمەخابن... جەبار گیان، لەدوا چرکەکانی چوارونیوی پاشنیوەڕۆی پێنجشەممە ٢٠٠٧/٨/٩ لەسلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی، کەزۆرجار بەشاری میهرەبانی ناوت دەبرد، لەباوەشی بەوەفاترین مرۆڤ (ئامۆژن) مەرگ یەخەی پێگرتیت و لەنکوڵی بەزانتی و دونیای زائلی پێ جێهێشتی و بەرەو دوا مەنزڵ و ماڵی دونیاکەی تری بردیت...

-عیماد فریامان کەوە جەبار دەمرێت!

ئامۆژن بەم چەند وشەیە مێشکمی هەژاند و بروسکەی ئاگرینی لەجەستەم بەرداو لەرزۆکی کردم تا ڕادەی بێئاگایی وەک ئەوەی کە (دەروێشێک شێخەکەی ماڵئاوایی بکات)، زۆر وشەم لەزار دەردەهات و نەمدەزانی چییەو چی دەڵێم.. ڕق و سۆز، خۆشەویستی و شەڕ، مەنتیق و خەیاڵ، وەفاو بێوەفایی، ڕەوەندو سێمبولەکەی، خانەقین و ئەڵوەن و کەلات و بارمیل... سلێمانی و گردی عەلی ناجی و خانووەکەی...! سەدای وشەکانی دەی... قەتعەن... هێرشی بۆ زهنم هێناو هەستەکانی بزواند...

ڕۆ... ڕۆ... جەبار فەرمانم ڕۆ...

ڕۆڵە و پڵنگی گەرمیانم ڕۆ...

هـاوارو نـاڵەی پڕ گریـانی ئـامۆژن و ســـەبیحە و ملازم عومەر و پێشـــمەرگەکان دەروازەی چوونە ژوورەوەم بوو... بەڵام... مەخابن... مەخابن... ســەدحەیف و مەخابن جەباری شــێرە کوڕی شــۆڕش و پێشـــمەرگـایەتی، جەبـاری پڕ جوڵەو جوانی و جوامێری... جەبـاری میهرەبان و بەخشـــندە... مەخابن لاشـــەیەکی ســـاردو بێ جوڵە... چاوەکانی داخراوو بێ هودە... جیاواز لەجارەکانی تر ســەفەری کردو بڕیـاری نەگەڕانەوەی داو خۆری ئێمەو هـاوڕێکـانی و ئـامۆژن و ڕەوەندو سەبیحەو کەسوکاری لەگەڵ ئاوابوونی خۆری ئەو ئێوارەیەدا ئاواکرد.

چەند بەئێش و زامە... ماڵی دۆســـت و میوانداری، ماڵی پڕ یادگاری، ماڵی دانیشتن و شەوچەرەکانی خۆشەویستی، ببێتە ماڵی پرسەو خەم و ڕشتنی فرمێسک بۆ جەبار، گوڵ و دارو درەخت بێ ڕەنگ و بێهێزو لاواز، کورسی و مێزەکان چۆکیان لەزەوی، باڵندەکان بێ جریوە و بێ کەیف و ســـەفاو تاســـاو لەقوڵپەی گریان، ڕووناکی گلۆپەکانیش لەئێوارەیەکی تەم و مژاوی و پڕ نەهـامەتیـدا ڕوونـاکیـان نەدەداو بێزارییان دەردەبڕی ..

جەبار گیان.. نازانم چۆن باست بکەم، چۆن باسی سۆزو خۆشەویستی و جوامێریت بکەم....چۆن باسـی خۆشـەویسـتیت بکەم بۆ ژیان.....چۆن باسی ئەو هەستە ناسکەت بکەم کەجار جارە لەنوسین و لەژێر لێوەوە دێڕە شــیعرو پەخشـــانت ئەنوســـی و ئەچڕی.....قەدەریش وای کرد، بەخاکســـپاردنیشـــت لەنێو گۆڕســـتانی کەڵەپیاوان و تێکۆشـــەراندا لەئامێزی خۆیانت بگرن و پێشـوازییان لێکردیت، لەوانەش مامۆسـتای

ئەدەب و کوردایەتی و نووســـەرو ڕۆژنامەنووس مامۆســـتا ئیبراهیم ئەحمەدو شـەهیدی سـەرکردەمان شـەوکەت حاجی موشـیر یەکەمین پێشـــمەرگەی شـــۆڕشـــی نوێی گەلەکەمان و مامۆســـتای ئەکادیمی و خۆشـــەویســـتی گوڵ و جوانی.. دکتۆر کەمال خۆشـــناو کەهەمیشـــە لەپاپۆڕەی گوڵ و گوڵزاردا ژیانی دەگوزەراند، جوانە مەرگ ڕێبازی خاوەن هەزارەها خەون و ئاواتی نەهاتە دی.

ڕۆ..ڕۆ..جەبار فەرمانم ڕۆ....

جەبار فەرمان، خۆشەویستی ژیانی لەخۆشەویستی بۆ منداڵ و بۆن و باڵندەو خولیای ئەستێرەو گوێگرتن لەئاوازی سروشت و خورەی ئاو وێنـا ئەکردو عیشـــقی جوانیەکەی لا گەڵاڵە ببوو کە لەنـاخییەوە بەگوزارشـــتی جیاواز دەری دەبڕی و هەســـتەکانی لەگەڵیاندا نەرم ئەبزواند... وەفاداری و ڕاســـتگۆیی بۆ هاوڕێ و دۆســـتەکانی بێ ئەندازەو دەگمەن بوو، بۆیە گەر بمەوێت بەچەند وشـەیەک پێناسـەی بکەم ئەوا دەڵێم (جەبـار فەرمـان واتە وەفـا، اقـدام، هەڵوێســـــت، خۆشەویستی و خەیاڵ).

جەبار فەرمان هەر لەسـەرەتای لاوێتییەوە عەوداڵی کوردو کوردایەتی بوو لەشـــارەکەی کە خۆری هیوا لێی ئاوا نابێت.. لە ڕێکخســـتن و زیندان و شـــۆڕش و بەرپرســـیارێتی و قۆناغەکانی، یەک بەیەک دەســتپێکردو لەهەموو ئەمانەشــدا تایبەتمەندێتی جەبار دیارو بەرچاو بوو...دوژمنی دوژمن بوو، دۆستی دۆست بوو.

گەر بەوێژدان سـەیری خەباتی پڕ زەحمەت و تێکۆشـانی جەبار بکەین و لەڕاســـتـیـەوە بـڕوانـیـن: فـەزڵـێـکـی ئـێـجـگـار گـەورەی هـەیـە،

لەدەستکەوتەکانی ئیمڕۆی شۆڕشەکەمان، کەسێکی خۆنەویست و دەستکراوە و بەخشندەبوو، هەمیشە لەمیوانداری و یارمەتیدانی کەسانی هەژارو دۆست و نزیکەکانیدا بوو... سەرباری ئەوەی کە ڕۆحی خۆی کردبووە قوربانی هاوڕێکانی و سەرکەوتنەکانی بەتێکۆشان و ماندوبوونی ئەوان دەبینی... هەرچەند وەک هەموو مرۆڤێکی تر بێ هەڵە (شطحات) نەبوو، بەڵام گەر بەتەرازوی ویژدان هەڵیسەنگێنین ئەوا (حسنات)ی فرە زیاترە لە (سیئات)ی... سەرکەوتن و پێشەنگی جەبار فەرمان لەوەدابوو کەدەوروبەرو کەسانی هاوکارو هەڤاڵانی بڕواو هیوای تەواویان پێبوو...مەخابن.. مەخابن.. سەد حەیف و مەخابن جەباری سەرکردەو پێشمەرگەو جوامێرو بەجەرگ ماوەیەک نەخۆشی کوشندە بەرۆکی گرتوو لەکاروانەکەی ئێمەی جێهێشت و تاجی سەروەری خەباتگێڕی بەهەڤاڵەکانی تری سپاردو ڕێڕەوی خەبات و تێکۆشانە دڵسۆزانەکەی بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی درێژ کردەوە.

جەبار فەرمان هەمیشە هیوای سەرکەوتن و ڕزگارکردنی کوردستانی کردبووە ئاوات و بوێرو بەورەو چاونەترسانە خەباتی بۆ دەکرد، گەرچی بەم کۆچە ناوادەیەی...بەم ماڵئاواییە پڕ گریان و خەمە... ئەرکێکی گران و پڕ بەرپرسیارێتی خستە ئەستۆی ئێمەو هاوڕێکانی، کەئەرکی بەهێزکردنی یەکێتی و ڕیزبەندی و ڕێکخستنەوەی یەکێتیی ناو یەکێتی و تەبایی و برایەتی ناو بزوتنەوەی کوردایەتی و چەسپاندنی دەستکەوتەکانی شۆڕش و ڕاپەڕین و پاراستن و گەشەپێدانی ئەو دەستکەوتانەو بەدیهێنانی ماف و داواکانی خەڵکی کوردستانن، ئێمەش بەڵێن دووپاتدەکەینەوە کە سوورین لەسەر

گیانبازی و خەبات و شۆڕشی بەردەواممان بۆ بەدیهێنانی خەونە لەبن نەهاتووەکانت.

جەبار گیان. ....هەزاران درودو ســـڵاو بۆ گیانی پاکت و ســـەرجەم شەهیدان، ئۆغری هەتاهەتایت بەخێر ئەی براو هاوڕێی ئازیزم.

بەکری حاجی سەفەر سەفەری ئەبەدیت بەخێر لا ١٨٨-١٩٣

حسێن مەنسوور کوڕی خانەقین و شەهیدی کوردستان لا ١٩٤--٢٠٠

**وەسفیە کە وەسف ناکرێت لا ٢٠١-٢٠٤**



ژنێک هاوشــــاری خۆم بوو، بەڵام وەنەبێ لەشـــــارەکەم خانەقین و لەرێگەی هاوشاریەوە یەکترمان ناسیبێت، بەڵکو بەهۆی کاری سیاسی و رێک لەسـاڵی ١٩٧٧ لەبەغدا لەکاتی هێنانی پۆسـت لە سـەرکردایەتی لەشــاخەوە بۆ بەغدا من ئەوم ناســی و شــتەکانم لێوەردەگرت، ئەم یەکترنـاســـینە لەگەڵ تەمەنی شـــۆڕش و خەبـاتی ژێرزەمینی و پێشمەرگایەتی و خەباتی شار درێژبوەوە و تادواساتی ژیانی ئەو ژنە شــۆڕشــگێرو بەوەفاو ئەمەک و ئەخلاقە بەردەوام بوو، پەیوەندیەک کەتەنیا لەچوارچێوەیەکی سـیاسـیدا نەمایەوە، بەڵکو بوە پەیوەندیەکی خــانەوادەیـــی و هـــاوڕێـــیەتـــیەکـــی درێـــژخـــایەن.
من کـاتێ یەکەمجـار ئەوم نـاســـی، نەمـدەزانی لەداهـاتوودا لەچەنـد وێســـتگەو ئیشـــی جۆراوجۆر یەکتر دەبینینەوە، بەڵام پرەنســـیپ و ئازایەتی و شـۆڕشـگێری ئەو ژنە دەرگای ئەوەی کردەوە کەپەیوەندی و دۆسـتایەتی و کاری سـیاسـیمان ڕۆژ بەڕۆژ گەشـەبکات، بەتایبەتی دوای هاوســـەرگیری لەگەڵ تێکۆشــــەری دیار کاک عەلی شــــامار پەیوەنـدی ئێمەی وەکوو خــانەوادە زاخــاودایەوە، کــاتێ ئەو ژنە شـــۆڕشـــگێرە مـامۆســـتـا بوو لەتـاســـڵوجە، وەزیفەو موچەو بەرژەوەندیەکانی خۆی خێزانەکەی جێهێشـت و لەپاڵ هاوسـەرگیریان لەگەڵ عەلی شــامار، قۆناغێکی تری تێکۆشـــانی دەســـتپێکرد، کەلەو قۆناغەشـــدا وەســـفیە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی، بەهەمان تین و تاو و ورەوە بەردەوام بوو، لەوێشـدا یەکەم وێسـتگەی لەماڵی ئێمە لەشــاخ دەستپێکرد، سەبارەت بەخۆشم، پەیوەندی و دۆستایەتی و ئاشنایەتی سەردەمی شاخ و ڕۆژانی پێشمەرگایەتی تام و چێژێکی تایبەتی هەیە.. هەڵوێست و بوێری وەسفیە وایکرد کەلەسەرجەم قۆناغە جیاوازەکانی

خەباتدا ئەركی جیاواز و هەســـتیاری پێبســـپێردرێت، كەدیارتریانیان گەیـاندنی نـامەی مـام جەلال بوو بەئیمـام خومەینی لەنەجەف، جگە لەگەیاندنی چەک بۆ ڕێكخراوی هەڵۆی ســوور لەناوجەرگەی شـــاری بەغدا كەئەوكات ئەنجامدانی كارێكی لەوجۆرە ئاسان نەبوو، سەرەڕای ئەوەش وەسـفیەخان یەكێک بوو لەوانەی هەمیشـە سـەردانی زیندانی ئەبوغرێبی ئەكرد بۆ بینین و پێدانی زانیاری بەو قارەمانەی زیندان، وێســـتگەیەكی تری كاری وەســـفیە ســـەرەتای نەودەكان بوو كاتێ كارگێری مەڵبەندی كەركوک بوو، منیش ئەوكاتە لێپســـراوی مەڵبەند بووم، وەسـفیەخان جگە لەبەجێگەیاندنی كاری خۆی، لەگەشـەپێدان و ڕێكخسـتنەوەی هێڵەكانی ڕێكخسـتن لەخانەقین و كەركوک و گەرمیان بەگشـتی ڕۆڵی هەبوو، لەناو خەباتی ژنان بەهەمان شـێوە جێپەنجەی دیـاربوو، كەئەمـانە نیشـــانی متمـانەو بوێری و ئەو ژنەبوون و لەوێستگەو پۆستی جیاجیادا خۆی تاقیكردەوە، بەشاهیدی هەموان ئەو ژنێک بوو بەسەركەوتویی ئەركی سیاسی و چینایەتی و ژنایەتی خۆی بەجێگەیاند، بۆیە هاوســـەرو منداڵ و بنەماڵەكەی بەهەموو مانایەک دەتوانن شـانازی پێوەبكەن، بەگوێرەی ناسـینی من وەسـفیە ژنێک بوو كەزۆر خەمخۆری ڕێبازو كارەكەی بوو، سـەرەڕای ئەركە سـیاسـی و حزبیەكەشـی، وەسـفیە ژنێكی میهرەبان و بەمشـور بوو، بەتایبەت بۆ هەر سـێ كوڕەكەی ڕێبوارو كاروان و شـكار كەدوای نەخۆشـكەوتنی كاک عەلی شـــامار بۆشـــایی ئەویشـــی بۆ پڕدەكرنەوە و وایكرد هەموویـان خوێنـدن بەســـەركەوتویی تەواو بكەن، بەتـایبەت لەدوا پۆســـتیدا كەلێپســـراوی مەكتەبی كاروباری شـــەهیدان بوو، زۆر بەلەخۆبوردویی، خۆنەویســـتی، بەردەوامی كـاری بۆ ئەوە دەكرد

کەبایەخی شـــایســـتە بەشـــەهیدان، بەیادەوەری خۆیان و پێویســـتی کەسـوکارو منداڵەکانیان بدرێت، بۆ ئەوکارە لەهەموو دەرگایەکی دەدا، سەری بەهەموو ئەو شوێنانەدا دەکرد کەئیشی ئەوانی لێ ڕاپی دەبوو، کـاتێ من لەئەنجومەنی وەزیران بووم بەردەوام بۆ کـاری ئەوان خەریک بوو، هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوان بەخەرجدەدا، شـــەڕو گلەیی و گازاندەی لەپێناو بایەخدان بەشەهیدان بوو، کەبێگومان ئەمە پەڕەیەکی هەرە درەوشاوەی ژیانی وەسفیە بەنی وەیسە، ئەو تەنیا وەکوو ژنێک کاری نەدەکرد، بگرە لەوە فراوانتر بیری دەکردەوە و ڕەفتاری دەکرد، بەسەر زۆر ئەرک و کاری جیاوازدا ڕادەگەیشت، خوێندەوارو نوسەر بوو، تێکەڵی چالاکی سیاسی و کاری مەدەنی بوو، خاوەن پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی فراوان بوو، خاوەن پرەنســـیپ و هەندێ قەناعەتی نەگۆڕ بوو، ژنێکی ســـادەو لێوەشـــاوە بوو، بۆیە ئاســـان نییە لەیادی کۆچی دوایی ئەو ژنە شـــۆڕشـــگێڕەدا کەجگە لەکاری ســـیاســـی و حزبی، تەمەنێکی پڕ بەســـەرهات و هەورازو نشـێومان بەیەکەوە بەســـەربرد، بتوانم وەسـفی تەواوی بکەم و هەر ئەوەندە دەڵێم کەئەو وەسـفیەیەک بوو کەبەئاسانی وەسفی ناکرێت .

# بۆ هاوڕێم عەبدولرەزاق فەیلی لا ٢٠٥-٢٠٦




ئەو لە ئاســـمانێک ئەچوو بەردەوام بارانی وەفا و ئەمەکی لێ ببارێت ڕوبارێک بوو هەمیشـــە تینوێتی گەرمەســـێری ئەشـــکاند و ئاوی سازگاری ئەپڕژاندە سەرلێوی هەڵقرچاوی ئەنفالکراوان!

هاوڕێیەتی عەبدولرەزاق دەرگایەکی هەبوو کردنەوەی ئاســـان بوو، بەڵام داخستنی گران و ئەستەم بوو ئەو لە کۆڕی دۆستان دەمولەبزی گەزۆی پێکەنین و هاتنەکەی شیلەی خۆشەوێستی بوو!


ئەو لەکوێی مەجلیس بوایە، هەنگی ڕێز و تەقدیر، بەسەر شان و ملی ئەوەوە ئەنیشـــتنەوە! ئەو ڕووبارێک بوو، هەموو جۆگەلەکانی بۆ باوەشـــی خۆی ڕادەکێشـــا ئەو ڕێبوار و تێکۆشـــەر و دامەزرێنەری سـادەی یەکێتی بوو هەڵپە هەڵپی کورسـی و مەراقی خۆدەرخسـتن و دانـیشـــتـنـی ســـەروی خەڵـک و پـێشـــەوەی نەبـوو

ئاخر ئەو لەکوێ بوایە مەعنا و مەغزای بەشـوێن و کورسـی دەدا ئەو لە کەنزی قەناعەت دەچوو دەستی لە گەنجینەی پڕی باوک و باپیرانی بۆ کورد و یەکێتی هەڵگرت! ئەو سـێکوچکەی چەوسـانەوە و غەدر و دەربەدەری بوو هەم کورد، هەم شـــیعە، هەم فەیلی بوو ڕەزاق فەیلی یەکێک لەدەروێشـــەکانی جەفاو وەفای ڕۆژگارە ســـەختەکانی یەکێتی بوو هاوڕێیەکی دانسقەی هە مووان بوو وەکوو مروارییەک لە هەموو دەریایەکدا نەبوو ئەســـتێرەیەکی جیاواز بوو، لە هەموو ئاســـمانێکدا پەیدا نەدەبوو.

عەموو گیـان. ..وەکوو چۆن بەهێمنی ژیـای، بەهێمنی خەبـاتـت کرد، ئاواش بەهێمنی لە یادویادەوری ئێمەدا بۆ هەمیشە زیندوی.

## ئەو پیاوەی لە بەخشندەیی سیروان و سەرسەختی بەمۆ ئەچوو

## لا ٢٠٧–٢١٠




وەک چۆن شـــوێن و ڕۆژی لەدایـک بوون و ڕەنـگ و  نەتەوە، چارەنووســێکی ئیختیاری نین، هەندێ لەهاوڕێ و خۆشـــەویســـتانیش بەدەســـت خۆت نین، بێ هیچ ئیزنخوازی و مۆڵەتێک، خۆڕســـکانە دێنە نـاوژیـانـت و بۆ ئەبەد لێت نـابنەوە و وەکوو هـاوڕێ و دۆســـــتی هەمیشەیی ژیانت دەمێننەوە.

بۆمن سـەلاحی کوێخا، یەکێکە لەو گەوهەرە بەنرخانەی کە شـۆڕش و پێشـمەرگایەتی و کاری سـیاسـی و ئیداری بەمنی بەخشـی، سـەلاح پیاوێکی لەدڵاشـیرین بوو، بەجۆرێک لە سـەردەمی شـۆڕش و پێشـمەرگایەتیدا تا ڕۆژو سـاتەکان تاڵتر ئەبوون ئەو شـیرینتر و دڵگیرتر ئەبوو، ئەوانەی دۆسـت و هاوڕێی ڕاسـتەقینەی بوون ئەزانن، ناسـین و ئاشـنایەتی لەگەڵیدا سـەرەتایەکی هەبوو، بەڵام دواتر ناکۆتا بوو، ئەو لەرەزێک ئەچوو کە چوار وەرزە هێشووی وەفا و ئەمەکداری ئەگرت، هەمیشـە کەپری خۆنەویسـتی و بەهاو مۆراڵی بەرز بوو، دەسـتی درێژکراوی ئاشـتەوایی و برایەتی بوو، پیاوێکی ئارام و بە حیکمەت، بەمشـور و خەمخۆر، لەهەڵوێسـت و بیروباوەڕ، وەکوو داربەڕوو قـایم، لەمـامەڵەی ڕۆژانە و هەڵکردن لەگەڵ خەڵـک وەکوو ئاوریشم نەرم و نیان بوو.

زۆر جار لەدڵی خۆمەوە بیر لەکەسـایەتی و کاراکتەری کاک سـەلاحی کوێخا دەکەمەوە، زنجیرەیەکی نەپسـاوەیە لە پیاوەتی و خۆڕاگری، لە شـۆڕشـگێری و خۆنەویسـتی، دڵسـۆزی و دڵپاکی، بیر دەکەمەوە و دەڵێم ڕەنگە ئەو خەسـڵەتانەی لە سـروشـت و ژیانی ناوچەکەیەوە گواسبێتەوە ناو ژیانی خۆی، چونکە ئەو لە دێی (بانی بۆر)ی سـەر بە خانەقین، لەسەر سیروان و پشت قایم، بە شاخەکانی بەمۆ و خوشک لەدایک بووە، ئەلێم سـەلاح بەخشـندەیەکەی لە ڕوباری سـیروان و سـەرسـەختی شـۆڕشـگێرانەشـی لە بەمۆ ئەچوو، وەک چۆن هێزێک نەبوو، بەمۆ بچەمێنێتەوە، هیچ نەهامەتی و دەردەسـەریەکیش بایی ئەوە نەبوون پشتی سەلاحی کوێخا بچەمێنێتەوە، ئەو لە پێشمەرگایەتی دوو جار بریندار بوو، بەڵام سـوورتر و بەورتر لە جاران بەردەوام

بوو، ئەو لەیەک کـاتـدا وەک ســـیروان هێمن و وەکوو بەمۆش بەرگریکارو خۆڕاگر.

سەلاح بەفیترە پیاوێکی شۆڕشگێر و نەفس بەرز و بە سەخاوەت بوو، چیرۆکێکی بێ وێنەی ژیانی کاک سـەڵاح هەیە کە ڕەنگە تەنها دۆسـتە نزیکەکانی بیزانن، بەڕای من هی ئەوەیە ببێتە پەند و مایەی دەرس لێ وەرگرتن، کـاتێ لەکۆتـایی حەفتـاکـان گونـدو دێهـاتی کورد لەخـانەقین ڕاگوێزران، دێکەی ئەویش یەکێک بوو لەوانە، ســـەڵاح تاکە کەس بوو کە پـارەی تەعویزی موڵک و زەویەکانی وەرنەگرت و وتبووی چۆن ئەکرێ ئەرز و خاکی خۆمان بفرۆشین.

ســـەڵاح تـا کۆچی دوای هەڵگری ئەو بەهـا بەرزانە بوو، کوێخـای سـەخاوەت و میواندۆسـتی و هاوڕێیەتی بوو، ماڵ و دیوەخانی بەقەد فراوانی دڵەکەی بەرین و گەورە بوو و جێگەی هەمووانی تێـدا دەبوەوە، من لە دوو وێسـتگەی شـۆڕش و کاری ئیدارەو حوکمڕانی کـاک ســـەڵاحم لە نزیکەوە نـاســـی و بەیەکەوە کـارمـان کرد، بە ڕاســـتگۆیەوە دەڵێم هەر هەمـان گەوهەر و جەوهەری بەنرخ و پڕ بەهـابوو، هەمیشـــە لەخەمی خەڵک و نـاوچەکەی خۆیدا بوو، کـاتێ سـەرپەرشـتیاری ئیدارەی گەرمیان بوو، ڕەنگە هەموو لایەک شـاهێدی ئەوەی بۆ بـدەن کە مـامەخەمەی گەرمیـان بوو، بەکۆڵێـک خەمی گەرمیانیانەوە، بەئازاری ئەنفال و کەســـوکاریانەوە لەدەرگاکانی دەدا، خەڵکی بەویـژدانیـش ئەزانـن کە لەســـەردەمی ئەو ســـەرەڕای کەموکورتیەکـان کـاری خزمەتگوزاری و ئـاوەدانکردنەوەی زۆر بۆ گەرمیان کرا.

ســـەڵاح هەمیشـــە خەم و حوزنێکی شـــاراوە لەروخســـاریدا هەبوو، بەجۆرێک هەرچی پێکەنینی دنیا هەبوو داینەئەپۆشـــی، من زۆر جار ڕوخساری سەڵاحم وەکوو ڕوخساری قالە مەڕە ئەهاتە پێش چاو، کە ئەو بەشـمشـاڵەکەی تەعبیری لە دڵی کون کونی خۆی ئەکرد، ئەمیش بە خزمەت و بەدەنگەوە هـاتنی خەمو ئـازاری خەڵک جێی برینی ئەو حوزنەی لە ڕوخساری خۆی چارە ئەکرد.

کاتێ ســـەڵاح کوێخا لە ژیاندابوو بۆ خزمەتی کوردســـتان و ڕێبازی سەرۆک مام جەلال کاری زۆری کرد و هەوڵی زۆریدا، ئەوەندە کاری باش و خێری گشـــتی ئەنجامدا، بەخەیاڵم نەدەهات کۆرۆنای نەگریس وا بەئاســـانی زەفەر بەو پیاوە خۆڕاگرە ببات و وا بەئاســـانی لێمانی بســـتێنێت، بەڵام کاک ســـەڵاح وەکوو چۆن تا لە ژیاندا بوو نموونەو خولقێنەری بەهاو ئەخلاقی بەرزبوو، دوای مەرگیشـــی لای دۆســـت و هاوڕێکانی، لای گەرمییانییەکان و تەواوی خەڵکی کوردســـتان وەکوو بەهایەکی بەرز و هاورێکی هەمیشە لە یاد دەمێنێتەوە.

## شیوەننامەیەک بۆ (موحسین)ی پشت و پەنا لا ٢١١-٢٠١٥



کۆتایی پایزە و لە گەڵ هەڵوەرینی گەڵای درەختەکان, گەڵای ڕوحی پاکی تۆش وەری و بەدەم سەمفۆنیای هێمنی و سەنگینی ئەو ژیانەی مەردانەو سەربەرزانە گوزەراندت بە ئارامی گەیشتە دوامەنزڵ، بەڵام چ هەڵوەرین و خەزانێک؟ هی وا کە هەموو ڕەونەقی ئەم ژیانەشی بردو ئێمەی خستە دۆزەخی بێ تۆییەوە.

دەزانی تۆ بەم کۆچە ئەبەدییە ئۆقرە و سەبوری منیشت برد؟ منت سپاردە دەستی قەدەرێکی نادیار. ئای لە ئاست ئەم کۆچە

چــاوەڕواننەکراوەت چۆن وەکوو دەریــاوانێــک لە کــاتی هەڵکردنی باوبۆراندا سەوڵەکەی بشکێت و هیچی پێ نەکرێت .

هەر خۆم دەزانم، چەند پەشێو و دڵسوتاوم ؟ بەڵام ئاخ ! چی بکەم کە باڵای قەڵەمەکەم ناگاتە ســـــنووری قەڵەمڕەوی خەیاڵی مەولەوی لە عیرفا و ناگاتە ئاسـتی ئەندێشـەو فەنتازیای سـۆزی گۆران بۆ ئەوەی وەکوو ئەوان شیوەننامەیەکت بۆ بنوسم.!

من ئەزانم تۆ لەگۆڕەکەتدا ئارامی، چونکە دڵنیام لەم دنیایەدا، هەمیشـە خاچی خەم و پەژارەی گەلەکەت لە سەر شان بوو .لەم جیهانە پشکی تۆ هەر تێکۆشـــــان و داکۆکی کردن بوو لە خەڵک و نیشـــــتمان. بۆیە دڵنیام ئێســــتا ناوی تۆ لە ســــەر تابلۆی ڕەنگینی نەمران لە هۆبەی سەروەری بە ڕوونی تۆمار کراوە. بەڵام بەڕاستی سوێی سووتێنەری مەرگی تۆ، منی لە بیابانی ئەم ژیانەدا بە گەردەلوولی خەمێکی نەبڕاوە سپارد .

خاڵ... زۆر کارەسـات و ناخۆشـیم بینی، مەرگی ئازیزان، تامی تاڵی و دۆزەخی ڕۆژگار، ســـەردەمی کوێرەوەری، ســـەرەنگرێ بوون، بەڵام ئازاری هیچیان وەکوو ئەم کۆچە ناخهەژێنە، کاری تێنەکردم، داخی بە دڵمەوە نەنا، هەســـت و نەســـتمی نەهاڕی. ..ئاخر تۆ تەنیا مامۆســـتا موحسین نەبوویت، تۆ ڕووبارێکی سۆز و میهرەبانی بویت، تۆ بۆ من ســـــەرکەشــــتر بوویت لە کێوەکان، بەرینتربویت لە پێدەشـــــت و پڕشـــــنگدارتر بوی لە تیشـــــکی خۆرەتاو، خۆشـــــەویســـــتتر بوویت لەخۆشەویستی، گەورەتر بوویت لەگەورەیی!

خالۆ موحســـین: ئەی بەرینترین ئاســـمانی ئەوین و ئەی نەبڕاوەترین تەماشـــای هەمیشـــەیی ناو دیدەم، ئێســـتا پێم بڵێ : چۆن بەرگەی بێ تۆیی بگرم،؟ چۆن مەزەندەی دنیایەک بکەم کە خاڵیە لە بزەو خەندە خەمــاویەکەت، خــاڵییە لەو ڕێکردنە ئــارام و لەســـــەرخۆیەت، لەو میهرەبانی و لێوەشــاوەیەت ؟ ئاخر بەڕاســت خۆ تۆ بۆ من تەنیا خاڵ نەبویت، بەڵکو هاوڕێ و باوک و کۆڵەکە و پشـــتو پەنا بویت. دەزانی تۆ بۆنی ئازاد هەورامیت لێ ئەهات، ئازادیش بۆن و بەرامەی ئارامی هەڵگرتبوو، ئارامیش عەتری کوردســـتان. تۆ لەیەک کاتدا هەم ئەڵوەن، هەم بەمۆ و هەم کۆپری گەورەی خانەقین بوویت، تۆ ئەســـتێرەی گەشــاوەی خانەوادەکەت، چرای چراخانی هاوڕێیان و ڕەونەقی کۆڕی دۆســـتان بویت، تۆ مامۆســـتا موحســـینی بێنازی ناو یەکێتی و خەمهەڵگرەکەی نیشتمان بویت.

من کە بیر لە تۆ ئەکەمەوە، کــاتێ خەیــاڵم پەڕەی ژیــان و ڕابردوت هەڵئەداتەوە، خەریکە لەبری خەم، شــانازی دامئەگرێ، تۆیەک کە بەر لەدایک بوونت باوکت دنیای جێهێشـــتبوو، یەکەم چاوکردنەوەت لەم جیهانەدا بەسـەر دەردەسـەری و نەهامەتیدا بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش، لە نائومێدی و هەژاری و کوێرەوەری ڕۆژگاردا نانی هیوا و ئومێدت درووســـت کرد، تۆ ڕۆژێک ڕێگەت نەدا نەک هەر بەرانبەر غەدری ژیانی خۆت و خێزانەکەت، بگرە میللەتەکەشــت دەســتەپاچە بیت، هەر بۆیەش تۆ لەشـــەســـتەکانەوە لە ڕێ کاکتەوە ســـەعدوللە تەتەری ڕێکخســتنەکانی پارتی بویت لە خانەقین و ســاڵی ١٩٧١ چوویتە ڕیزی کۆمەڵەو بویتە بناغەو کۆڵەکەی کوردایەتییەکی هاوچەرخی خانەقین و هەموو نیشـــتمان و بویت بە ئەندامی چالاکی هەرێمی پێشـــرەو،

دواتریش لەساڵی ١٩٧٩ چەکی پێشمەرگایەتیت کردە شان و توانیت لەگەڵ هاورێکانت چیرۆکی شۆڕش و کوردایەتی بە ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی کوردستان گرێبدەیتەوە، بەڕاستی گەر ناوێک هەبێ شایستەبێت بە بەژن و باڵای جوامێری تۆ، ئەوە ئەبێ بە سیمبوڵی کوردایەتی ناودێر بکرێیت.

چۆن دەستت پێکرد ئاواش سەرت نایەوە، تا دواساتی ژیانت تۆ هەر مامۆستا موحسینە پاک و بێگەردەکەی ساڵی ساڵان بوویت، مێرخاسەکەی شۆڕش و پیاوە بێگەردەکەی دوای ڕاپەڕینش بوویت، تۆ وا درووست بووبوویت کە بەر لەخۆت خەمی ئەوانی ترت بێ، بۆیە هەمیشە تۆ بۆ من کێوێک بویت، تۆ شێخ و منیش دەروێشت، دەی کە تۆ لێرە نیت ئیتر ڕوو لەکامە تەکیەو خانەقا بکەم؟ کامە کۆڕی زیکری دۆستان و کامە کونجی وەفاو پاکیت بۆ بگەڕێم، بەرۆکی کامە ئەستێرەو کەشکەڵانی کام فەلەک بگرم؟ دادم ببەمە بەر عەرشی چ خەم و ناسۆرێکی نەبڕاوە، ئەی مەزنترین خاڵ، ئەی عەگیدترین سواری نەگلاوی سەر پشتی ئەسپی تێکۆشان.

من دڵنیام ڕۆحی پاکت کاتێ هەڵوەری خزایە ناو دڵ و دەروونی من، بینیم و تەواو هەستم پێکرد لەبری ئەوەی لەگەڵ جەستەی شەکەتت بخرێتە گۆڕەوە ڕوحت تک تک ڕژایە ناخی منەوە، لەگەڵ نمە نمەی ئەو بارانەی گڵی سەر گۆڕەکەتی تەڕ ئەکرد، تۆشی زیاتر دائەچۆڕاندە ناخی منەوە بۆیە تامن مابم بەرجەستەی تۆم، ئەی مامۆستا موحسینی خاڵ و هاورێ و باوک و پشتوپەنا، ئەی سۆفیەکەی یەکێتی و باوەر پێکراو و خۆشەویستی مام جەلال و ئەی شۆڕەسوارەکەی کوردایەتی.

لەکۆتایدا، لەم کۆســـت و کۆچە پڕ ســـوێیەدا، لەم ژان و زام و دابڕانە ئەزەلیەدا، لەم پـایزە وەریوەی من و تۆدا ئەڵێم : مـاڵئـاوا خـالۆ فرە بەهرەکەم

ماڵئاوا مامۆستا (موحسین )ی کوردستان و یەکێتی و خانەقینەکەم...

## چی بکرێت؟! لا ٢١٩-٢٢١

## چۆن لەگەڵ بەغدا مامەڵە بکەین؟! لا ٢٢٢-٢٢٧

یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان لەنیوەی یەکەمی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابردوو بۆ چارەســـەری مەســـەلەی کوردســـتان، مافی چارەی خۆنووســـینی خســـتەڕوو، کە دوای ڕاپەڕین کردییە مافی چارەی خۆنووســـین لە چوارچێوەی عێراقدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا دەیزانی لەڕوی واقعی جێبەجێکردنی ئەم دروشـــمە هەمیشـــە بەنـدە بە هەلومەرجە بابەتی و خۆییەکان، بێگومان بەڕەچاوی و هاوسەنگی هێز و چەند فاکتەرێکی دیکەش.

لە کوردســتانی باشــوردا ســەرەتا چارەســەری مەســەلەی کورد بە داخوازی لامەرکەزی دەســـتی پێکرد و ئینجا بە ئۆتۆنۆمی و دواتر بە ئۆتۆنۆمی ڕاســـتەقینە و دوای ڕاپەرینیش بە دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دەگات بە فیدراڵیەت، کە یەک لایەنە جار درا، بەمەش دۆزی کوردســتان بەرەو پێشــچونێکی بەر چاو لە جێبەجێکردنی مافی

چارەی خۆنووسین بەرجەستە دەکات و دەچێتە قۆباغێکی نوێ و جیاوازەوە.

لە سادەترین پێناسەدا فیدراڵیەت بریتیە لە دابەشکردنی دەسەڵاتی ئیداری و دارایی و دیاریکردنی سنوور لە نێوان حکومەتی ناوەندو هەرێمەکاندا، کە بێگومان ئەم دابەشکردن و پێکەوەژیانە لە ڕێگەی دەستورەوە ڕێکدەخرێت، بەو واتایەی بێ بوونی دیموکراسی، فیدراڵیەت بوونی نییە، واتا پێشمەرجی فیدراڵی، بوونی سیستمێکی سیاسی دیموکراسییە.

بێگومان فیدراڵیەت چەند جۆر و چەند فۆرمێکی جیاوازی بەرجەستەبوی هەیە، فیدراڵیەت لەسەر بنەمای نەتەوەیی، لەسەر بنەمای دین و مەزهەب، لەسەر بنەمای ئیداری، بەڵام لەهەموو ئەو فۆرمانەدا خەسڵەتی سەرەکی بریتیە لە دابەشکردنی دەسەڵات و جۆری بەیەکەوەژیانی ئەو پێکهاتانەی لە چوارچێوەی ئەو کیانەدا ئەژین کەئەمەش بابەتێکی هەستیار و هاوبەش و گرنگە.

وەک لە ئەزموونەکانی فیدراڵیەت دەردەکەوێ ئاڵۆزترین جۆری فیدراڵیەت، فیدراڵیە لەسەر بنەمای نەتەوەیی، کە دوو شوناس یان زیاتری نەتەوەیی بڕیار ئەدەن لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بەیەکەوە کار بکەن. لەم ڕوەوە بەڵگە نەویستە کە ئەزموونی دیموکراسی و فیدراڵیەتی عیراق تازەیەو خاوەنی چەندین تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاوازی تایبەت بەخۆیەتی، لەوەش زیاتر دەکرێت بڵێین بارودۆخی سیاسی و حوکمڕانی لە عێراقدا بە جۆرێکە کە ڕەنگە بە ئاسانی و

بەماوەیەکی کورت نەکرێت وا بەئاسـانی سـیسـتەمی فیدراڵی تێدا بەرقەرار بکرێت.

ڕەگی فیـدراڵیەتی ئێمە تەنهـا نـاگەڕێتەوە بۆ کـاتی ڕووخـانـدنی دکتاتۆریەت لە عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، بەڵکو بەشێکی ئەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامەکانی دوای ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ ئەو کاتەی کورد توانی بۆ یەکەمجار ئیدارەیەکی نیمچە سـەربەخۆ بوونیادبنێت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش پاڵپشـتی بکات کەئەمەش بوو بە دەروازەی گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بۆ دروستکردنی عیراقی تازە لە ساڵی ٢٠٠٣، واتە ڕاپەڕین، کۆڕەو، ناوچەی ئارام و دژەفڕین، دواتریش بڕیاری ٩٨٦ نەتەوە یەکگرتوەکان وای کرد کورد کیانێکی جیاواو لە ڕژێمی بەعسی ئەوکات درووست بکات کە بووە بنەمای دیاریکردنی ڕێژەی ١٧% نەتەوە یەگکرتووکان بۆ هەرێمی کوردسـتان لە بریاری نەت بەرانبەر خۆراک.

دوای ڕوخانی سـەدام ئێمە بەسـەر دۆخێکی تەواو جیادا کەوتین، کاراکتەری سـەرەکی ڕوخاندنی ئەو ڕژێمە بووین، بەهێزو پێگەیەکی بەرچاو چووینە بەغدا، سەرەنجام سیستمی فیدراڵیشمان لەدەستوردا چەسپاندو هەرێمی کوردستان بووە قەوارەیەکی دەستوری دانپێدانراو لەعیراقدا، بەڵام لەرووی عەمەلیەوە هەندێ کێشـە و بەربەسـت هاتنە ئاراوە لەوانە :

-لە ڕووی بەرژەوەندی سـتراتیجی ئێمە کوردین و بەشـێکین لە کوردستانی گەورە، عەرەبی عیراقیش بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب

بەهۆی ئەوەی سوننەی عەرەب ئەوکات بەشداری پرۆسەی سیاسی نەکرد، کوردو شـیعە بۆشـایی ئەوانیان پڕ کردەوە و وا هاتە بەرچاو کە ئێمە بەهێزین و پێگەمان پتەوە، لەکاتێکدا لەپیادەکردنیدا تووشـی کەموکورتی و کێشـە هـاتین، بۆ نمونە کـات هەبووە ئێمە وا هەڵسـوکەوتمان کردوە مافمان هەیەو ئەرکمان نییە، تا لەم دووایەدا وەکوو فاکتەری بەهەدەردان و خواردنی پشـک و بەرکەوتە و داهاتی بەشەکانی تری عیراق پێناسەیان کردوین.

خاڵێکی دیکە کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە توانیمان لە ساڵی ٢٠٠٥ هابەشی بکەین لە نوسـینەوەی دەسـتور و بەشـێکی سـەرەکیش بوین لە پەسـەندکردنی، بەڵام لەڕاسـتیدا چەندین مادەی دەسـتوری هەن سەبارەت بە فیدراڵیەت کە پێویستە بەیاسای ڕوون ڕێک بخرێن، ئێمە ئەوانەمان فەرامۆش کردو ئەو یاسـایانە کەگرنگ بوو دەربچن هەر دەرنەچوون، ئەمەش وای کرد شـرۆڤەی سیاسـی جێگەی لێکدانەوەی قانونی و دەستوری بگرێتەوە و سەرەنجام کێشەکان ئاڵۆزتربن.

ڕەنگە لێرەوە پرسـیاری سـەرەکی ئەوە بێت بۆ ئەوکات قەیرانەکان بەو قورسـایەی ئێسـتا سـەریان هەڵنەدا؟ سـەرەرای ئەوەی کە لە سـەرەوە باسـمان کرد ڕۆڵی دەسـتێوەردانی دەرەکی و دەوروبەر بە ڕاسـتەوخۆ ناراسـتەوخۆ بۆ تێکدان و سـەرنەکەوتنی فیدراڵیەت لە عیراق لە ترسـی کێشـە ناو خۆی و نەتەوەیی خۆیان، هۆیەکی تر ئەوەیە تەرازووی هێز لە نێوان ناوەند و هەرێم تێکچوو و لە قازانجی ناوەند شکایەوە.

بەبڕوای ئێمە یەکێک لەهۆکارەکانیش ئەوە بوو کە نەوەیەکی سیاسی ڕەسەن ئەوکات لە کایەکەدابوون، کە خۆیان ئۆپۆزسیۆن و ئەندازیاری ڕوخاندنی بەعسیش بوون، خاوەن ئەزموون و شارەزایی بوون، قوڵایی مێژووی و دەرکی سیاسی پێویستیان هەبوو، وەکوو مام جەلال، کاک مەسعود، کاک نەوشیروان، محەمەد باقر حەکیم، مەحەمەد بەحر العلووم، ئەحمەد چەلەبی، عدنان پاچەچی، ئەیاد عەللاوی، نەسیر چادرچی. ...هتد

ئەمانە سەرەڕای ئەزموون و شارەزایی، خەبات و یادەوەرەکی هاوبەشی مێژووییان پێکەوە هەبوو، ئێستا ئەو یادەوەریە خەریکە کاڵ ئەبێتەوە، بۆیە پێویستە لەبەر ڕۆشنایی ئەم واقیعە تازەیە مامەڵە لەگەڵ عیراق بکەین بە ڕوونی ئەرک و مافەکانمان دیاری بکەین، بۆ ئەوەش ڕێکخستنەوەی ماڵی خۆمان پێشمەرجی هەموو ئەو هەنگاو پێویستانەیە کە لە پێشمانن، بۆشایی نێوان دەسەڵات و خەڵک کەمبکەینەوە، لەکوردستان دەرگا بۆ بەشداری ڕاستەقینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکەینەوە، ناکرێ لە بەغدا داوای سازان و ڕێکەوتن و تێپەڕاندنی قەیرانەکان بکەین، لێرەش پێچەوانەی ئەو داخوازیانە کار بکەین، خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە ئێستا بۆشایی لەنێوان کوردو شەقامی عەرەبی بەتایبەت شەقامی شیعی درووست بووە، پێویستە ئەم بۆشاییە چارەبکەین و وەکوو جاران خاڵە هاوبەشەکان دەستنیشان بکەین، هەوڵیشبدەین بەشێک لە کێشەکانیش هەڵبگرین بۆ کاتێکی تر کە زەمینە لە بار بێت بۆ چارەسەرکردنیان بۆیە پێویستە کورد پێداگری لەسەر سازان و شەراکەت و بەرژەوەندی هاوبەش و شەفافیەت لە مەلەفی نەوت وگاز و گونجاندنی لە گەڵ دەستوور و

نێوماڵی خۆی قایم بکات، کە ئەمەش تاکە ڕێگای بێ چەندوچوونی مانەوە و بەهێزبوونمانە لە عیراق و کوردستان.

## کوردستان لەبەردەم دەرفەت و مەترسیدا لا ٢٢٨-٢٣١

هەڵبژاردنی پێشـــوەختەی عیراق دەکرێت وەکو ســـەرەتای قۆناغێکی تازە ســـەیر بکرێ، بەتایبەت ســـەبارەت بە کوردســـتان رووداو و پێشهاتی نوێی بەدوای خۆیدا هێنا کە مایەی لەسەر وەستانن.

بڕوامان وایە هێزە ســـەرەکییەکان ئەبێ بە وریایەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخی نوێدا بکەن و گۆڕانکاری و چاکســـازی دەســـبەجێ لەئاســـتی ناوخۆیان و ئینجا لە هەرێم دەســـتپێبکەن و ســـیســـتەمی حوکمرانی بگۆرن و خۆیـان ئـامـادەبکەن بۆ رووبـەڕوبوونـەوەی ئـەم قۆنـاغـە هەسـتیارە بەتایبەت بە ئاراسـتەی ئاشـتکردنەوەی خەڵک و جەماوەر، چونکـە کـەمی بـەشـــداری هـاوڵاتیـان لە هەڵبژاردنی پێش وەختی پەرلەمانی عیراق نیشـــانەی نیگەرانی و دوودڵی و نەمانی متمانەی خەڵکە بە سیستمی حوکمڕانی.

لەڕاســـتیدا لێکەوتـەکانی هـەڵبژادن و ئاراســـتـەی دانوســـتـان و دەســـتێوەردانی زیـاتری دەرەکی و غیـابی حکمەتی مـامجەلال و هاوپەیمانێتییەکانیش دەرکەوتێکی ترن کە مایەی نیگەرانی و رەنگە ئـامـاژەی مـەترســـیداریش بن، بۆیە لێکەوتەکـانی ئەم قۆنـاغە پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنیش پێویستە مایەی هەڵوەستە و ڕاچەنین و ڕاچڵەکین و بە خۆداچونەوەیەکی تایبەتی و دەسـتەجەمعی جدی بن ،بە جۆرێک وەلامدەرەوەی پێشـــهات و ئەرکەکانی ئەم ماوە مێژووییە جیاواز و دژوارە بن.

له تازەترین ڕوداویشـــدا بڕیاری دادگای باڵای ئیتحادی دەربارەی یاســای نەوت و گازی هەرێم کە ڕایگەیاند "یاســاکەی هەرێم گونجاو نییە لە گەڵ دەســـتووری عیراق"، لە بەرژەوەندی هەرێم نییە یەکێکی ترە لە تەحەدییەکان وگۆمەکەی بە پێچەوانەی ویستی هەرێم شڵەقاند، بەڵام پێویســـتە دەســـەڵاتی هەرێم بە هێمنی و بە وریایەکی زۆرەوە مامەڵەی لە گەڵدا بکات، نەک کاردانەوەی ســـەرپێی بنوێنێت. بۆیە وا پێویست دەکات هەوڵی جدی و فراوان بدرێت بۆ پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز لە عێراق بە پێی دەستوور بەشێوەیەک کە ماف و ئەرکی هەرێم بە ڕوونی دیاری بکات و گەرەنتی مافەکانی خەڵکی کوردستان بێت و بەروونی پێگەی هەرێمی وەکو قەوارەیەکی دەســـتوری تێدا پـارێزراو بێ.چونکـە بۆ ئێمە روونـە چـارەســـەری کێشـــەکـان بە کەمکردنەوەی دەســەڵاتەکانی هەرێم یان بە دەستێوەردانی حکومەتی ئیتحادی ناکرێت لە کاروباری هەرێم، بەڵکو پێویســـت بە دیالۆگێکی فراوانی گشـتگیر هەیە، چونکە نادیدەگرتنی پێگەی دەسـتوری هەرێم گەورەترین سەرپێچیە لەسەر دەستور.

بۆ هەموو لایەک ئاشـــکرایە گەندەڵی و ناعەدالەتی و نەبوونی ئەمن و ئاســـایش لە ناوچەکانی ژێر دەســـەڵاتی حکومەتی ئیتحادیش زۆرە، دۆخی ژیـان و خزمەتگوزاری و ئاوەدانی لە شـــارەکانی خوارو و ناوەڕاســتی عیراق لە ئاسـتێکی شـایسـتەدا نیە ، ئەوە ســەرەڕای دەوڵەمەندی شـــارســـتانی و فەرهەنگی و ئیداری و ئابووری عیراق بەڵام دیســـان دۆخی ئەوێش ئەوەنیە ئاهی بۆ بخوازرێت، لەم ڕووەوە پەنابردن بۆ بەغدا لەدژی دەســەڵاتدارانی هەرێم هەڵەیەکی گوشـندەیە چونکە (ئەگەر کەچەڵ تیمارکەر بوایە تیماری ســـەری خۆی دەکرد)،

بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ڕەنگە ڕای گشـتی کوردسـتان بەهۆی تورەییان لە هێزە دەســـەڵاتدارەکـان و بەهۆی ئەو نـا عەدالەتی و جیاکارییە حزبییەی هەســـتی پێ دەکەن دۆخەکە بەو شـــێوە ســـەیر نەکەن ، بەتـایبەت گەنجـان و لاوان و توێژی کەمـدەرامەت و فەرمـانبەران و موچەخۆران کە ئەمەش ئاماژەی مەترســـییەکی هەرە ڕاســـتەقینەیە و گۆڕانێکی تەواو دراماتیکە لەتێڕوانینی گشتی بۆ چەمکی کوردایەتی کە ڕوبارێک خوێن و چەند ســـەدەیەک ڕاپەڕین و شـــۆڕشـــی لەپێناودا خوڵقاوە.

لە سایەی ئەم دۆخە تازەیەی کورد ستاندا پێویستەگۆڕانکاری بنەڕەتی و ســـەرانســـەری ئەنجام بدرێ بەتایبەت لە بواری دارایی و ئیداری و ئەمنیدا کە ببێتە مایەی گێڕانەوەی متمانە. لەم پێناوەدا ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو و زەمینە خۆشـکردن لە بەردەم پرۆسـەیەکی پاک و بێگەرد و دانانی یاســـــایەکی نوێی هەڵبژاردن لە لایەن پەرلەمانی کوردســـــتانەوە کە جێگەی ڕەزامەندی دەنگدەران بێت کاری هەرە لە پێشـــە بە جۆرێک پاراســـتنی هەرێم و دەســـکەوتەکانی و ئاشـــتەوایی کۆمەڵایەتی زامن بکات.

هەر لەم نێوەندەدا ڕەنگە یەکێکی تر لە هەنگاوە پێویســـتەکان ئەوە بێ لە پێکهاتەی کابینەی داهاتوو گۆڕانکاری ڕیشـــــەیی و نەوعی بێتەدی بەتایبەتی بەڕێوەبردنی دۆسـیەی وزە و ســامانە ســروشـتییەکان کە گرنگە بەشـێوەیەکی ڕاستەقینە بەدامەزراوەیی و بە نیشـتیمانی بکرێت و بخرێتە چوارچێوەیەکی کۆک لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هەرێم و تەبا لەگەڵ دەستوری عێراقدا.

دواجار دەتوانم بڵێم کوردســـتان بەشـــێوەیەکی ڕەها لەنێوان هات و نەهات دایە، لەنێوان دەروی دەسکەوت و بونی مەترسی ڕاستەقینەیە دایە، بۆیە تۆکمەکردنی ئەزموونی هەرێم لە ناوەوە، پاڵپشـــت بە ڕەزامەندی خەڵک و بەدەستهێنانەوەی دوبارە پشتیوانییان هەنگاوێکی ئێجگار گرنگە، جگە لەم شارێیە، هیچ ئەلتەرناتیڤێکی ترمان لەبەردەمدا نییە، چونکە بێ پشـــتیوانی خەڵک و بەهێزکردنی ئەزموونەکەمان لە ڕێگەی چاکســـازییەکی راســـتەقینە و دیالۆگێکی ئەقڵانی و دواجار ڕێکەوتنێکی هاوســـەنگ و جێگیر لەگەڵ بەغداد ناتوانین قەیرانەکان تێبپەڕێنین و پێگەمان بەهێز بێ لە کوردســـتان و عیراق و ناوچەکە و جیهاندا

## بۆ یەکێتی ئەو عەترەی بەسەر نیشتماندا پرژا لا ٢٣٢-٢٢٧

بیر لەوە دەکەمەوە بۆ یـادی دامەزرانـدنی یەکێتیی نیشـتمـانیی کوردسـتان شـتێک بنووسـم، یادەوەریم ئەمباتەوە سـاڵی( ١٩٧٥ )و نـاچـارم ئەکـات بەراوردێکی سـەیر بکەم لەنێوان دوو ڕووداو، کە جوگرافیایەکی زۆریان بەینە، بەڵام ئاماژە و پەندەکانیان وا دەکەن ئەو بەراوردە لە مێشکی مندا خۆی بسەپێنێت.

سـەرەتای ئازاری (١٩٧٥) شـۆڕشـی ئەیلوول تووشـی شـکسـت و نشـووسـتیەکی کەمەر شـکێن هات، ئەو شـۆڕشـەی ئێرانی شـا و ئەمەریکای ئەوسا پشتیوانی بوون کەچی بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان و بە ڕێککەوتنـامەی شـوومی جەزائیر کۆتـایی هـات، بەڵام لە کۆتـایی مانگی نیسـانی هەمان سـاڵدا، لە ڕۆژهەڵاتی دوور، شـۆڕشـی ڤێتنام بە پشتیوانی چین و سۆڤیەت سەرکەوت و ڤێتنامی باشوور کە ئەمەریکا و ڕۆژئاوا پشـتیوانی بوون کەوت، ئیتر ئەوان وڵاتێکیان ڕزگار کرد و یەکخست کە ئێستا مایەی ئەوەیە شانازی پێوە بکەن.

یرکردنەوەی من لە دامەزراندنی یەکێتی، بیرکردنەوەیەکی عاشـقانەیە، بەوە کۆتایی نایەت تەنیا بیر لە دانایی و پشـووی درێژی ڕابەرێکی بێوێنەی کوردایەتی بکەمەوە، کە لەمەنفا لەگەڵ هاوڕێکانی تۆوی ئومێد و هەسـتانەوەی چاند و کانیا و و جۆگەلەکانی کوردایەتی ناو وڵاتیش بەتایبەت ئامادەسـازیەکانی کۆمەڵە و بزووتنەوە و دەسـتپێشـخەری کـاک ئـارام و کۆمیتەی هەرێمەکـان، ڕووبـاری شـۆڕشـی نوێی دروستکرد، بەجۆرێک وڵات و کوردستانی پاراو کرد ئیتر بۆ بەهاری

ساڵی( ١٩٩١ )گوڵاڵە سوورەکانی سەرکەوتن بەشی زۆری نیشتمانیان پۆشی .

ئەم خەیاڵە خەیاڵێکی بەراوردکاریانەی بێ کۆتاییە، ئەمباتەوە ناو پەیوەندی ئاڵۆزی بەهار و کورد، کە بۆ ئێمە وەرزێکی ئاسـایی نییە، زۆربەی کەوتن و هەستانەوەکانمان لەو وەرزەدان، گەورەترین جەژنی نەتەوەیمان نەورۆز، کە هێمای سـەرکەوتنە، ڕۆژی یەکەمی بەهارە، ئەدەبیاتی کوردی پڕە لە نموونەی بەیەکەوە بەسـتنەوەی بەهار و سەرکەوتن و بوژارنەوەی کوردایەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نشوست و کەوتنەکانیشـمان لە بەهارن، تراژیدیای کیمیاباران و ئەنفال و کۆڕە و هەر لە بەهاردا کونیان کردە جەرگی کورد و کوردسـتان، ئیتر یەکێتیش بە دەرزی و دەزوی خەباتێکی بێ وێنە هەر لەو بەهارەی نووشستی شۆڕشی ئەیلولی تێدا نووسرایەوە، داستانی هەستانەوەی دەسـتپێکرد، تا دواجار هەر لە بەهاریشـدا لە سـاڵی (١٩٩١ )بە ئەندازیاری کاک نەوشیروان و بەشداری کاریگەری هێزی پێشمەرگەی کوردسـتان خەڵکی کوردسـتان ڕاپەری و ڕژێمی بەعسـی ڕاماڵی ولە هەمان کاتدا غروری ڕژێمی دیکتاتۆری دڕندە و سـوپاکەی لەژێر خەیۆەتکەی سەفوان شکا .

من بۆ ئەم یادە نامەوێ باسی ئەدەبیات و ئەزموونی کوردانەی یەکێتی بکەم لە سـاڵی (١٩٧٥)ەوە تائێسـتا، نامەوێ تەنها باس لەو داهێنانە بکەم کە یەکێتی بە کوردایەتی و بە چەمکی شـۆڕش و هەسـتانەوەی بەخشـی، نامەوێ باسـی تاقە ئەزموونی ناو مێژووی کورد بکەم کە خەبات و تێکۆشان و شۆڕشی بەسەرکەوتن بەستەوە، بۆ یەکەم جار

شەرەفی بوونیاتنانی ئەو پردەی پێ برا کە لە ژێردەستەییەوە کوردی پەڕاندەوە بۆ سەربەخۆیی. لێرەدا کە باسی مێژووی یەکێتی و هەستانەوە و شۆڕشی نوێ ئەکەم بێگومان نکوڵی نییە لە خەبات و ڕۆڵی هیچ لایەن و هێزێک، من دەمەوێ زیاتر لەو دەمار و ڕایەڵە ئاڵۆزانە ورد ببمەوە کە لەناو کەوتن و هەرەسەوە، خوێنی بەرخۆدان و بەرگریان دەگواستەوە، چۆن لە هەویری بێ هیوایەوە نانی ئومێدیان بەرهەم ئەهێنا! بەتایبەت ئەو سەردەمە ئێمەی ئەندامانی کۆمەڵە لە بەهاری تەمندابووین لە چوارچێوەی (هەرێمی باوەڕ کە دوای ناو نرا هەرێمی پێشڕەو)ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە خۆمان ڕێکخستبوو، ڕەنگە حەماسی شۆڕشگێڕانەمان ڕێی ئەوەی پێنەدابین زەبری ئەو غەدرە زۆرە وەکوو خۆی ببینین، کە لە بەهاری( ١٩٧٥)دەرحەق بە کورد کرا، چونکە هەر زوو سەرمەستی ئەو فەزا تازەیە بووین کە کۆمەڵە لە چوارچێوەی یەکێتیدا درووستی کرد، ئەو فەزایەی کە هەزاران گەنجی وەکوو ئێمەی وا لێکرد لەجیاتی ئەوەی (باوەش بە ئەژنۆی بێئومێدیدا بکەین) ڕوومان لە خەونی هەستانەوە و سەرکەوتن کرد، بەشانازیەکی گەورەشی دەزانم کە ئەو کاروانە منی کردە هاوڕێ و هاوخەباتی چەندین تێکۆشەری دانسقەی کوردایەتی.

دوای ئەو هەموو ساڵە بیر لەوە دەکەمەوە کە ئێستای کوردستان و یەکێتی وەکوو تەونێک بەدەست و پەنجەی هەزارەها شەهید و خەباتکار، زیندانی سیاسی و پێشمەرگە و ڕێکخستن بەرهەمهاتووە، بۆیە پێموایە بەرپرسیارێتی نەوەی تازەی یەکێتی بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە، چۆن پارێزگاری لە کولتووری سیاسی و سەروەریەکانی ڕابردوو ئەکەین و بە کەرەستە و بیرو شێوەی تازەی خەبات

موتوربەی ئەکەین و حوکمڕانی دادپەروەر و خۆشـــگوزەرانی بۆ ڕۆڵەکـانی وڵات بنیـاتـدەنێن و چۆنیش یەکێتی وەکوو درەختی هەرە ســەوزی کوردایەتی و بەرهەمدار و خزمەتگوزار بۆ خەڵک مەیســەر ئەکەین. ئاخر یەکێتییەکان ئەبێ بزانن ڕەگی خەبات و تێکۆشـان ئاو و خۆراک دەبەخشــێتە گەڵا و لقەکانی ئەو درەختەی کەناوی یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتانە، ئەو ڕەگە بەهێزەیە وا ئەکات سـایەو سـێبەری یەکێتی فراوان و ئـاوەدان بێـت،چونکە دەوترێـت ئەوەی بـاش مێژوو بخوێنێتەوە، مێژووش ئایندەیەکی باشـــی بۆ مســـۆگەر دەکات، بۆیە پارێزگاری لەو سەروەتە شۆڕشگێریەی ڕابردوو، کە خاڵە شەهاب و هاوڕێکانی بە (کەم ژیان و کەڵ ژیان) دەســـتیان پێ کرد و ئارام و عەلی عەسـکەری و ڕێبوارانی تری کوردایەتی پەرەیان پێداو بەخوێنی خۆیـان پـاراویـان کرد، بەرپرســـیـارێتیەکی گەورەیە.ئەبێ بزانین یەکێتیەکەمان حزبی ڕەنگێک و قۆناغێک و شارێک نییە .

یەکێتی بە هێزی ڕەنجدەرانی بیر بازوو تێدەکۆشـێ لە پێناو ئازادی و مافی مرۆڤ و مافی چارەیخۆنووسـین بۆ خەڵکی کوردسـتان، یەکێتی ئەو عەترە دەگمەنەی کوردایەتییە، کە مـام جەلال و هـاوڕێکـانی درووســـتیان کردو دواتر بەســـەر دێهات و شـــار و تەواوی خاکی نیشتماندا پرژا .

لەیاد( ٤٦) ساڵەی یەکێتی و( ٤٥ )ساڵیادی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێدا پێویسـتمان بە زیندوکردنەوەی زیاتری خەسـڵەت و شـوناسـی یەکێتی هەیە کە داهێنەری شـــێوە خەبـات لە چوارچێوەی کـاری هـاوخەبـاتی و هـاوپەیمـانی بوو، بۆ ئەوەی هەردەم یەکێتی هێزی

گۆڕانکاری و تێکۆشـان بەهەموو ڕەنگ و تایبەتمەندیەکانیانەوە بگرێتە خۆ، لە ڕابردووشدا بینیمان چۆن یەکێتی بە ڕابەرایەتی مام جەلال بەم داهێنانە لە هەلومەرجێکی یەکجار دژواردا شـــانبەشـــانی هێزەکانی تر کاری گەورەی کرد .

ئەمڕۆ یەکێتی لە هەموو کات زیاتر پێویســـتی بەتۆخکردنەوەی ئەو شـــووناســـە هەیە کە هەمووان بەیەکەوە ئەرکی بەرپرســـیارێتی ئەم قۆناغەش بگرینە ئەستۆ و بەرێزگرتن لە سـەرەوەریەکانی ڕابردوو و تۆکمەکردنی ئێســتامان، داهاتووی میللەتەکەمان مسـۆگەر بکەین و لە ئاســـت چاوەڕوانی و متمانەی خەڵک و کەســـوکاری شـــەهیدان و تێکۆشەرانمان بین.

# ژانی ٢٠٢٠ و ژوانی ٢٠٢١ لا ٢٣٧-٢٤١

ســـاڵی ٢٠٢٠ بۆ ئەوانەی تەمەنێکیان هەیە و ڕاســـت و چەپی خۆیان جیادەکەنەوە، یەکێکە لە ساڵە شووم و نەگریسەکان، دنیای پێشکەوتوو و دواکەوتووی خســـــتە بەردەم یەک چارەنووســـــی نادیار، هەموو مرۆڤایەتی خســـــتەوەژوورەوە، ئەمە وای کرد مرۆڤ تۆزێک وردتر بەدیار خۆیەوە دابنیشـــێت و بە ڕابردوو و یادەوەری خۆیدا بچێتەوە، منیش بەهۆی دانیشـــتن و خۆ کەرەنتینەکردن لەماڵەوە، ناچار کەوتمە کۆکردنەوەی دڵۆپ دڵۆپی شـەونمی مێشکم، پێش ئەوەی ببن بە هەڵم یان شۆڕببنەوە بۆ ژێر بنجە گیاکانی زەمەن و ڕەنج بەخەسار بم لەو دڵۆپە شـــەونمانە مەرەکەبی ڕەش و شـــین و جاروباریش ســـوور پەیدابوو و چەند لاپەڕەیەکم ڕەنگا و ڕەنگ کرد، وەکوو سەرەقەڵەمێک بۆ نووســـینی یادەوەرییەکانم پێش ئەوەی مێشـــکم لە کار بکەوێ و تاقەتی بیرکردنەوەی نەمێنێت!

بۆیە وتم ڕەوای حەق نییە ســـی بۆ چل ســـاڵ لەمەوبەر باس بکەم و باسـی سـاڵی ٢٠٢٠ نەکەم کە ئێسـتا لە ناویدا سـەر گەردان و وێڵین. ئەم ساڵە کاریگەریی زۆری بەسـەر هەموو جیهان بەگشـتی و بەسـەر کوردسـتان بەتایبەتی هەیە، سـاڵەکە هەر وەکوو سـاڵەکانی دیکەیە لە ڕووی پێوانە و پەیوەندی بە خشـــتەی ســـاڵنامەکان و (زەمان و مەکان)ەوە، بەڵام ڕووداوەکانی جیاوازن جیاوازییەکانیش بەندە بە ژیانەوە.

گەورەترین و کاریگەرترین ڕووداوی سـالّی ٢٠٢٠ بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ بوو لەجیهاندا کە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی تێک و پێک داوە لە ڕووی تەندرووستی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە شـیرازەی زۆر شـتی پچڕاندووە و هەموو دنیای تووشـی شـۆک کردووە. بۆ ماوەیەکی زۆریش کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو کارەساتە دەمێننەوە. ئەم بەڵایە جیاوازی نێوان هەژار و دەوڵەمەند لەنێوان باڵەخانەکانی کەشـکەڵانی فەلەک و خانووە قوڕ و تەنەکەکانی لێواری شارەکان ناکات، وەک دەڵێن، کەمێک دەس لە منداڵ و ژنان دەپارێزێت.

هەر یەکەو لێکدانەوەی تایبەتی خۆی بۆ ئەم ڤایرۆسـە هەیە، ئەم دەڵێت، ئەمە کاری چینە و بۆ دژایەتی ئەمریکایە و ئەو دەڵێت، ئەمریکا و ئەوروپایە بۆ لەناوبردنی پیر و پەککەوتەکانی وڵاتەکانیانە، ئەمەی دیکە دەڵێت، غەزەبی خوایە بەسـەر فسـق و فەسـادی سـەر زەمین، ئەوەی تریش دەڵێت، ئەمە تۆڵەی سرووشتە دژ بە دڕەندەیی مرۆڤ.

سـەرەڕای کۆرۆنا لافاو و گەردەلوول و بوومەلەرزە و سـووتانی جەنگڵستانەکان و جەنگی ناڕەوا و کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە و خنکانی خەڵک لە دەریای ئیجە و سووتاندنی بارەگای حیزبی و بنکەی حکومی و کوشتنی خۆپیشاندەران و هەڵبژادنی سەیروسەمەرە...هتد

لە کوردسـتانی غەدرلێکراو و دابەشـکراودا سـالّی ٢٠٢٠ سـەرباری پەتای کۆرۆنا، سـالێکی پڕ نەهامەتی و دەردەسـەری زیاتر بوو. لە لایەک بێ مووچەیی، بێکاری و بڵاوبوونەوەی هەندێ دیاردەی نامۆ و ترسـناک و لەدەسـتدانی ژمارەیەکی زۆر لە ئەزیزان و بێ متمانەیی خەڵک بە دەسـەڵات، لە لایەکی دیکەوە درووسـتبوونی کێشـە و

گیروگرفت لەنێوان لایەنە سەرەکییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و بە لاکەوتنی تەرازووی هێز بە قازانجی نەیارەکان، بێجگە لە دەستتێوەردانی دەوروبەر بە شێوەی جیاجیا و فراوان لە کار و باری ناوخۆی کوردستاندا.

بەهۆی هەموو ئەمانەوە باری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەمان خەریکە لە گرێژەنە دەردەچێت و مەترسی گەورەش لە سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان و فدراڵییەتەکەمان درووست بووە، دۆستمان کەم و دوژمنمان زۆر بووە، بەشێکی بەهۆی سیاسەتی ناڕاست و درووستی سەرکردایەتیی سیاسیی خۆمانە، لە جیاتی دەسەڵاتی دەوڵەتداری، دەسەڵاتی حیزبی زاڵکرا، لە جیاتی کوردستانی سەرتاسەری ناوچەگەری و عەشیرەتگەری، لە جیاتی یەکتر قبوولکردن سەنگەر لە یەکگرتن زاڵکراوە.

وا ساڵی ٢٠٢٠ سەری خۆی هەڵدەگرێت و جارێکیتر نایبینینەوە، بەڵام مەخابن کاریگەری و دەرئەنجامی ڕووداوەکانی بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ ماوەیەک دەمێنێتەوە. ساڵی ٢٠٢١ش لەبەردەرگایە و بە بێ ئیزن و ئیرادەی ئێمە ساڵێکی دیکەی تەمەنمان دەخوات.

گرنگە دوای نەهامەتییەکانی ساڵی ٢٠٢٠ ئەزموون وەربگرین و ناخ و بیرکردنەوەمان بگۆڕین، ڕەفتار و گوفتارمان گوزارشت بن لە نوێبوونەوەیەکی ڕاستەقینە، چەند پێویستە لە ساڵی تازەدا واز لە جوانکاری و ڕتووشی عەیبەکانمان بێنین و دەست بخەینە سەر برینەکانمان و هەوڵی جیدی بدەین بۆ ئاشتبوونەوەی کۆمەڵایەتی و درووستکردنەوەی متمانە و سەقامگیرکردنی یەکسانی، سەروەریی

یاسا و مسۆگەرکردنی ئازادی سیاسی و مەدەنی و کارکردن وەکوو عیبادەت و فەلسەفەی ژیان بێت.

ئای چەند جوان و پیرۆزە ئەگەر لە ساڵی تازەدا ببینین ڕاوکەر کرێکار بێت، خۆشبەخت جووتیار، پاڵەوان پێشمەرگە، مەلا فارووق بە سەوڵەجانەکەیەوە مامۆستا، ئەیوب مجێوری مزگەوت، مەلاحەیدەر جامباز، بەندەش کارگوزاری قوتابخانەیەکی سەرەتایی بێت، وا بکەین خەڵکی شیاو بۆ شوێنی شیاو بێت، پۆست ئەرک بێت نەک پاداشت، ئاسایشی گشتی قایم بکرێت و ئاسایشی شەخسی و تایبەتی کەم بێتەوە.

چەند خۆشە لەپاڵ ڤاکسینی کۆرۆنا، ئێمەش ڤاکسینی عەدالەت و خزمەتکردنی خەڵک و چارەسەری کێشە و کەموکورتییەکان بەرهەمبێنین و دەسەڵاتی هەرێم پێبکوتین، وابکەین بە کردەوە ساڵی تازە ساڵێکی خاڵی بێت لە ناخۆشی و نەهامەتی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان.

## له دەروازەی مێژوودا لا ٢٤٢-٢٤٥

مێژوو تەنیا تۆمارکردن و گێڕانەوەی ڕووداو و بەســـەرهاتەکان نییە، بەڵکو مایەی پەند و دەرس وەرگرتنە، دۆزینەوەی ڕێگەچارەی قەیران و ڕێگریە لە دووبارە کردنەوەی هەڵەکان، بەڵام پێناچێ وەکو پێویست مرۆڤ لە مێژووی دورودرێژی خۆی فێربووبێت، چونکە هەمان هەڵەو هەمان گرفت لەفۆڕم و چوارچێوەی جیا دوبارە دەبنەوە.

ئەوەی لێرەدا دەماخاتەوە ســـەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوە لە رابردوو، دۆخی ئێســـتای کوردســـتان و تەشـــەنەکردنی قەیران و کێشـــەی جۆراوجۆرەکانە ، گەرمبوونەوەی ململانێ و ناکۆکیە لەســـەر حسـابی گونجان و پێکەوەهەڵکردن، لەکاتێکدا کە پێویستی زۆرمان بە سازان و یەکخستنی هێزو توانای خۆمانە بۆ ئەوەی بەرگەی دۆخی قورسی پڕ لـــە قـــەیران و تـــەنگژەکـــانی ئێســـتـــا بگرین و تێپـــانپەڕێنین. لەڕاســـتیدا گەر یەک دەنگ و یەک دەســـت بین دەرفەت و ئاســـۆی فراوانمان لەبەردەمە، دەســـکەوتەکانیشـــمان زۆر لەوە زیاتردەبێت کە ئێستا لەسەری ناکۆکین و خۆمان و خەڵکیشی پێوە نیگەران و دڵتەنگ دەکەین.

لە ســـەرەتای ســـاڵی (١٩٩٥) وەفیق ســـامەرایی کە یەکێک بوو لە کەســـایەتیە گرنگەکانی رژێمی ســـەدام، بەهۆی نائومێدی لەو رژێمە رایکرد و خۆی گەیاندە کوردســـتان ، دوای گەیشـــتنی بۆ ســـلێمانی ســـەردانی کاک نەوشـیروانی کرد و منیش لەو دانیشـتنە ئامادە بووم بەداخەوە ئەو کات شەری نەگریسی ناوخو لە ئارادا بوو ومەترسیش

له سـەر ئەزمونە فیدراڵیەکەمان هەبوو... پرسـیاری کرد : ئەو شـەڕە لەسـەر چییە؟ کاک نەوشـیروان هۆکارەکانی شـەڕەکەی باسـکرد و ئاماژەی بە گومرگی ئیبراهیم خلیل کرد، وەفیق سـامەڕایی کۆمێنتێکی زۆر جوانی لەسەر ئەو خاڵە خستە ڕوو گوتی( ئێوە بۆ ئاشت نابنەوە، لەبری شـەڕی خۆکوژی ، بۆ هەوڵ نادەن ڕژێمی سـەدام بڕوخێنن کە پارەی یەک رۆژی نەوتەکەی بەساڵێکی ئیبراهیم خەلیله)

کاک نەوشیروان وتی بڕۆ قەناعەت بە مام جەلال و کاک مەسعود بکە.

ئێستا لەسـایەی ئەم دۆخە سـیاسـیە گرژو ئاڵۆزە و بونی مەترسـی دەرەکی هەمان ئەو رسـتانەی وەفیق سـامەراییم بەخەیاڵدا دێنەوە کە بەشـەکەتی لەداقوقەوە و بە پێ خۆی گەیاندبووە لەیلان ئینجا کەلار ، پێڵاوەکانی هەلاهەلا بوون ، دوای گەیشـتنی کاک عوسـمانی حاجی محمود لە ماڵی دۆسـتێکی خۆی دەیبینێ و جوتێ پیێڵاوی بۆ تەرتیب دەکات و لە گەڵ خۆی دەیهێنێ بۆ سـلەیمانی و دواتر رەوانەی لای مام جەلالی دەکات لە هەولێر.

ئەو پیاوە لە ئێمە باشـتر نرخی ئەو ئازادی و رزگاربوون لە رژێم دکتاتۆریەت دەزانی کە ئێمە بێباکانە لەتمان کردبوو، ئامۆژگاری دەکردین بۆ رێکەوتن و کۆتایی هێنان بەشـەڕو ناکۆکی کە سـوپاس بۆ خوا دوای چەند سـاڵێک کۆتایی بە شـەری خۆکوژی هات و ئاشـتی بەرقرار بوو و بووین بە بەبەشـێکی کاریگەر لە روخاندنی رژێمی بەعس و دامەزراندنی عیراقی تازە لە سەر بنچینەی سازان و شەراکەت و بۆ یەکەم جار لە مێژووی عیراقدا کوردێک (مام

جەلال) ببێت بە سەرۆک کۆماری عیراق و پێی بوترێت سەمامی ئەمانی عیراق و بووین بە خاوەنی فیدرالیەت بە پێی دەستور و دابینکردنی لە (١٠٠/١٧) بوجەی عیراق ئیتحادی بۆ هەرێمی کوردستان کە مانگانە زیاتر لە ملیارێک دۆلار بوو.

لەم نووسینە مەبەستم نییە بڵێم ئێمە لەبەردەم هەڕەشەی شەڕێکی تردابن بەقەد ئەوەی مەبەستمە بڵێم پێویستمان بە تەباییە نەک پەرتبوون، ناکۆکی و جیاوازیەکان هەر چەند بن بایی ئەوە نین گرژی دروست بکرێ و خەڵک دووچاری دڵەراوکێ و نائومێدی ببێ.

ئێمە ئەمڕۆ پێویستە خۆمان روبەڕوی بەخۆداچونەوەیەکی رەخنەگرانە بکەینەوە، دواتر خاڵە ناکۆک و کۆکەکان جیا بکەینەوە، ئینجا میکانیزمی چارەسەری خاڵە ناکۆکەکان دەسنیشان بکەین و بڕیاری لەخۆبوردوانە بدەین، چونکە ئەگەر کێشەکانی ناوخۆی خۆمان چارەسەر بکەین و دادپەروەری و حوکمی رەشید بەر قەرار و متمانەی خەڵک مسۆگر بکەین و پەیوەندی دروست و بەپێ دەستور لە گەڵ بەغدا جێبەجێ بکەین ئەو کات ئەتوانین بە سەربەرزییەوە خزمەتێکی باش بە خەڵک و کوردستان بکەین و روحی شەهیدەکانمان شادبکەین لەڕاستیدا ئەگەر لۆژیک زاڵ بکەین وەک گوتمان ئەوەی لە پێشمانە زۆر لەوەزیاترە لەوەی ئێستا لە پێناویدا خەریکە حیسابی بۆ دەکەین.

## ٢٣ساڵ پێش ئێستا هەیکەل چی بە مام جەلال وت؟ لا ٢٤٦-٢٤٩

لە میسر دڵە زیندووەکەی عەرەب، سەرچاوەکان دووپاتی دەکەنەوە ژمارەیەک لەنێودارەکانی سیاسی و ئەدەبی و هونەری ئەم وڵاتە، بە ڕەچەڵەک کوردن، ڕەنگە هەر بەم هۆیەشەوە بێت پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و میسر بەهێزبووە تا ئەو ڕادەیەی کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان) لە میسر چاپ و بڵاوکراوەتەوە و یەکەم ڕادیۆی کوردی لەوێ پەخشکرا و یەکەم دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت هەرلەوێ پێشوازی لە سەرکردایەتیی سیاسی کوردستان کردووە.

لە ئایاری ساڵی ١٩٩٧لەسەر بانگهێشتی حکومەتی میسر، شاندێکی باڵای یەکێتی، بە سەرۆکایەتیی هەڤاڵ مام جەلال و بە ئەندامێتی هەریەک لە (دکتۆر فوئاد مەعسووم، عەدنان موفتی، مستەفا سەید قادر و بەندە) سەردانی قاهیرەی کرد، سەردانەکە چەند ڕۆژێکی خایاند، بێجگە لە کۆبوونەوە فەرمی و باڵاکان، بە حوکمی قوورسایی مەسەلەی کوردستان و ناو و ناوبانگی هەڤاڵ مام جەلال، زۆر لە دەزگاکانی دەوڵەت و کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو وڵاتە شاندەکەیان بینی، لەوانە: شێخی ئەزهەر و محەمەد حەسەنەین هەیکەل و ئەحمەد حمرووش و نەبیل زەکی و دکتۆر ڕەفعەت سەعید و زەکریا محێدین و چەند کەسایەتییەکی دیکەش وەکوو ئەحمەد حەبووبی و بابەکر پشدەری کە ئەوکات سەرۆکی ڕێکخراوی کاری عەرەبی بوو سەردانی مام جەلال و شاندەکەی کرد. هەر لەو سەردانەدا، بڕیاری کردنەوەی

مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی لە قاهیرە درا و کاک عەدنان موفتی دەستنیشانکرا و بووە یەکەم نوێنەری باڵای یەکێتی لە قاهیرە، کە بە حەق، خەیرلئیختیار بوو، دواتریش جێدەستی دیاربوو لە ماوەی نوێنەرایەتیدا لە ئەوێ.

هەیکەل، نیوەڕۆخوانێکی بۆ مام و شاندەکەی لە ماڵی خۆیان لە دەرەوەی قاهیرە سازکرد، باخ و ماڵەکەی زۆر جوان و دانسقە بوو، خۆشی زۆر بە ئەتەکێت و بە بایەخ و میواندۆست بوو، بە قسەوباس و شیکردنەوەکانی مام جەلال دانیشتنەکە زۆر گەرموگوڕ بوو، میوانداریەکەش شاهانە بوو، چەند کاتژمێرێکی خایاند، مام زیاتر قسەی دەکرد ئەویش تێبینییەکانی خوی دەنووسی، دواجار مام وتی: پێمانخۆشە ئێمەش گوێ لە ئامۆژگارییەکانی تۆ بگرین، هەیکەل لە وەڵامدا وتی: ئەستەغفوروڵا خۆت سەیدولعارفینیت، بەڵام دەتوانم چەند تێبینییەک بخەمەڕوو-:

١- پەیوەندی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسیی عەرەبی باشە و جەنابتان ڕۆڵی باشتان لەم بابەتە بینیوە، پێویستە بەردەوام گەشە و پەرەیپێبدەن.
٢- پەیوەندیتان لەگەڵ ئێران جائز و پەسندە، بەهۆی سنووری هاوبەشی دوورو درێژی نێوانتان، بەڵام دەبێت تورکیا لەیاد نەکەن، پێویستان بە تورکیا دەبێت بۆ مسۆگەرکردنی پشتیووانی ئەوروپا، چونکە تورکیا لە لێواری ئەوروپایە و هەوڵ دەدات بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپاوە (ئەمە بۆ تورکیای ئەوکاتەبوو) .
٣- لەم کاتەدا کە خەریکی ڕووخاندنی (رژێمی سەدام )ن زۆر باسی

سیستەمی دیموکراسی مەکەن بۆ ئێراق، لەبەر ئەوەی دەوروبەرتان قبوولّیان نییە و لێی دەترسن و دژایەتیتان دەکەن و لەژێرەوە کاری لە دژ دەکەن و ناهێڵن سەربکەوێ، چونکە خۆیان دیموکراسی نیین، زۆر زەحمەتیشە لەم هەلومەرجەدا دەوڵەتێکی دیموکراسی لە جەنگەڵستانێکی وەها درووست ببێت.

٤- کارێکی باش دەکەن بایەخ بە پتەوکردنی پەیوەندییەکانتان لەگەڵ میسر وەکوو حکومەت و دامودەزگای ڕۆشنبیری و میدیایی و ئایینی دەدەن بۆ درووستکردنی ڕای گشتی عەرەبی بۆ مەسەلەی کورد. بۆچوونەکانی هەیکەل لەو ڕۆژگارەدا زیاتر بۆ ئاستی دەرەوە بوو، شاندەکە و بەتایبەتی هەڤاڵ مام جەلال بۆچوونەکانی هەیکەل-یان بەرز نرخاند و بە بایەخەوە وەرگێڕا، لەدوای تەواوبوونی میواندارییەکە مام دیارییەکی تایبەتی پێشکەشکرد کە لە خوێندنەوەی پەڕتووکی (مدافع ایات الله) بۆی دەرکەوتبوو.

ئێستا دوای ٢٣ ساڵ و گۆڕانکاری زۆر لە کوردستان و ئێراق و ناوچەکە و دونیا هاتووەتە ئاراوە، بەڵام ئاخۆ ئامۆژگارییەکانی ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسە نێودارە بۆ ئەمڕۆی کوردستان و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی ئێستاش ناشێن.

## ساڵی ٢٠٠٢ بایدن چی پێ وتین و ئێستا چۆن مامەڵە ئەکات؟

## لا ٢٥٠-٢٥١

هەڵبژاردنی جۆ بایدن بەسەرۆکی ئەمریکا یادەوەریەکی بەر لە ڕوخاندنی ڕژێمی سەدامی بیرخستمەوە، لەمیانەی ئامادەکاری بۆ لێدانی ڕژێمی ئەوسای عیراق، لەڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٧ لە هاوینەهەواری سەلاحەدین وەکوو وەفدی هاوبەشی یەکێتی و پارتی، لەگەڵ جۆ بایدن کۆبووینەوە، کەئەوکات بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کۆنگرێس بوو. وەفدی یەکێتی بەسەروکایەتی کاک بەرهەم و بەندەش بەشدار بوو وەفدی پارتی بەسەرۆکایەتی کاک نێچیرڤان بوو،لەکۆتایی کۆبوونەوەکە و باسوخواسەکان، من پرسیارێکم لە بایدن کرد، لێم پرسی لە شۆڕشی ئەیلولەوە تا ساڵی ١٩٧٥ بەگەرمی پشتیوانیتان لە کورد کرد، بەڵام دوایی لەبەر خاتری ڕژێمی ئەوکاتی ئێران پشتتان لە ئێمەکرد, ئەی ئێستا ئەمریکا تاکوێ پشتیوانی لەکورد دەکات، ئایا ئەم جارەش لەبەر خاتری تورکیا پشتمان تێناکات؟ تورکیا ئەو کات هەندێ مەرجی هەبوو بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس.

بایدن زۆر بەراشکاوی وەڵامی دامەوە، وتی: ئەمریکا نکوڵی لە ڕەوایی مەسەلەی کورد ناکات، تائەو شوێنە پشتیوانی سەرڕاستی کورد دەبێت کە خاوەن سیاسەتێکی عەقڵانی و مەنتەقی بێت، بایدن وتی خۆ ئەگەر کورد کەرکوک دەکاتە پایتەختی کوردستان، ئەوا لەمە ئەمریکا

پشـــــتیوانیتان لێ ناکات و لەگەڵتان نابێت، بۆیە بایدن ئەو نمونەیەی هێنـایەوە چونکە وەک یەکێتی و پاراتی، دوای ڕێکەوتنی واشــــنتۆن، پڕۆژی دەسـتورێکمان ئامادەکردبوو، لەوێدا کەرکوک وەکوو پایتەختی کوردســــتان دانرابوو. بیرمە دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکە کاک نێچیرڤـان پێیوتم دەســــت خۆش، پرســـــیارێکی زۆر گرنگت کردو وەڵامێکی ڕونیشمان وەرگرتەوە.

ســـەرۆک بایدن کۆتایی مانگی یەکی ســـاڵی داهاتوو بەرەســـمی وەک ســەرۆکی ئەمریکا دەســتبەکار دەبێت، دڵنیام شـارەزایی و ئەزمونێکی زۆری سەبارەت بەعیراق و کوردستان بەگشتی هەیە، بەڵام ئاخۆ لەم پۆســـتە گرنگەدا هەمان بۆچوونی هەیە و ســـەرکردایەتی ســـیاســـی کوردیش ئێسـتا بەروونی سـیاسـەتی خۆی گونجاندوە لەکەڵ عەقڵ و مەنتقدا....!؟

## خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ١٦ی ئۆکتۆبەر لا ٢٥٢-٢٥٥

دڵۆپەی شەونم گریانی گوڵە

لێزمەی باران گریانی ئاسمانە

ڕووباری سیروان گریانی کوردستانە

١٦ی ئۆکتوبەریش خۆی گریانە

لە مێژووی نوێماندا ١٦-١٠-٢٠١٧ دواهەمین کارەسات بوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێراق بە گشتی و لایەنی شیعەی دەسەڵاتدار بەتایبەتی بەسەر کورددا هات، بەڵام جیاوازییەکی زۆر جەوهەریشی لەگەڵ ستەم و غەدرەکانی پێشوو هەیە، چونکە دۆستەکانی دوێنێمان لەکاتێکدا هێشتا کفنەکەی هەڤاڵ مام جلال زەرد نەبووبوو کە (صمام الامان) ی ئێراق بوو بە هەمان سیاسەتی ڕژێمە دیکاتۆرەکان کارەساتێکی دیکەیان دژ بە کوردستان ئەنجام دا.

١٦ی ئۆکتۆبەر کارەسات و تاوانێک بوو دژ بە میللەتە ستەمدیدەکەمان، لەم ڕۆژەدا بە ڕوونی هەڵوێستی ڕاستەقینەی بەشێکی شیعەی عەرەب دەرکەوت و ماسکی درۆزنانەیان بەرانبەر بە ئەزموونی فیدراڵی لە کوردستان داماڵدرا کە چۆن ئەوان لە سەردەمی حوکمڕانی و دەسەڵاتدا بێ بەڵێن و بێ وەفا دەرچوون و چاکەی کورد و بزووتنەوەکەیان لەبەرچاو نەبوو، بەناوی زۆرینەی پەڕلەمانی و لە ڕێگەی حکومەتی مەرکەزیی و ڕاگەیاندنی چەواشەکاری دەستیان

خستەناو دەستی هەندێک لە شۆڤێنی سوننەی عەرەب بۆ دژایەتیکردنی خەڵکی کوردستان کە لە سەردەمی شۆڕش و بەرهەڵستکاریی چەندین یارمەتیی و پشتیووانی و هاوکاری شیعەی کردووە، لەم ڕووەشەوە هاوخەباتی و هاوپەیمانیی نێوان کورد و شیعە وەک دوو پێکهاتەی زوڵملێکراوی ئێراق، مێژوویی بووە.

لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس، بەتایبەتی سەرۆک مام جلال زۆر هەوڵ و کۆششی کردووە بۆ بەهێزکردنی پایەکانی پێکەوەژیان و سازان و پێدانی پێگەی بەهێز بە شیعەی هاوخەبات لە دامەزراوە تازەکانی ئێراقدا. لەدوای سەرهەڵدانی داعش و پەرەسەندن و سەرکەوتنی لە زۆر ناوچەدا کە خەریک بوو لە کازمیە، نەجەف و کەربەلا نزیکببنەوە. بە هاوکاری هەموو لایەک تێکشکێندران، بەڵام دوای شکستی داعش و ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی بە هاوکاری هاوپەیمانان و پشتیووانی و یارمەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سوپای ئێراق و حەشدی شەعبی ، بەداخەوە دەسەڵاتدارانی ئێراق لەبری سوپاس و پێزانین و پێشکەشکردنی یارمەتیی و هاوکاری بۆ کوردستان، هەلی گشتپرسییان قۆستەوە و وەکوو ئەوەی هەنگیان لە کونی داردا دۆزیبێتەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی هاوپەیمانییەتی و دۆستایەتی، بە دەبابەی ئەبرامزی ئەمریکی و بە سەرۆکایەتی عەبادی و بە سەرپەرشتی و پشتیووانی دەرەکی پەلاماری کوردستانیاندا، لە ئەنجامیشدا ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستان لە هەرێمی کوردستان دابڕا و ژمارەکی زۆری پێشمەرگەی کوردستانیش شەهیدبوون، بەمەش ئەو ناوچانە دیسانەوە کەوتنەوە ژێر دەستی زوڵم و ستەمی

هەندێک لایەنی شـــۆڤێنی عەرەب و دووبارەبوونەوەی ســـیاســـەتی بەعەرەبکردن و تەهجیری شـــۆڤێنییەکان دەســـتی پێ کردووە، ئەمە ســـەرەڕای ســـەپاندنی ســـزای دارایی و ئابووری و ئیداریش بەســـەر هەرێمی کوردستان.

لە ڕاســـتیدا ڕیفراندۆم مافێکی ڕەوایە و ڕێگەیەکە بۆ جێبەجێکردنی ئاشـــتییانەی مافی چارەی خۆنووســـین، بەڵام کاتێک بێ ڕەچاوکردنی تەرازووی هێز و بەبێ گوێدان بە ئامۆژگاری دۆســـتان و هەڕەشـــەی دوژمنان، وەک کورد تاکلایەنە ڕیفراندۆممان ئەنجامدا، ئەوا وێڕای ڕەوایەتی مافەکە و ســـەروەرییەکی مێژوویی، میللەت دەنگی خۆی گەیاند و دوژمنەکانیش گورزی خۆیان وەشـــاند و ســـتەمی ڕۆژگاری لێکەوتەوە.

لە ســـەروبەندی ئەم میحنەت و کارەســـاتەدا، بەداخەوە لایەنە ســـەرەکییەکانی هەرێمیش لەبری یەکڕیزی جارێکی دیکە کەوتنە ناو دۆخی ململانێی سیاســـیی توندوتیژ و تۆمەتبارکردن و هێرشـــکردنە ســـەر یەکدی، لە جیاتی برین ســـاڕێژکردن، تێزابڕێژی برینە کۆن و تازەکان کرا، دەرئەنجام بەمەش خەڵکی کوردســـتان زەرەرمەندی یەکەم بوو، ئەوان بەم پەلامارە دڕندانەیە دوو نیشـــانیان شـــکاند؛ ناوچەیەکی زۆریان بە هێز لە ئێمە وەرگرتەوە، لە لایەکی دیکەش تۆوی ناکۆکی و دووبەرەکییەکی قووڵیان لەناوماندا چاند.

ئێســـتا دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بەســـەر ئەو ڕووداوەدا، ئەرکی ڕاســـتەقینەی لایەنە سیاســـییەکانی ســـەر گۆڕەپانی کوردســـتان لەم قۆناخە سەختەدا، دانانی نەخشە ڕێگەیەکە بۆ چارەسەرکردنی هەموو

کێشـــەکان و دەربازبوون لەم قەیرانەدا، ئەوەش خۆی لە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و یەکدەنگی هەموو لایەنە سیاسییەکان ئەبینێتەوە، لە ڕێگەی کۆبوونەوەی فراوان و بەشـــداری پێکردنی زیاتری خەڵک لە پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەڵسـەنگاندنی زانسـتی و واقعی بۆ دۆخی ئێستای هەرێم و دەستپێکردنی چاکسازی ڕاستەقینەی ئیداری و دارایی و ئابووری و سیاسی و شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بە شێوەی لامەرکەزی بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێراقی ئیتحادی لە چوارچێوە دەستووردا، کە مافە ڕەواکانی کوردستان لە دابەشکردنی زەوی و دەسەڵات و داهات و تەواوی شایستەکانی مسۆگەر بکات.

یادی مامۆستا موحسین لا ٢٥٦-٢٥٨



خوشک و برایانی ئازیز

ئێوارەتان باش

هەمووومان لێرە بۆ بە ڕز ڕاگرتنی ساڵیاد و یادە وە ڕی مامۆستا موحسین کۆبووینە تە وە، بەناوی کەسوکار و هاوڕێ و دۆستانی مامۆستا موحسینەوە بەخێرهاتنێکی گەرمتان دەکەین. سوپاس بۆ ئامادە بوون و ماندووبوونتان.

بۆ من ئاسان نییە لە ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا موحسیندا قسە بکەم، چونکە ئەو.. بۆ من هەم خاڵ و هەم باوک، لە وانە ش زیاتر هاوڕێیە کی دڵسۆزی بە ندە بوو.

بۆیە نازانم لە کوێوە دە ست پێبکە م و باسی کام وێستگەی بیرەوەرییەکانم بکەم لەگەڵ مامۆستا موحسین؟ باسی منداڵی و کارە ساتی هەتیوکەوتنمان و بێبەش بوون لە سۆز و خۆشەویستی باوک، دواتریش بارگرانی ژیانی بێباوکی، یان ڕۆژگاری مقاوەمەت و

بەرهەڵستکاری ڕژێمی بەعس و ڕێکخستنی کۆمەڵە و هەرێمی پێشڕەو و ڕێکخراوی هەڵۆی سوور یان باسی دەردەسەری و هەستکردن بە نا دادپەروەری لە ژیانی سیاسیدا؟

لە ژیانی خۆمدا زۆر پلە و پێگەی سیاسی و ئیداریم بینیوە، بەڵام لای من هیچیان بە قە د ئە وە گە ورە و پیرۆز نە بوون کە پێیان دەوتم خوشکەزای مامۆستا موحسینە!

ئاخر ئەو. . بۆ من سـایە و سـێبەر و سـەرچاوەی ئیلهام و فێربوون بوو، خاڵێک بوو بە بەرزیی بەمۆ، تێکۆشـەرێک بوو بە هیمەتی هەڵۆی سوور، هاوڕێیەک بوو بە بۆنی ئازاد هەورامی.

هە ڕچەندە مامۆســتا موحســین پلەوپایەی شــایســتە بە خەبات و ماندووبوون و بەهرە و ئاستی ڕۆشنبیری خۆی وە ڕنە گرتبوو، بەڵام هەرگیز بۆڵەبۆڵ و سـکاڵای نە دەکرد چونکە باوەڕی بە خۆی هەبوو، پلە و پایی لا مەبەســـت نەبوو، خە می گە ورە ی ئەو بەرژەوەندیی کوردســـتان و یەکێتی و گەلەکەی بوو، بۆیە بە دڵنیایە وە ئە توانم لە بە ڕدە می ئێوە ی بەڕێزدا ناوی بنێم سـە ڕبازی ونی ڕاسـتە قینە ی یەکێتی و کوردایە تی.

ئەو.. فرە بەهرە و چرای چراخانی هاوڕێکانی بوو

ئەو. . خوێنەری حافزی شیرازی و سەیاب و مەحوی و مەولەوی بوو.

ئەو.. شارەزای مەقامات کوردی و وتنی گۆرانیی ئەلاوەیسی بوو.

ئای کۆرۆنای نەگریس چەند ئازیز و هاوڕێمان گڵپۆش کردیت.

ئامادە بوانی بە ڕێز!

تۆماری ژیانی مامۆستا موحسین تۆماری تێکۆشان و خۆڕاگرییە ، تۆماری پشوودرێژیە.. لە ژیانیدا تا فشار و نە هامە تییە کان زیاتر بووبن، ئەو خۆڕاگرتر و بە هیمە ت تر بووە.

مامۆستا موحسنیش وەکوو (ڤان کۆخ) بلیمەتی وێنەکێشی هۆڵەندی ناو و پێناسەی شارستانی خۆی نە بوو، بە ڵکو هیی برایەکی پێش خۆی بوو کە مردبوو، بۆیە نە ناو و نە ڕۆژی لە دایکبوونی هیی خۆی نەبووو، وە ک ئاشکرایە ئەمە بۆ ڤان کۆخ بووە مایە ی خەمۆکی، بە ڵام بۆ مامۆستا موحسین بووە مایە ی لێبووردە یی و لێوبەخەندەیی.

ئێستا بە سە ربە رزییە وە ئە ڵێم مامۆستا موحسین تاجی سەروەری و سە ربڵندی بۆ خانەوادەکەی جێهێشت، وەکوو وەفایەک بۆ ئەو شارەی کە لە دڵی مامۆستا موحسیندا چەکەرەی کردبوو و بۆ ئەوەی ڕوحی شاد بێت، ئێمە وەکوو خانەوادە ئەو تاجە پێشکەش بەشارە بێنازەکەی خانەقی دەکەین بۆ ئە وە ی خە ڕمانی سە ڕوە ڕییە کانی بچنە سە ڕ شاخە ڕمانی سە ڕوە ڕی و شانازییە کانی خانە قین.

له کۆتاییدا دەڵێم: مەرگ و ژین بە میسلی سێبەر و تاوە... ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە.

هەزار سڵاو لە ڕوحی پاکی مامۆستا موحسین و گشت شەهیدانی ڕێگەی کوردایەتی، عومری درێژیش بوو هەرسێ چرای ژیانی مامۆستا موحسین و سەنا خان.. کاکە ئەلەند و سۆما و سۆز.

دووبارە بە خێربێن و سوپاس بۆ ئامادە بوونتان.

## سەبارەت بە هاوپەیمانییەتی یەکێتی و گۆڕان لا ٢٥٩-٢٦٠